

رۆژهات ئامەدی سیاسەتمەداری باکووری کوردستان بۆ گوڵان:

# پەکەکە بەرنامەی تاران و شام و بەغدا جێبەجێ دەکات و شەڕەکانیشی لە سەر داوای ئەوانە نەک بۆ خزمەتی پرسی کورد

**بارودۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بوونی میحوەربەندیی جیاواز، کاریگەری لە سەر کۆی پرسەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و دیارە ئەم میحوەربەندییە کاریگەری لەسەر هێز و لایەنە کوردستانییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانیش هەیە، بۆیە لەو کاتەی سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵی خستۆتەگەڕ بۆ سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی، بەڵام هەست دەکرێت هەندێك هێز و لایەن بە وەکالەتی ئەم لا و ئەو لا هەموو هێزی خۆیان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دروست بکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە بەگشتی و پرسی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ سیاسەتمەداری باکووری کوردستان رۆژهات ئامەدی ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** بارودۆخی ئێستای ناوچەکە لەسەروبەندی وەرچەرخانێکی گەورەدایە، کوردستان فرسەتێکی گەورەی بۆ هاتۆتەپێشەوە بۆ ئەوەی لەم وەرچەرخانەدا بەشێك لە خەون و ئاواتەکانی بێتەدی و دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دابمەزرێت. ئایا پێویستە کورد چۆن لەم وەرچەرخانەدا کاربکات و چۆن پشتیوانی سەرۆك بارزانی بین بۆ ئەوەی خەونی نەتەوەییمان کە دەوڵەتی کوردستانە بێتەدی؟**

- لە سیاسەتی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، فاکتەری سیاسەتی جیهانی لە هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکی ناوچەکەدا زۆر گرنگە، بۆیە ئەگەر فاکتەری نێودەوڵەتی لەگەڵ زرووفی کوردستان نەگونجێت، ئەوا بە تەنیا فاکتەری خودی کورد بەس نییە، لێرەوە ئەگەر سەیری ١٠٠ ساڵی رابردوومان بکەین، دەبینین لە دوای شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی فاکتەری جیهانی لە بەرژەوەندی کورد نەبووە، بۆیە وەك بینیمان ئێمە سەرنەکەوتین. لە ساڵی ١٩٧٥ فاکتەری خودی کورد لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی فاکتەری نێودەوڵەتی زۆر بەهێزتر بوو کە دژایەتی کوردی دەکرد، بۆیە وەك بینیمان سەرنەکەوتین، بەڵام لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد، بارودۆخێکی تازە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و لە بەرژەوەندی کورد هاتەئاراوە، هەربۆیە لە ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵی رابردوودا کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی لە بواری سیاسی و ئابووری بەدەستهێناوە، بە بڕوای من ئێستا کوردستان گەیشتۆتە قۆناخێك کە توانیویەتی بۆ جیهانی بسەلمێنێت، کوردیش وەك تەواوی گەلانی ناوچەکە توانای خۆبەڕێوەبردن و حوکمڕانی هەیە، لەمەش زیاتر ئەگەر سەیری کۆی تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بکەین، بێجگە لە ئیسرائیل و تا رادەیەکیش تورکیا، کوردستان تەنیا ناوچەیە کە دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی باش سیستمی دیموکراتی پیادە کردووە و تیایدا سەرکەوتوو بووە، ئەم واقیعەی باشووری کوردستانیش بۆتە راستیەك و هەموو جیهان دەیبینێت، جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە کورد هەقی خۆیەتی خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی بێت، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، لەمەشدا فاکتەری نێودەوڵەتی لە ئێستادا پشتیوانی لێدەکات، لەناو ئەم هاوکێشەیەدا سەرۆك مسعود بارزانی تەنیا داکۆکی لە باشووری کوردستان ناکات، بەڵکو داکۆکی لە کوردی پارچەکانی دیکەی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانیش دەکات، بۆیە زۆر گرنگە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە لەم قۆناخە پشتگیری لە سەرۆك مسعود بارزانی بکەن، ئێمەش وەك لایەنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان پشتیوانی تەواو لە هەوڵەکانی کوردستانی باشوور دەکەین.

*** بەڵام قورسایی گەورە لە ئێستادا کەوتۆتە سەر باشووری کوردستان، ئایا تاچەند یەکڕیزیی نێوماڵی کورد لە باشووری کوردستان بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی گرنگە؟**

- هیچ کەسێك وەك بەڕێز سەرۆك بارزانی و هیچ لایەنێك وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کوردستان لە هەوڵدا نییە، سەرۆك بارزانی هەوڵیداوە بە هەر نرخێك بێت یەکڕیزی نێوماڵی کورد بپارێزێت، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستاندا، هەر بۆ نموونە لە کاتی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین مانگ پێکهێنانی ئەم کابینەیان دواخست، تەنیا لەبەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان لە پێکهێنانی حکومەت

**جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر هەوڵیدا کە چیدیکە پەکەکە وەک پێشان توندوتیژی بەکار نەهێنێت و هەوڵبدات بە شێوەیەکی سیاسییانە مامەڵە لەگەڵ پرسەکە بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو پەکەکە لە لیستی تیرۆر نەمێنت، بەڵام بەداخەوە پەکەکە زیاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە درێژە بە توندوتیژی بدات**

**هیچ کەسێک وەک بەڕێز سەرۆک بارزانی و هیچ لایەنێک وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێوماڵی کوردستان لە هەوڵدا نییە**

**سەرۆک مسعود بارزانی تەنیا داکۆکی لە باشووری کوردستان ناکات، بەڵکو داکۆکی لە کوردی پارچەکانی دیکەی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانیش دەکات، بۆیە زۆر گرنگە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچە لەم قۆناخە پشتگیری لە سەرۆک مسعود بارزانی بکەن، ئێمەش وەک لایەنە سیاسییەکانی باکووری کوردستان پشتیوانی تەواو لە هەوڵەکانی کوردستانی باشوور دەکەین**

**کورد دەبێت بڕیاری خۆی بدات، ئایا رازییە بەوەی پەیەدە نموونەی کۆریای باکوور دووبارە بکاتەوە، یان دەیەوێت رۆژئاواش نموونەی کۆریای باشوور دووبارە بکاتەوە کە ئێستا لە باشووری کوردستان پیادە دەکرێت**

**سیاسەتی پەیەدە بەو ئاراستەیە نییە کە نوێنەرایەتی کورد بکات، بۆیە ئەگەر بیەوێت وەک حزبێکی کوردستانی سیاسەت بکات، ئەوا دەبێت بڕوای بەوە هەبێت کە لە رۆژئاوای کوردستان حزب و لایەنی دیکەش هەن، دەبێت سەیری باشووری کوردستان بکەن، کە چۆن بە تەنیا لایەنێک حوکمڕانی ناکات**

بەشدار بن. بێگومان ئاشکرایە لە سیستمی دیموکراتی دەتوانرێت چەند حزبێك ببنە زۆرینە و حکومەت پێکبهێنن، بەڵام بارودۆخی کوردستان لەو قۆناخەدا و لە ئێستاشدا لە هەموو شتێك زیاتر پێویستی بە یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان هەیە، بۆیە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان لە حکومەتدا بەشداری بکەن.

*** دیارە بنەما و فەلسەفەی رێبازی بارزانیی نەمر، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کوردە، بێگومان لە هیچ قۆناخێکیش وەك ئەم قۆناخەی ئێستا پێویستمان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نەبووە، لەم حاڵەتەدا کە جۆرێك لە پەرتەوازەیی لە نێوماڵی کورد دەبیندرێت، ئایا چۆن هەموومان لە دەوری رێبازی بارزانی کۆببینەوە بۆ ئەوەی دووبارە یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان دروست بکەینەوە؟**

- رێبازی بارزانی لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا، ئامانجی پاراستنی یەکڕیزیی کورد بووە، بۆیە قسەکردن لە سەر یەکڕیزی لە چوارچێوەی رێبازی بارزانیدا شتێکی تازە نییە و لە زەمانی شێخ عەبدولسەلام تا دەگاتە شێخ ئەحمەد و پاشانیش مەلا مستەفا بارزانی، لەسەر بنەمای یەکڕیزی و پاراستنی یەکڕیزی دامەزراوە و خەباتی کردووە، بۆیە لێرەدا ناکرێت تەنیا وەك پارتییەك، یان تەنیا پارچەیەکی کوردستان، سەیری رێبازی بارزانی بکرێت، بەڵکو پێویستە وەك نەتەوە و تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان سەیری بکرێت و پیادە بکرێت، بەداخەوە هەندێك لایەنی سیاسی و زۆربەی رۆشنبیران و ئەکادیمییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان وەك خۆی لە رێبازی بارزانی تێنەگەیشتوون، بۆیە نەیانتوانیوە خزمەتی یەکڕیزی نەتەوەیی بکەن و ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن. لەوانەیە ئەم قسەیە لای زۆر کەس وەك شتێکی نامۆ سەیر بکرێت، بەڵام من بە قەناعەتەوە دەڵێم، زۆربەی رۆشنبیرانی کوردستان وەك کورد هەنگاو هەڵناگرن و لە چوارچێوەی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بیر ناکەنەوە، هەر بۆ نموونە لەوانەیە بۆ رۆشنبیرێکی باشووری کوردستان رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، زۆر گرنگتر بێت لە رێککەوتنی نێوان کوردی باشوور و کوردی باکوور، یان رۆژئاوا، یاخود رۆژهەڵات، لە باکووریش رۆشنبیرانی لەو جۆرە زۆرن، ئەوەندەی رێککەوتنی نێوان چەپی کورد و چەپی تورکیایان لاگرنگە، ئەوەندە رێککەوتنی نێوان کورد و کوردیان لا گرنگ نییە، ئەم حاڵەتە لەبەر ئەوەیە ئەو رۆشنبیرانەی باکوور بە ئەقڵییەتی چەپەیاتی و ستالینیزم و کەمالیزم بیردەکەنەوە، بەشی زۆری رۆشنبیرانی کوردی رۆژهەڵاتیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کەلتووری تاران، لەمەدا دەبوو رۆشنبیرانی باشوور باشتر بیریان بکردایەتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەی سەدەیەکە بەشی هەرە زۆری شۆڕشەکان لەم بەشەی باشوور بووە، بەڵام دیسان کاتێك دەبینین رۆشنبیرێکی باشوور رێککەوتنی هەولێر و بەغدای لا گرنگترە، ئەوا تێدەگەین کە رۆشنبیرانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کەلتووری تاران و شام و بەغدا و ئەنکەرە، ئەم ئاراستەیە خزمەت بە کورد ناکات، بەڵام دیسان دەڵێم بۆ شانسی نەتەوەی ئێمە ئەوەی جێگەی گەشبینییە ئەوەیە کە میللەت گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە رێبازی بارزانی دەتوانێت کورد بگەیەنێتە کەناری ئارام و سەرخستنی پرۆسەی سەربەخۆیی.

*** دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا، خواستی هیچ کورد و کوردستانییەك نەبووە، ئەمە قەدەری ئەو غەدرەیە کە لە کورد کراوە، هەر بۆیە ئەم دابەشکردنەش واقیعێکی فەرزکردووە بەوەی نەتوانرێت کێشەی کورد لە هەرچوار پارچە بە یەك بۆچوون مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەمە نابێت رێگە لەوە بگرێت لە نێوان هەموو حزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکە لێکتێگەیشتن و هاوکاریکردن هەبێت، بۆ ئەم لێکتێگەیشتن و هاریکارییە، ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، بەڵام پەکەکە کاری ئەم کۆنگرەیەی پەکخست، ئایا بۆچی پەکەکە بووە ئاستەنگ بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی؟**

- ئەم پرسە تا دوارادە گرنگە، لەبەر ئەوەی کێشەی کورد لەو چوار وڵاتەی کوردستانی بەسەردا دابەش بووە، کێشەی ئەو چوار وڵاتەشە، هەروەك چۆن لە باشوور و رۆژئاوا کێشەی کورد، کێشەی نێوان کورد و عەرەبە، ئەوا لە رۆژهەڵاتیش کێشەی نێوان کورد و فارسە و لە باکووریش کێشەی نێوان کورد و تورکە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم کێشەیە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و کێشەی رۆهەڵاتی ناوەڕاستیش واتە کێشەی هەموو جیهانە، بۆیە دەبێت ئێمە بەو جۆرە سەیری ئەم کێشەیە بکەین، بەڵام وێڕای ئەم راستییەش ئێمە وەك کورد کاتێك لە هەر پارچەیەك هەنگاو هەڵدەگرین، ئەوا دەبێت چ لە باکوور بین، یان باشوور، یان رۆژهەڵات، یان رۆژئاوا دەبێت وا بیربکەینەوە کە هیچ جیاوازییەك لە نێوانماندا نییە، خەباتی هەر پارچەیەکی کوردستان کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەشی دەبێت، بۆیە

لـەم چوارچێوەیـەدا ڕێککەوتنی نێوان کورد و کورد زۆر گرنگـە، هـەر بـۆ نموونـە لە باشـووری کوردسـتان ٢٠ سـاڵ پێش ئێسـتا کێشـەی شـەڕی ناوخۆییمان هەبوو، بـەڵام دەرکـەوت ئەم شـەڕە، ئەو شـەڕە نەبـووە کە کورد دژی کورد دروسـتی کردبێت، بەڵکو ئەو شـەڕە، شەڕی وڵاتـی ئیقلیمی دەوروبەری کوردسـتان بـووە، هەر بۆیە کاتێـك کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هاتنە بەینـەوە و کورد دەروازەی بۆ جیهان بۆ کرایەوە، کورد تۆزێك حەسایەوە. لێرەوە ئەگـەر بگەڕێینـەوە سـەر کۆنگـرەی نەتەوەیـی، بیرکردنـەوە لە گرێدانی کۆنگـرەی نەتەوەیی لەو کاتەوە دەسـتی پێکـرد، کـە پێوەندی جۆراوجۆر لـە نێوان لایەنە سیاسـییەکانی هـەر چوارپارچەی کوردسـتاندا دروست بـوو، بـەڵام کە کۆنگرەی نەتەوەیی دەسـتی بەکارەکانی خۆی کرد، هەندێك وڵاتی ئیقلیمی دەستێوەردانیان کرد، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی پەکەکـە هەوڵبـدات لە ناو کۆنگرەی نەتەوەیی خۆی فەرز بکات و لە هەڵبژاردنی سـەرۆکی کۆنگـرەی نەتەوەیی پێداگیری لە سـەر ئەوە کـرد کـە وەك لایەنـی سـەرەکی و بنەڕەتیـی کۆنگرەکە خـۆی بسـەپێنێت، بێگومـان ئەمـەش لـە لایـەن پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ڕەتکرایـەوە، بۆیـە ئامانجـی پەکەکـە دروسـتکردنی کۆنگـرەی نەتەوەیی نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر پەکەکە ئـەو ئامانجـەی هەبوایـە، هەوڵـی نەدەدا خۆی بەسـەر هەموو لایەکدا فەرز بکات و کۆنگرەی نەتەوەیی بکاتە کۆنگرەی خۆی و هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان لـە ژێـر کاریگـەری ئەو بن و سیاسـەتی ئـەو جێبەجێ بکـەن، واتـە ئامانجـی پەکەکـە تەنیـا ئـەوە بـوو خۆی بسـەپێنێت و لە ژێر ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی و هەموو هێزە سیاسییەکان بکاتە پاشکۆی سیاسیەتی خۆی.

*** ئەگەر سەیری ڕەوشی ئێستای باکووری کوردستان بکەین، هەست دەکەین شەڕێکی نەخوازراو لە شارەکانی باکوور درێژەی هەیە، ئاشکرایە کێشەی کورد لە باکوور پێویسـتی بە چارەسـەری سیاسـی هەیە و بە شێوازی سەربازی چارەسەر ناکرێت، بێگومان لە ساڵانی ڕابردوو زەمینەیەك ڕێکخرا بۆ ئەوەی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشـتی کێشـەی کورد لە باکوور چارەسەر بکرێت، بەڵام پەکەکـە دەسـتی بە شـەڕ کـردەوە، ئایا دروسـتبوونەوەی ئـەم شـەڕە لـە باکـوور تـا چەنـد زیانی لە چارەسـەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور داوە؟**

- ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لە سـاڵی ١٩٦٥ پارتەکەمـان دامـەزراوە و بەرنامەی ئێمە کاری سیاسـی بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسـەری سیاسی بۆ کێشـەی کورد، بەڵام حکومەتی ئەو کاتی کۆماری تورکیـا زۆر زوو هاتـە سـەرمان، یەکەمیـن سـەرکردەی پارتەکەمـان کـە فائیـق بوچـاك بـوو، دوای سـاڵێك کوشـتیان، دوای دوو سـاڵی دیکە هەموو سەرکردایەتی پارتییان زیندانی کرد، پاشان کە لە باشووری کوردستان توانـرا ڕێککەوتنـی ئـادار لەگەڵ بەغدا ئیمـزا بکرێت، حکومەتـی ئـەو کاتی تورکیا دەسـتبەجێ هەموو ئەندام و لایەنگیرانـی ئێمەیـان زیندانـی کرد، دوو سـەرکردەی دیکەی پارتیمان سـەعید ئاڵچی و د.شڤان-یان کوشت، لـە سـاڵی ١٩٧٧ لـە لایـەن مەهەپـەوە (گورگەکانـی تورکیـا) یەکـەم کـەس کـە کـوژرا شـەهیدی ئێمـە بوو، ئەمانە هەمووی پێش دامەزراندنی پەکەکە بوون، دوایی کە پەکەکە دروست بوو، شـەڕی چەکداری ڕاگەیەندرا، بـەڵام ڕاگەیاندنی شـەڕی چەکـداری لەلایەن پەکەکەوە لـە بەرامبـەر دەوڵەتی تورکیا نەبـوو، بەڵکو ڕاگەیاندنی شـەڕی چەکـداری لەلایەن پەکەکـەوە دژی هەموو هێزە کوردییەکانی باکووری کوردسـتان بوو، بۆیە ڕاشـکاوانە دەڵێم: هیچ ڕێکخراوێك، یان حزبێکی کوردستانی باکوور نییـە (هـەر لە پارتـی دیموکراتی کوردسـتانی تورکیا-وە تـا دەگاتـە پارتەکانی ڕزگاری، سوشیالیسـت، کاوە، پێشـەنگ، ئـاڵای ڕزگاری و هەمـوو ڕێکخراوەکانـی دیکـەش) هیـچ لایـەك نییە بە دەسـتی پەکەکـە ئەندام و لایەنگیـری نەکوژرابێـت، دیارە ئەمەش سیاسـەتێکی زۆر هەڵە بووە، بەڵام بەداخەوە ئەم سیاسـەتە هەڵەیە تا ئێسـتاش بەردەوامییـان پێداوە، لەمەش زیاتر کە ئێسـتا مەسـەلەی کـورد گەیشـتۆتە قۆناخێکـی زۆر گەورە و گرنـگ و هەمـوو جیهـان باس لە مافـی کورد دەکات، هەموو دنیا داوا دەکات کە کورد واز لە شەڕی چەکداری بهێنێت و خەباتی سیاسـی بکات، بەڵام پەکەکە سـوورە لەسـەر ئەوەی شـەڕی چەکداری بکات، ئەمەش ئێستا بمانەوێـت، یـان نەمانەوێت، ئـەوە واقیعـی بارودۆخـی باکووری کوردستانە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەو شەڕە بـۆ بەرژەوەنـدی کـورد نییـە و پەکەکـەش ئەو شـەڕە لە پێناوی کورد ناکات، بەڵکو ئەمە شـەڕی تاران و شـام و بەغدا و مۆسـکۆیە و پەکەکە بە وەکالەتی ئەوان ئەو شـەڕە دەکات، ئـەو دەوڵەتانە داوا لـە پەکەکە دەکەن ئەو شەڕە بکات، پەکەکەش ئەو داوایەیان بۆ جێبەجێ دەکات، ئەمـە لـە کاتێکدایـە هەمـوو جیهانی ئـازاد داوا دەکات پەکەکە شـەڕ ڕابگرێت. بۆیە پرسـیار ئەوەیە پەکەکە بۆ سـوورە لە سـەر شەڕەکە؟ بێگومان لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ لـە نـاو جیهانی ئـازاددا ڕێبـازی بارزانـی نوێنەرایەتی کورد لە جیهاندا دەکات، بۆیە لە بەرامبەردا مۆسکۆ و تاران و شـام و بەغدا دژی ڕادەوەسـتنەوە و ئەوە قبووڵ ناکەن، هەر ئەمەش وایکردووە پێوەندی باشوور و پارتی

**هەموو ئەو خەڵکانەش کە لایەنگیری پەکەکەن و سۆزیان بۆ سەربەخۆبوونی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، پشتگیری لە سەرۆک بارزانی دەکەن، لەبەر ئەوەی دەزانن بەرنامەی پەکەکە کە داوای کانتۆن دەکات، خزمەتی بەرنامەی نەتەوەیی ناکات، بۆیە لە پەکەکە دوور دەخەونەوە**

**ئێستا لە ڕۆژئاوا پرسی فیدراسیۆن هاتۆتەئاراوە، ئەوەش واتای وایە مەسەلەی کانتۆن کۆتایی پێهاتووە، بەڵام ئەو فیدراڵییەتەی پەیەدە داوای دەکات، هیچ پێوەندییەکی بە کورد و کوردستانەوە نییە و ناوی لێنراوە فیدراڵییەتی باکووری سووریا، ئەمەش مانای ئەوەیە لای پەیەدە ناوی کورد و کوردستان بوونی نییە**

**هیچ ڕێکخراوێک، یان حزبێکی کوردستانی باکوور نییە (هەر لە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا-وە تا دەگاتە پارتەکانی ڕزگاری، سوشیالیست، کاوە، پێشەنگ، ئاڵای ڕزگاری و هەموو ریکخراوەکانی دیکەش) هیچ لایەک نییە بە دەستی پەکەکە ئەندام و لایەنگیری نەکوژرابێت**

> **لە باشووری کوردستان ٢٠ ساڵ پێش ئێستا کێشەی شەڕی ناوخۆییمان هەبوو، بەڵام دەرکەوت ئەم شەڕە، ئەو شەڕە نەبووە کە کورد دژی کورد دروستی کردبێت، بەڵکو ئەو شەڕە، شەڕی وڵاتی ئیقلیمی دەوروبەری کوردستان بووە**

> **هەندێک لایەنی سیاسی و زۆربەی رۆشنبیران و ئەکادیمییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان وەک خۆی لە رێبازی بارزانی تێنەگەیشتوون، بۆیە نەیانتوانیوە خزمەتی یەکرێزی نەتەوەیی بکەن و ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکەن**

دیموکراتی کوردستان لەگەڵ تورکیا پێوەندییەکی باش بێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە تورکیا تەنیا دەروازەیە بۆ جیهانی ئازاد و مەدەنی، ئێمە ناتوانین بە رێگەی تاران و شام و بەغدا و موسکۆ خۆمان بگەیەنینە جیهانی ئازاد و مەدەنی، تەنیا یەك رێگەمان لە بەردەم ماوە کە ئەویش ئەنکەرایە، ئەوجا پێمان خۆش بێت، یان ناخۆش بێت، تەنیا ئەو دەرگایەمان هەیە، راستە تورکیا ئاستەنگی زۆری بۆ کورد دروست کردووە، بەڵام ئێستا ئێمە دەتوانین لە سەر یەك مێز لەگەڵیان دابنیشن و دەتوانین پێیان بڵێین ئێمە فیدراسیۆنمان دەوێت، یان سەربەخۆییمان دەوێت، بۆیە ئەو شەڕەی ئێستا لە باکوور هەیە، نەك تەنیا بۆتە کێشە بۆ کورد و تورکیا، بەڵکو بۆتە ئاستەنگێکیش بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان.

*** ئایا تاچەند ئەم شەڕە بووە هۆکاری ئەوەی هەدەپە لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەر رێژەی دەنگەکانی بێتە خوارەوە؟**

- ئەوەی گرنگ و جێگەی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو کە یەکەمجار بوو هەدەپە بتوانێت ٨٠ پەرلەمانتار بنێرێتە پەرلەمانی تورکیا، هەروەها یەکەمین جاریش بوو کە هێزێکی کوردی بەو ئاستە قورسایی خۆی لە پەرلەمانی تورکیا پیشانبدات، دیارە لەسەر ئەم سەرکەوتنە هەندێك لایەن پێیان ناخۆش بوو کورد ئەو قورساییەی لەناو پەرلەمانی تورکیا هەبێت، پەکەکە پێی خۆش نەبوو، هێزێکی ئاوای لە ناو پەرلەمانی تورکیا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو هێزە لە پەرلەمان هەبوایە، ئەوا قەندیل دەکەوتە پەراوێزەوە، واتە ئەگەر ئەو هێزە سیاسییە لە ناو پەرلەمان بوونی هەبوایە ئەوا قەندیل هیچ رۆڵێکی نەدەما، بێجگە لە قەندیل لایەنی دیکەش هەبوون کە پێیان ناخۆش بوو، بەتایبەتی چەپەکانی تورکیا کە هیچ کات نەیانتوانیوە وەك هیزی چەپی تورکیا بوونیان هەبێت، بۆیە پێیان ناخۆش بوو لایەنێکی کوردی ئەو قورساییەی لەناو پەرلەمانی تورکیا هەبێت، هەروەها لەسەر ئاستی وڵاتانی ئیقلیمیش دیسان دەستێوەردان هەبوو، نەیاندەویست کە هەدەپە بە رێگەی چارەی سیاسی لەگەڵ ئاك پارتی پرۆسەی ئاشتی بەڕێوەبەرن، دیارە هەدەپەش لە ژێر ئەم گوشارانە سوور بوو لەسەر ئەوەی رێککەوتن لەگەڵ ئاك پارتی نەکات، بەڵام لە بری ئەمە قەندیل و چەپی تورك و دەستێوەردانی دەوروبەر وایکرد هەدەپە کەوتە دوژمنایەتی ئاك پارتی و ئەو فرسەتەیان لە دەستدا. دوای ئەمەش کە هەڵبژاردنی پێشوەختە دووبارە کرایەوە، دەرکەوت ئەو سیاسەتە چەند شاش بوو، بۆیە ژمارەی کورسییەکانی هەدەپە لە ٨٠ کورسییەوە هاتە خوارەوە بۆ ٥١ کورسی پەرلەمانی، لەمەش زیاتر ئەگەر ئێستا هەڵبژاردن بکرێتەوە، زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە هەدەپە بتوانیت بەربەستی ١٠٪ تێپەڕێنێت و بگاتەوە پەرلەمان، ئەمەش لەدەستدانی ئەو هەلەیە کە بۆ کورد لە تورکیا دروست ببوو.

*** لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ پێش ئەوەی پەکەکە دەست بە شەڕ بکاتەوە، هەوڵێکی زۆر هەبوو لە سەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا و هاوپەیمانی ناتۆ، کە پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرا ئەگەر تورکیا رازی نەبێت پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت، ئەوا چاو بە ئەندامێتییەکەی لە ناتۆ دەخشێنرێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی پەکەکە دەستی بە شەڕ کردەوە، ئێستا سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی تورکیا، لە رۆژئاوا زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەکەکە تیرۆریستە، ئایا تاچەند رەفتارەکانی پەکەکە لەسەر ئاستی ئەوروپا و ناتۆ خزمەتی بە تورکیا کردووە؟**

- دیارە یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ بۆ کورد زۆر گرنگن، ئەو ماوەیەی کە پەکەکە شەڕی راگرتبوو، دەنگ و باسێکی زۆر هاتەئاراوە کە پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت، لەسەر ئەم پرسەش بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوەتی بگاتە قەناعەت، جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر هەوڵیدا کە چیدیکە پەکەکە وەك پێشان توندوتیژی بەکار نەهێنێت و هەوڵبدات بە شێوەیەکی سیاسییانە مامەڵە لەگەڵ پرسەکە بکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بوو پەکەکە لە لیستی تیرۆر نەمێنت، بەڵام بەداخەوە پەکەکە زیاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە درێژە بە توندوتیژی بدات، بۆیە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەم ئەگەر حزبێك خۆی خاوەنی ئیرادە و بەرنامەی خۆی نەبێت، ئەوا لایەنی تر بەرنامەی بۆ دادەنێت، پاشانیش هەر بەرنامەی ئەوان جێبەجێ دەکات، من لەو بڕوایەدام ئەگەر پرسی رۆژئاوای کوردستان دروست نەبوایە، پەکەکە دەستی بە شەڕ نەدەکردەوە، بەڵام کە رۆژئاوای کوردستان دروست بوو، پەکەکە خۆی هاویشتە ناو ئەو هاوکێشەیە و ئەوە ماوەی دووساڵە ئامادەباشی بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ دەکات، کە ئەمەشی کرد، لایەنی دیکە پێویستیان بەو شەڕە بوو، نەك کورد و چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور.

*** لایەنێکی دیکەی سیاسەتی پەکەکە دەستێوەردانیەتی لە کاروباری هەرێمی کوردستان، خۆتان دەبینین لە شنگال چی کرد، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کار بۆ ئەوە بکات شنگال بکاتە کانتۆن و لە کوردستان دایببڕێت، هەروەها بەردەوامیش**

**هەرِەشە لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەکات، ئایا ئەم رەفتارانەی پەکەکە دژی باشووری کوردستان لە روانگەی فیکری نەتەوەییەوە چۆن دەخوێندرێتەوە؟**

- دەستێوەردانی پەکەکە لە باشووری کوردستان شتێکی تازە نییە، پەکەکە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ کە هەڵبژاردن لە باشوور کرا و پەرلەمانی کوردستان هاتە دامەزراندن، دەستێوەردان دەکات و دژایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، هەر ئەوکات پەکەکە هەستا بە دروستکردنی بەدیل بۆ پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانێکی دروستکرد بە ناوی ( پەرلەمانی کورد لە دەرەوەی وڵات)، دەیانگوت ئەوە پەرلەمانی کوردە و ئەوەی لە باشوور دامەزراوە، پەرلەمانی ئیمپریالیزمە، بۆیە وێرِای ئەوەی پارتە سەرەکییەکانی باشوور وەك پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر هاوکاری پەکەکەیان کردووە، بەڵام پەکەکە هەر لە سەر دەستێوەردانی خۆی سوور بووە، ئەمرِۆش کە دەستێوەردان لە باشووری کوردستان دەکات، داواکاری لایەنی دیکە جێبەجی دەکات، بۆیە من دەڵێم ئەوە داواکاری تاران و شام و بەغدایە و پەکەکە بە وەکالەت بۆیان جێبەجێ دەکات، سەبارەت بەوەی باسی کانتۆنیش دەکات، دەبێت ئەو راستییە بگوترێت ماوەیەکە هەندێك لایەنی باشووریش پشتگیری کانتۆن دەکەن، دیارە لە باشووری کوردستان کانتۆن نییە، پارێزگا هەیە و داوا کراوە یاسای پارێزگاکان جێبەجێ بکرێت، ئەمەش بە واتای ئەوەیە سلێمانی و هەولێر و دهۆك لێکجیابکرێنەوە، بەڵام مەسەلەی کانتۆن کە وەك شتێکی باو زیاتر هاتە ناو باسەکان، پێوەندی بە کانتۆنەکانی رۆژئاواوە هەبوو، هەروەها شەرِی داعش وایکرد هەموو لایەك بە بێ ئاوارتە پشتگیری ئەو کانتۆنانەی رۆژئاوا بکەن، بەڵام ئێستا لە رۆژئاوا پرسی فیدراسیۆن هاتۆتەئاراوە، ئەوەش واتای وایە مەسەلەی کانتۆن کۆتایی پێهاتووە، بەڵام ئەو فیدرِاڵییەتەی پەیەدە داوای دەکات، هیچ پێوەندییەکی بە کورد و کوردستانەوە نییە و ناوی لێنراوە فیدرِاڵییەتی باکووری سووریا، ئەمەش مانای ئەوەیە لای پەیەدە ناوی کورد و کوردستان بوونی نییە. ئەمەش ئەو راستییەی سەلماند کە پەیەدە نوێنەرایەتی کورد ناکات لە سووریا، سەبارەت بەوەشی کە پەکەکە باسی کانتۆن بۆ شنگال دەکات، دیارە ئەو هێزی پەیەدە و پەکەکە لە شنگال رێککەوتنیان لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، ئەوان بە ئاشکرا رایانگەیاندووە هەتا بەغدا بە ئێمە نەڵێت ئێمە لە شنگال ناکشێینەوە، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر پەیەدە و پەکەکە خۆیان بە هێزێکی کوردستانی بزانن، نایەن لە باشووری کوردستانەوە رایبگەیەنن کە ئێمە گرێدراوی بەغداین، بۆیە ئێستا لە سەرانسەری کوردستان سیاسەتی پەکەکە ئاشکرا بووە، تەنانەت لە باکووری کوردستانیش پەکەکە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە، هەموو ئەو خەڵکانەش کە لایەنگیری پەکەکەن و سۆزیان بۆ سەربەخۆبوونی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، پشتگیری لە سەرۆك بارزانی دەکەن، لەبەر ئەوەی دەزانن بەرنامەی پەکەکە کە داوای کانتۆن دەکات، خزمەتی بەرنامەی نەتەوەیی ناکات، بۆیە لە پەکەکە دوور دەخەونەوە.

*** لە رۆژئاوای کوردستانیش پەیەدە جۆرێك لە خۆسەپاندن و دیکتاتۆری پێرِەو دەکات و رێگە بە بوونی حزبەکانی دیکە نادات کاری سیاسی بکەن، هەروەها رێگرە لەوەی پێشمەرگەکانی رۆژئاوا بگەرِێنەوە رۆژئاوا و بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، لەمەش زیاتر لە رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا، پەیەدە رێگری لەوە کرد ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا پەیەدە بەم رەفتارانەی دەیەوێت بگاتە کوێ؟ ئایا بەمشێوەیە دەتوانرێت رۆژئاوا ببێتە نموونەیەکی دیکەی ئیدارەی کوردی لە ناوچەکەدا؟**

- ئەوەی پەیەدە لە رۆژئاوا دەیکات کارێکە نە مومکینە و نە قابیلی قبووڵکردنیشە، پێش هەموو شت سیاسەتی پەیەدە بەو ئاراستەیە نییە کە نوێنەرایەتی کورد بکات، بۆیە ئەگەر بیەوێت وەك حزبێکی کوردستانی سیاسەت بکات، ئەوا دەبێت برِوای بەوە هەبێت کە لە رۆژئاوای کوردستان حزب و لایەنی دیکەش هەن، دەبێت سەیری باشووری کوردستان بکەن، کە چۆن بە تەنیا لایەنێك حوکمرِانی ناکات و هەموو هێزە سیاسییەکان لە حوکمرِانی بەشدارن، بۆیە لەمرِووەوە دەبێت پەیەدە بزانێت لە رۆژئاوای کوردستانیش تەنیا یەك لایەن ناتوانێت حوکمرِانی بکات، ئەوجا پەیەدە بۆ ئەمجۆرە سیاسەت دەکات؟ بێگومان پەیەدە لەبەر ئەوەی پەکەکە خۆی دروستی کردووە ئەوا هەمان سیاسەتی پەکەکە جێبەجێ دەکات، بۆیە ئامادە نییە هیچ لایەنێکی دیکە قبووڵ بکات. بۆیە لێرەوە کورد دەبێت برِیاری خۆی بدات، ئایا رازییە بەوەی پەیەدە نموونەی کۆریای باکوور دووبارە بکاتەوە، یان دەیەوێت رۆژئاواش نموونەی کۆریای باشوور دووبارە بکاتەوە کە ئێستا لە باشووری کوردستان پیادە دەکرێت، بێگومان ئەگەر ئەمە لە پەیەدە قبووڵ بکرێت، واتە رازین بەوەی کە نموونەی کۆریای باکوور و دیکتاتۆریەت لە رۆژئاوا بەردەوام بێت، ئەگەر رازیش نەبین ئەوا دەبێت وەك باشووری کوردستان هەموو لایەنەکان بەشدار بن و لە سەر بەرنامەیەکی سیاسی رێکبکەون.

**لە دوای کۆتاییهاتنی شەرِی سارد، بارودۆخێکی تازە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و لە بەرژەوەندی کورد هاتەئاراوە، هەربۆیە لە ماوەی ٢٠-٢٥ ساڵی رابردوودا کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی لە بواری سیاسی و ئابووری بەدەستهێناوە**

**ئێستا کوردستان گەیشتۆتە قۆناخێک کە توانیویەتی بۆ جیهانی بسەلمێنێت، کوردیش وەک تەواوی گەلانی ناوچەکە توانای خۆبەرِێوەبردن و حوکمرِانی هەیە**



# لە بڕۆکسلەوە داعش چ پەیامێکی بە ئەوروپا ڕاگەیاند؟



کاره تیرۆریستییەکانی هەفتەی رابردووی داعش لە برۆکسڵ-ی دڵی ئەوروپادا، ئەو پەیامەی بە هەر ٢٨ دەوڵەتەکەی یەکێتی ئەوروپا راگەیاند کە تیرۆریستانی داعش جیاوازن لە تیرۆریستانی قاعیدە و ئەو مەترسییەی لە سەر تەواوی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەیانە، وەك خۆیەتی و زیادی کردووە و کەمی نەکردووە. هەروەها ئەوەی بە ئەوروپا راگەیاند ئەو تیرۆریستانەی ئەو کارانەیان ئەنجامداوە، ئەو خەڵکانەن کە لە ناو جەرگەی شەڕی سووریا و عێراق و لە ژێرزەمینەکاندا و لە ژێر بۆمبارانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان مەشق و راهێنانیان کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە سایکۆلۆژیەتی تیرۆریستانی داعش زۆر لە سایکۆلۆژیەتی ئەو تیرۆریستانەی داعش جیاوازە کە لە چیاکانی نێوان پاکستان و هیندستان مەشق و راهێنانیان لەسەر کردەوە تیرۆریستییەکان ئەنجامداوە، هەروەها ئەوەی بە ئەوروپا راگەیاند تیرۆریستانی داعش هەڵگری پاسپۆرتی دەوڵەتانی ئەوروپین، نەك وەك تیرۆریستانی ئەلقاعیدە کە بەشی هەرە زۆریان تەنیا خاوەنی پاسپۆرتی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لەمەش زیاتر چۆن دوای تەقینەوەکانی پاریس لە نۆڤەمبەری ٢٠١٥ دەرکەوت تیرۆریستان هاووڵاتی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپان، دیارە ئەمە بۆ تیرۆریستانی تەقینەوەکەی برۆکسلیش راستە و هەموویان هاووڵاتی دەوڵەتانی ئەوروپان، هەر بۆیە جیا لەوەی هێرشەکانیان زۆر سەخت بوو، شوێنی گرنگ و قورسیشیان بە ئامانج گرتبوو، لایەنێکی دیکە کە تەقینەوەکانی برۆکسل بۆ

**ڕۆژئاوا بێجگە لە هاوکاری زیاتری کوردستان و پشتگیری زیاتری هێزی پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی تەواوی تیرۆریستانی داعش و بوونی کوردستان بە پێگەیەک بۆ جیهانی ئازاد بۆ ئەوەی لەم پێگەیەوە کۆتایی بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش بهێنرێت و لێرەوە ئامانجە سیاسییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەکە دابڕێژرێت و بێجگە لە پشتگیری هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بە زووترین کات کوردستانی سەربەخۆ ڕابگەیەندرێت، ڕێگەیەکی دیکەی نییە**

**ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە بە نوێنەرانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپای ڕاگەیاند کە ئەگەر دەتانەوێت داعش هەڕەشە لە سەر ئەورووپا دروست نەکات، ئەوا دەبێت لەسەر زەوی داعش تێکبشکێنرێت**

**ئەوەی تا ئێستا وەک بۆشایی لە ستراتیژیەتی دژە تیرۆری هاوپەیمانانی دژی داعش هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە کە هاوپەیمانان تەنیا لە یەک دوو ڕەهەندی تایبەتی و بچووکدا شەڕی دژە داعشیان بچووک کردۆتەوە، بۆیە داعش زۆر بە ئاسانی توانیویەتی چوارچێوەی ئەم ستراتیژە ناتەواوەی هاوپەیمانان بە تەواوەتی بۆ سوودی خۆی بەکاری بهێنێت**

ئەورووپای ئاشکرا کرد، ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەوانەی لەناو ئەورووپا هاوکاری تیرۆریستان دەکەن، زۆر کەمیان پێوەندییان بە جیهادییەکان، یان ڕاستەوخۆ پێوەندیان لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هەیە، بەڵکو بەشی زۆریان ئەو خەڵکانەن کە بە ڕێگەی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و لە میانەی سەیرکردنی ئەو ڤیدیۆیانەی داعش بەرهەمیان دەهێنێت، بوونەتە هەواداری ئەو ڕێکخراوە و سەرنجیان ڕاکێشراوە.

کەواتە ئەو کارە تیرۆریستانەی داعش لە ئەورووپا ئەنجامیان دەدات، لەو کارە تیرۆریستیانە دەچێت کە لە سەدەی ڕابردوو دەوڵەتانی وەک عێراق و سووریا و لیبیا و تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتی پێشانیش ڕاستەوخۆ لە پشتەوە سپۆنسەری کارە تیرۆریستییەکانیان دەکرد، کە دیارە دیارترینی ئەو کارانەی سەدەی ڕابردوو وەک تەقاندنەوەی فڕۆکەی لۆکەربی و هێرشی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بۆ سەر ئۆلۆمپیادی میونیخ لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجامیان دا. بۆیە شێوازی ئەو کارە تیرۆریستیانەی دەوڵەت سپۆنسەریان بووە، کاری زۆر ترسناک و گەورە بوون.

هەر بۆیە کاتێک سەیری شێوازی کارە تیرۆریستیەکانی پاریس و تەقینەوەکانی هەفتەی ڕابردووی بروکسل دەکەین، زۆربەی چاودێران لەو بڕوایەدان کە ئەو کارە تیرۆریستییانەی داعش ئەنجامی دەدات، جێگەی سەرسوڕمان نین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە داعش تەنیا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی تیرۆریستییە و ئێستا لە سووریا و عێراق خاکێکی زۆری لەبەردەستە و سوودێکی زۆری لە ئەفسەرانی پێشووی ڕژێمی سەدام حوسێن وەرگرتووە و توانیویەتی لەسەر ئەرز سوپایەک دروست بکات کە توانای ئەوەی هەبێت وەک سوپای دەوڵەتێک شەڕ بکات، لەمەش زیاتر چەندین هۆکار بوونە فاکتەری چالاککردن و هاندان بۆ کارە تیرۆریستییەکان، ئەویش ئەوەیە داعش توانیویەتی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی چڕ پیادە بکات، لەم ڕێگەیەشەوە توانیویەتی هەم چەکداری زیاتر و هەم سەرچاوەی داهاتی زیاتر پەیدا بکات.

بۆیە لەم ڕاستەوە ئەگەر شێوازی تیرۆری داعش وەک ئەو کارە تیرۆریستیانە لە قەڵەم بدرێت کە دەوڵەتێک لەپشتەوە سپۆنسەری دەکات، پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەورووپا و دەوڵەتانی دیکەی هاوپەیمانی دژە تیرۆر وەڵامی ئەم مەترسییە گەورەیە دەدەنەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دیارە بەشی زۆری ئەو پسپۆڕانەی لە بواری دژەتیرۆر بەگشتی و دژەداعش بەتایبەتی توێژینەوە دەکەن، خاڵی سەرەکیی وەڵامدانەوە دەبەنەوە بۆ ئەو خاڵی دەستپێکی چۆنیەتی کۆتاییهێنان بە داعش وەک دەوڵەتێکی تیرۆریستی لە عێراق و سووریا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەم دەوڵەتە بمێنێت، ئەوا هەمیشە کات دەبێتە بنکەیەك بۆ ئەوەی تیرۆریستان بەتایبەتی ئەوانەی هاووڵاتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوان، یان دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپان، ئەوا بە ئاسانی هەموو کات بتوانن لە سووریاوە بگەڕێنەوە ئەورووپا و ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەورووپاش کار بە یاسای شنگن دەکات، ئەوا تیرۆریستان دەتوانن بە زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپادا بسوڕێنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرییەکیان لێ بکرێت.

بەپێی دیراسەتێك کە ڕۆژی ٢٣ی ئاداری ٢٠١٦ واتە ڕۆژێك دوای تەقینەوەکانی بروکسل لە سایتی فۆرن ئەفێرز بڵاو کراوەتەوە، لەو ٥-٦ هەزار هاووڵاتییەی ئەورووپا کە ئێستا چوونەتە سووریا و بوونەتە چەکداری داعش، نزیکەی ٥٥٠ کەسیان هاووڵاتی بەلجیکین و لەم ژمارەیەش نزیکەی دوو هەزاریان گەڕاونەتەوە کە لە ناو ئەو دووهەزار تیرۆریستەی گەڕاونەتەوە، ١٠٠ تیرۆریستیان هاووڵاتی بەلجیکان. توێژینەوەکە ئاماژەی بەوە کردووە دەزگای دادوەری بەلجیکا ڕاشکاوانە ئاشکرای کردووە کە وڵاتەکەی کێشەیەکی گەورەی لەگەڵ ئەو چەکدارانە هەیە کە هاووڵاتی دەوڵەتانی ئەورووپان و گەڕاونەتەوە، تەنانەت هەندێك لەوانەی کە ڕێگەیان بۆ ناردنی ئەو چەکدارانە بۆ سووریا ڕێکخستووە، لە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن دادگای تیرۆری ئەو وڵاتە بە تۆمەتی تیرۆر سەرکۆنە کراون.

**● داعش بە ستراتیژیەتی کۆن مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت**

هەتا ئێستاش شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، ئەو شێوازەیە کە لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەرەوە ئەمریکا لە دژی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە پیادەی کردووە. ئەمریکا بۆ دژایەتی تیرۆری ڕێکخراوی ئەلقاعیدە هەتا ئێستا زیاتر لە ١،٦ ترلیۆن دۆلاری خەرجکردووە، زیاتر لە ٢٦٣ دەزگای دژەتیرۆری دامەزراندووە، بەڵام ئەم شێوازەی ئەمریکا زیاتر گونجاوە بۆ دژایەتیکردنی تیرۆرێکی کلاسیکی لەسەر شێوەی گروپ، نەك دەوڵەتێکی تیرۆریستی وەك داعش، بۆیە لەم حاڵەتەدا گرنگە دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا تاکتیکی دژەتیرۆر بخەنە ناو چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی هەمە لایەنەوە، واتە ڕاشکاوانە پێویستە دەست بخرێتە سەر خاڵەکان و ئەو ڕاستییانە ئاشکرا بکرێت، کە ستراتیژیەتی دژی داعش تەنیا بریتی نییە لە هاوکاری سەربازی، یان

شاڵاوی فڕۆکەکان لە ئاسمانەوە، بەڵکو پێویستە ئەم هەوڵانە ئامانجێکی سیاسی و دیاریکراوی لەسەر زەوی لەگەڵدا جێبەجێ بکرێت. ئەوەی تا ئێستا وەك بۆشاییی لە ستراتیژیەتی دژە تیرۆری هاوپەیمانانی دژی داعش هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە کە هاوپەیمانان تەنیا لە یەك دوو ڕەهەندی تایبەتی و بچووکدا شەڕی دژە داعشیان بچووك کردۆتەوە، بۆیە داعش زۆر بە ئاسانی توانیویەتی چوارچێوەی ئەم ستراتیژە ناتەواوەی هاوپەیمانان بە تەواوەتی بۆ سوودی خۆی بەکاری بهێنێت، هەر بۆ نموونە لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ کە هاوپەیمانان بە شێوەی هاوکاری کەمی سەربازی و هێرشە ئاسمانییەکان شەڕی دژە داعشیان کردووە، لە نێوان کارە تیرۆریستییەکانی داعش و مامەڵەی دڕندانەی ڕژێمی بەشار ئەسەد تەنیا لە سووریا ٤,٥ ملیۆن هاووڵاتی سووریا ئاوارەی دەرەوە بوون و زیاتر لە ٦,٥ ملیۆنیش بوونە ئاوارەی ناوخۆیی لە سووریادا، هەروەها تەنیا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١,٧ ملیۆن ئاوارە ڕووی تێکردووە کە هەموویان بەدەستی داعش ئاوارە بوون و ڕوویان کردۆتە هەرێمی کوردستان، داعش توانی ئەم شاڵاوەی پەنابەران و ئاوارەیە وەك هێزێك بۆ هێرشەکانی خۆی پیشانی هاووڵاتیانی ئەورووپا بدات و سەرنجیان ڕابکێشێت. ئەگەر سەرنجی ئامارەکان بدەین، هەندێك جار داعش توانیویەتی تەنیا لەماوەی یەك مانگدا سەرنجی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە ژن و کچ و پیاو ڕابکێشێت بۆ ئەوەی پێوەندی بە داعشەوە بکەن، هەروەها لەلایەکی دیکەوە کە شاڵاوی پەنابەران ڕوویانکردووە ئەورووپا و پاش ئەوەی کێشمەکێش لە نێوان دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا لە سەر کردنەوە و داختنی سنوورەکان دروست بوو، دیسان داعش توانی ڕای گشتی ئەورووپا و ڕۆژئاوا ئیستیغلال بکات بۆ زیاتر دروستکردنی جەمسەرگیری لەنێو هاووڵاتیانی ئەورووپادا.

ئەم هەنگاوانەی داعش کە زۆر جیاوازن لە کارەکانی ئەلقاعیدە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی داعش توانیویەتی لەناو کۆمەڵگەی ئەورووپا لایەنگر و هەوادار و هاوسۆزی بۆ کارەکانی پەیدا بکات، ئەمەش مەترسی ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە بە گەڕانەوەی ئەو تیرۆریستانەی مەشق و ڕاهێنانی زۆر چاکیان لە سووریا پێکراوە، شێوازی هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش لە ئایندە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و لە کاتی ئەنجامدانی ئەو هێرشانەدا لەوانەیە ئەو خەڵکانەی کە داعش سەرنجی ڕاکێشاون، خۆیان تێکەڵی تیرۆریستان بکەن، یان بۆ شاردنەوە و پێشکەشکردنی کارئاسانی بۆیان هاوکارییان بکەن.

**● کوردستان ویستگەی یەکەمی ستراتیژیەتیەکی گشتگیر بۆ ڕیشەکێشکردنی داعش**

دوای ئازادکردنی زومار و بەنداوی موسڵ لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە و سەردانی ڕێزدار مسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشمانی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی ئەورووپا، ئەوکات لە ساڵی ٢٠١٤ ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە بە نوێنەرانی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپای ڕاگەیاند کە ئەگەر دەتانەوێت داعش هەڕەشە لە سەر ئەورووپا دروست نەکات، ئەوا دەبێت لەسەر زەوی داعش تێکبشکێنرێت، دوای هێرشەکانی هەفتەی ڕابردووی داعش بۆ سەر برۆکسل ئێستا بەشی زۆری ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە کە دیراسەتی دژەتیرۆر دەکەن، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەو ستراتیژیەتەی هەتا ئێستا ئەمریکا بەتایبەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و بۆ لە ڕیشەهەڵکێشان و بێ ئومێدکردنی داعش پیادەیان کردووە، ستراتیژیەتێکی سەرکەتوو نەبووە، لە ئێستاشدا مەترسیی داعش لەناوخۆی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەورووپا بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٤ مەترسیدارترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٤ داعش تەنیا هەوڵی بۆ ئەوە بووبێت کە سەرنجی خەڵکی ئەورووپا بۆ ئەوە ڕابکێشێت بۆ ئەوەی لە ئەورووپا بگەڕێنەوە بۆ خەلافەتی ئیسلامی داعش و لە سووریا و عێراق شەڕ بکەن، بەڵام ئێستا داعش جیا لەوەی ئەو چەکدارانە بە مەشقێکی تیرۆریستانەی تەواوەوە دووبارە ڕەوانەی ئەورووپا دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا لە ئەورووپا سەرنجی کۆمەڵێك خەڵکی بۆ کارەکانی ڕاکێشاوە کە بێ ئەوەی جیهادی بن، یان ڕاستەوخۆ پێوەندیان بە داعشەوە هەبێت، ئامادەن هاوکاری تیروریستانی داعش بکەن و لە ئەورووپا بچنە ناویانەوە، لەم حاڵەتەدا ئەگەرچی وەڵامدانەوەی ئێستای داعش قورسترە لە چاو ساڵی ٢٠١٤، بەڵام ڕۆژئاوا بێجگە لە هاوکاری زیاتری کوردستان و پشتگیری زیاتری هێزی پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی تەواوی تیرۆریستانی داعش و بوونی کوردستان بە پێگەیەك بۆ جیهانی ئازاد بۆ ئەوەی لەم پێگەیەوە کۆتایی بە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش بهێنرێت و لێرەوە ئامانجە سیاسییەکان بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەکە دابڕێژرێت و بێجگە لە پشتگیری هاوپەیمانان بۆ ئەوەی بە زووترین کات کوردستانی سەربەخۆ ڕابگەیەندرێت، ڕێگەیەکی دیکەی نییە.

**زۆربەی چاودێران لەو بڕوایەدان کە ئەو کارە تیرۆریستییانەی داعش ئەنجامی دەدات، جێگەی سەرسوڕمان نین، ئەمەش لەبەر ئەوەیە داعش تەنیا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، بەڵکو دەوڵەتێکی تیرۆریستییە و ئێستا لە سووریا و عێراق خاکێکی زۆری لەبەردەستە و سوودێکی زۆری لە ئەفسەرانی پێشووی ڕژێمی سەدام حوسێن وەرگرتووە و توانیویەتی لەسەر ئەرز سوپایەک دروست بکات کە توانای ئەوەی هەبێت وەک سوپای دەوڵەتێک شەڕ بکات**

**کارە تیرۆریستییەکانی هەفتەی ڕابردووی داعش لە برۆکسڵ-ی دڵی ئەورووپادا، ئەو پەیامەی بە هەر ٢٨ دەوڵەتەکەی یەکێتی ئەورووپا ڕاگەیاند کە تیرۆریستانی داعش جیاوازن لە تیرۆریستانی قاعیدە و ئەو مەترسییەی لە سەر تەواوی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا هەیانە، وەک خۆیەتی و زیادی کردووە و کەمی نەکردووە**


**سایکۆلۆژیەتی تیرۆریستانی داعش زۆر لە سایکۆلۆژیەتی ئەو تیرۆریستانەی داعش جیاوازە کە لە چیاکانی نێوان پاکستان و هیندستان مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر کردووە تیرۆریستییەکان ئەنجامداوە، هەروەها ئەوەی بە ئەورووپا ڕاگەیاند تیرۆریستانی داعش هەڵگری پاسپۆرتی دەوڵەتانی ئەورووپین، نەک وەک تیرۆریستانی ئەلقاعیدە کە بەشی هەرە زۆریان تەنیا خاوەنی پاسپۆرتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن**



ستراون ستیڤنسۆن

سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپی بۆ ئازادی عێراق بۆ گوڵان:

# ئێستا ساتەوەختێکی مەترسیدارە و پێویستی بە سەرکردایەتی بارزانی و ئازایەتی پێشمەرگە هەیە وەک مۆدێلێک بۆ باقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**ستراون ستیڤنسۆن ئەندامی پێشووی پەرلەمانی ئەوروپا و سەرۆکی پێشووی شاندی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پێوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا بووە و حاڵی حازر سەرۆکی کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ ئازادی عێراقە و شارەزاییەکی تەواوی لەسەر بارودۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکە هەیە، لە هەمانکاتیشدا چەندین ساڵ نوێنەرایەتی سکۆتلەندای کردووە لە پەرلەمانی ئەوروپا. بۆ قسەکردن لەسەر هێرشەکانی چەند رۆژی رابردووی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر برۆکسلی پایتەختی ئەوروپا و مەترسییەکانی ئەم هێرشە و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئەوروپا بۆ ئەم هێرشانە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری ئەوروپا ستۆران ستیڤنسۆن ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

**دەبێت گوێ بۆ قسەکانی سەرۆک بارزانی بگرین کە رایگەیاند بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە ئێستادا کوردستان تەنیا دەتوانێت ٥٠٠ ملیۆن دۆلار داهات لە مانگێکدا بەدەست بهێنێت، بەڵام ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت بۆ هەڵمەتە سەرکەوتووەکانیان لە دژی داعش و ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە بەشی ئیدارەدانی ئابووری کوردستان ناکات، ئەمە سەرەڕای خەرجی داڵدەدانی سەدان هەزار ئاوارەی سووری و مەسیحی و ئێزیدی لە کوردستاندا**

**باشترە چاوەڕێی کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆیی سووریا و تێکشکاندنی داعش و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بکرێت بۆ ناوچەکە، ئەو کاتە من پشتیوانییەکی بەهێزی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەم**

*** ئایا چۆن لە هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش بۆ سەر بەلجیکا دەڕوانیت و پێتوایە ئەو کردەوانە چی دەسەلمێنێت؟**

- هێرشەکانی چەند رۆژی رابردوویان بۆ سەر برۆکسلی پایتەختی ئەوروپا ئەوە دەسەلمێنێت کە داعش چەند بە باشی رێکخراوە بە بەراورد بە ئەلقاعیدە، یان تاڵیبان، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو کەسانەی روویان کردە سووریا، یان عێراق ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا کە دەکرێت چەند سەد کەسێك بن و ئەوانە پێوەندییان لەگەڵ داعشدا هەیە و دەتوانن هێرشی زیرەکانە و وێرانکار ئەنجام بدەن، ترسی من ئەوەیە ئەمە تەنیا هێرش نەبێت، بەڵکو هێرشی گەورەی دیکەش لە شارە گەورەکانی دیکەی یەکێتی ئەوروپادا ئەنجام بدرێت. ئێمە دەبێت لە ئەوروپادا دووبارە پێداچوونەوە بکەین لە بارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی ئاسایشدا دەکەین. پێدەچێت ساڵێك بەر لە ئێستادا دەزگا ئەمنییەکانی بەلجیکا ئاگادار کرابێتنەوە لەبارەی یەکێك لە تیرۆریستەکان بەوەی ئەمە تیرۆریستێکی ناسراوە و لە سووریایە و وا لە ئەستەنبولەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەلجیکا، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی بەلجیکا هیچیان نەکرد. لەبەر ئەوە دەبێت بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی بێت لە پرسی ئاسایش و گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری لە نێوان دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی ئەوروپادا. ئەمە تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر رووبەڕووی داعش ببینەوە.

*** بۆچی برۆکسل کرایە ئامانج و ئایا ئەوروپا پێشبینی دەکرد برۆکسل بەم شێوەیە ببێتە ئامانجی کردەوە تیرۆریستییەکان؟**

- نەخێر، لەبەر ئەوەی هەمیشە گریمانەی ئەوە دەکرا ئامانجەکە فەڕەنسا و رەنگە تەنانەت لەندەنیش بێت، نەك برۆکسل، بەڵام داعش برۆکسلی وەك نەوایەکی ئارام بەکارهێنا کە تێیدا ئامادەکارییان دەکرد بۆ هێرشەکانیان- لە دەرەوەی بەلیجکا- و تێیدا دەژیان، لەبەر ئەوە لە نێوخۆی بەلجیکادا ئاڵوگۆڕی زانیارییە هەواڵگرییەکانی تێدا ئەنجام نەدەدرا. هەرچۆنێك بێت کاتێك تیرۆریستەکەی پاریس لە هەفتەی رابردودا لە بەلجیکا دەستگیرکرا و کاتێك خەریك بوو قسە بۆ دەزگا ئەمنییەکان بکات و زانیاری بدرکێنێت، ئەوا بژاردەیەکی بۆ هاوەڵەکانی، جگە لە ئەنجامدانی هێرشی بە پەلە و راستەوخۆ نەهێشتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی گەشتکردنیان بۆ پاریس مەترسیدار بوو، ئەوا بۆمبە ئامادەکراوەکانیان لە فڕۆکەخانە و میترۆکانی برۆکسل تەقاندەوە.

*** لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێك ئیعتیراف بە دەوڵەتەکەی داعش ناکات، هەندێ لە شرۆڤەکارانیش پێیانوایە داعش دەیەوێت فشار بخاتەسەر ئەوروپا و بیسەلمێنێت کە هێزێکە ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، هەروەها بۆ ئەوەیە پێیان بڵێت کە ئەگەر ئێوە هێرش دەکەنەسەرمان، ئەوا ئێمە لە نێو جەرگەی ماڵەکانتاندا گورزتان لێدەوەشێنین، پێتوایە دەبێت کاردانەوەی یەکێتی ئەوروپا لە ئاست ئەم هێرشانەدا چۆن بێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە کە داعش کۆنترۆڵی پانتاییەکی گەورە و شاری گەورەی عێراقی کردووە، پێشتر روومادی -شیان لە ژێر دەستدا بوو، هێشتا شاری موسڵ-یان لە ژێر دەستدایە کە دانیشتووانەکەی نزیکەی ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس دەبن، ئەمەش زەمینەیەکی دروست کرد کە سەرکردەکەشی، -ئەبو بەکر بەغدادی- رایبگەیەنێت

کەوا سەرقاڵی دامەزراندنی خەلافەتە و رۆژێك دێت خەلافەتەکەی سەرتاسەری جیهان دەگرێت و تەنانەت یەکێتی ئەورووپاش لەخۆدەگرێت. بە دڵنیاییەوە ئەم پەیامە دەنگدانەوەی لای زۆر کەس هەبوو کە پێیانوابوو ئەمە پێچەوانەی ئەلقاعیدە، یان تاڵیبانە، کە پێشتر هەرگیز هەوڵیان نەداوە خەلافەت رابگەیەنن، هەروەها ئەمە پەیامێك بوو کە زۆرێك لە گەنجە خۆشباوەڕەکانی ئەورووپا پێیانوابوو دەتوانن پێوەی پابەند بن، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆرێك لە گەنجە ئەورووپییەکان گەشتیان کرد بۆ سووریا، یان عێراق بۆ ئەوەی پێوەندی بە داعشەوە بکەن.

*** باسی کەوتنی موسڵ-ت کرد، بەڵام زۆر کەس پێیانوایە کەوتنی موسڵ هۆکاری سیاسەتە چەوتەکانی نوری مالیکی بوو، سەبارەت بەمە رای ئێوە چییە؟**

- لە راستیدا نوری مالیکی کە بۆ ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانی کرد، گەندەڵترین سەرۆك وەزیران بوو لە جیهانی عەرەبیدا و باس لەوە دەکرێت ٥٠٠ ملیار دۆلاری لە داهاتی خەڵك و لە پارەی نەوت دزیبێت، هەروەها بە هۆی هەڵمەتە کۆمەڵکوژییەکانییەوە دژی پێکهاتەی سوننە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی کە دەرگای بە رووی داعشدا کردەوە. لە هەمان کاتدا ئێران کۆنترۆڵی مالیکی-یان کردبوو، عێراقیشیان کردبۆوە رێڕەوی گەیاندنی کەلوپەلی سەربازی و هێزی سەربازی بۆ سووریا بۆ پشتیوانیکردن لە رژێمەکەی بەشار ئەسەد، ئەمە بووە هۆی دروستکردنی داعش و بووە سەرچاوەی ئۆکسجین بۆ داعش بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و دەست بەسەر خاکدا بگرێت لە ناو عێراقدا. هەروەها لە دووبارە گرتنەوەی روومادیدا کە شارێك بوو نزیکەی یەك ملیۆن کەسی تێدا دەژیان، ئێستا بە تەواوەتی وێرانکراوە و کەسانێکی کەم و رەنگە تەنیا هەزار کەسی تێدا بژین و پیاوان و گەنجەکانی تێدا نەماون، هەندێ کەس دەڵێن زیندانی کراون و هەندێ کەس دەڵێن کوژراون لە لایەن میلیشیا شیعەکانەوە کە عەبادی پشتیان پێدەبەستێت بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، چونکە ساڵانی پڕ لە گەندەڵکاریی حوکمڕانییەکەی مالیکی سوپای وڵاتەکەی وێرانکردووە. لەبەر ئەوە دۆخی عێراق ئۆکسجین دەبەخشێت بە داعش و بواریان پێدەدات گەشە بکەن و دەست بەسەر خاکدا بگرن و گەنجانی ئەورووپا بەلای خۆیاندا رابکێشن، تاکە رێگای کاریگەریش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا وەستاندنی شەڕی ناوخۆیە لە سووریا. ئەمە دەبێتە گورزێکی کەمەرشکێن بۆ مەلاکانی ئێران کە ئەسەد بە نزیکترین هاوپەیمانی خۆیان دەزانن. هەروەها ئێمە دەزانین کە ڤلادیمێر پۆتین دەتوانێت بە تەنیا تەلەفۆنێك شەڕەکە بوەستێنێت، لەبەر ئەوە پێویستە قسە لەگەڵ پۆتین بکرێت و ئەو راستییەی تێبگەیەندرێت کە پشتیوانی ئەو بۆ ئەسەد مایەی درێژەکێشانی شەڕە ناوخۆییەکەیە کە ٥ ساڵە بەردەوامە و دۆخێکی دروست کردووە داعش گەشە بکات و داعشیش دەبێتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی رووسیا.

*** ئەوەی لە ئێستادا ئاشکرایە ئەوەیە کە هێزە جیهانییە گەورەکان ناتوانن جڵەوی بارودۆخەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆنترۆڵ بکەن، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەشێك دروست بێت بۆ ئەوەی داعش بتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت و ئەم ناوچەیە بکاتە سەرچاوەی تیرۆر و هەڕەشە بۆ سەر جیهان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نابێت ئەم هێزە جیهانییانە بە جددی بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێك بکەنەوە بۆ ئەو دۆخەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە پەیامێکی روونە، کێشەکە ئەوەیە لە ئێستادا رۆژئاوا باوەڕی وایە کە پێویستە هەموو لایەك کۆببنەوە و پێکەوە وەك رومادی بۆردوومانی شارەکان بکەن، رووسییەکان و ئەورووپی و ئەمەریکییەکانیش هەموویان بەشداربوون لە بۆردوومانکردنی رومادی و کردنی ئەو شارە بە خاك و خۆڵ، بەڵام رۆژئاوا ئەوە بە رێگایەك بۆ پشتیوانی کردن لە میلیشیا شیعەکان دەزانێت، ئەو میلیشیایانە لە ژێر سەرپەرشتی ئێران و لە ژێر فەرماندەیی فەرماندەی هێزی قودسن. رۆژئاوا ئەمە بە تاکە رێگای کاریگەر دەزانێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داعشدا، بەڵام هەموو ئەو کارەی دەیکەن پشتیوانیکردنە لە کۆمەڵکوژیی سوننەکانی عێراق و بەمەش تووڕەییەکی زیاتر لە نێو سوننەکاندا دروست دەکەن و تەنانەت هەندێ لە سوننەکان بیردەکەنەوە ئایا باشتر نییە بچنەپاڵ داعش لە بری ئەوەی وەك مەڕومالات سەربڕدرێن وەك ئەوەی بەسەر خوشك و براکانیاندا هات لە رومادی. لەبەر ئەوە دەبێت پێداچوونەوە بکرێت بە ستراتیژیەتەکەماندا. لە ئێستادا دەستمان کردووە بە بۆردوومانکردنی موسڵ و چەند رۆژێك پێش ئێستا

**ئەو کەسانەی روویان کردە سووریا، یان عێراق ئێستا دەگەڕێنەوە بۆ ئەورووپا کە دەکرێت چەند سەد کەسێک بن و ئەوانە پێوەندییان لەگەڵ داعشدا هەیە و دەتوانن هێرشی زیرەکانە و وێرانکار ئەنجام بدەن**

**دەبێت بەرەوپێشچوونێکی گەورە بەدی بێت لە پرسی ئاسایش و گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگری لە نێوان دەزگا ئەمنییەکانی یەکێتی ئەورووپادا. ئەمە تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر رووبەڕووی داعش ببینەوە**

**کاتێک تیرۆریستەکەی پاریس لە هەفتەی رابردوودا لە بەلجیکا دەستگیرکرا و کاتێک خەریک بوو قسە بۆ دەزگا ئەمنییەکان بکات و زانیاری بدرکێنێت، ئەوا بژاردەیەکی بۆ هاوەڵەکانی، جگە لە ئەنجامدانی هێرشی بە پەلە و راستەوخۆ نەهێشتەوە**

**نوری مالیکی کە بۆ ماوەی هەشت ساڵی حوکمڕانی کرد، گەندەڵترین سەرۆک وەزیران بوو لە جیهانی عەرەبیدا و باس لەوە دەکرێت ٥٠٠ ملیار دۆلاری لە داهاتی خەڵک و لە پارەی نەوت دزیبێت**

**ساڵانی پڕ لە گەندەڵکاریی حوکمڕانییەکەی مالیکی سوپای وڵاتەکەی وێرانکردووە. لەبەر ئەوە دۆخی عێراق ئۆکسجین دەبەخشێت بە داعش و بواریان پێدەدات گەشە بکەن و دەست بەسەر خاکدا بگرن**

**ڤلادمیر پۆتین دەتوانێت بە تەنیا تەلەفۆنێک شەڕەکە بوەستێنێت، لەبەر ئەوە پێویستە قسە لەگەڵ پۆتین بکرێت و ئەو راستییەی تێبگەیەندرێت کە پشتیوانی ئەو بۆ ئەسەد مایەی درێژەکێشانی شەڕە ناوخۆییەکەیە کە ٥ ساڵە بەردەوامە و دۆخێکی دروست کردووە داعش گەشە بکات و داعشیش دەبێتە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی رووسیا**

**شارێکی گەورەی وەک موسڵ بە ژمارەیەکی کەمی چەکداری داعش کۆنترۆڵ کرا، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی گەورەی سەربازی عێراقی لەو شارەدا هەبوون و پارێزگارییان لێدەکرێت و نوێترین چەکی ئەمەریکییان پێبوو، بەڵام هەڵاتن، ئەمە شکستی ئێمەیە وەک رۆژئاوا، چونکە ئەوە رۆژئاوا بوو کە بۆ ماوەی ٨ ساڵ پشتیوانی نوری مالیکی کرد و تەماشاکاری شەڕی ناوخۆیی بوو**

ئەمەریکا زانکۆی موسڵی بۆردوومان کرد و بە سەدان ئافرەتی کوشت، ئەمە لە کاتێکدا ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو زانکۆیە وەك بارەگای فەرماندەیی لە لایەن داعشەوە بەکارهێنراوە و دەڵێت ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوو بووە لەبەر ئەوە بۆتە هۆی کوشتنی فەرماندە سەرەکییەکانی داعش، بەڵام کوشتنی فەرماندە سەرەکیەکانی داعش سوودی نییە ئەگەر بێتوو سەدان کەسی بێتاوانی لەگەڵدا بکوژیت، هەروەك ئەوەی لە رووماددی روویدا، ئەمەش بەنزین دەکات بە ئاگری توورەیی سوننەکاندا و پشتیوانی بۆ داعش دروست دەکات، لەبەر ئەوە ناتوانن ئایدۆلۆژیا بۆردومان بکەن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە بیر لە بەشدارییپێکردنی سوننەکان بکەینەوە لە هەڵمەتە سەربازییەکەدا لە دژی داعش، هەروەها بە مانای خۆڕزگاکردن دێت لە میلیشیا شیعەکان لە عێراقدا و دووبارە مەشقپێکردنەوەی سوپای عێراق و دووبارە هێنانەوەی سوننەکان بۆ نێو سوپا و هێزی پۆلیس، لەگەڵ رێگرتن لە ئێران لە بەکارهێنانی عێراق وەك رێڕەوێك بۆ رەوانەکردنی چەك و سەرباز بۆ سووریا و بڕینی کۆمەك لە بەشار ئەسەد، ئەمە ئەو تاکتیکانەن کە دەبێت رۆژئاوا بیریان لێبکاتەوە. هەروەها دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە شارێکی گەورەی وەك موسڵ بە ژمارەیەکی کەمی چەکداری داعش کۆنترۆڵ کرا، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەیەکی گەورەی سەربازی عێراقی لەو شارەدا هەبوون و پارێزگارییان لێدەکرێت و نوێترین چەکی ئەمەریکییان پێبوو، بەڵام هەڵاتن، ئەمە شکستی ئێمەیە وەك رۆژئاوا، چونکە ئەوە رۆژئاوا بوو کە بۆ ماوەی ٨ ساڵ پشتیوانی نوری مالیکی کرد و تەماشاکاری شەڕی ناوخۆیی بوو، لەبەر ئەوە رۆژئاوا لەمە بەرپرسە و دەرگای بە رووی داعشدا واڵاکرد، ئێستا ئەوەتا ئەمە یەخەمان دەگرێتەوە لە پاریس و برۆکسل و بەداخەوە دەیڵێم بەم نزیکانە لە شارەکانی دیکەش دووچاری دەبینەوە.

*** تەنیا رێگایەك بۆ لاوازکردن و تێکشکاندنی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە رۆژئاوا و یەکێتی ئەوروپا پشتگیری کورد و پێشمەرگە بکەن، بەڵام هەتا ئێستا هاوکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ کورد و پێشمەرگە سنووردارە، ئایا ئەگەر کورد و پێشمەرگە لە بەرەی دژ بە داعش بشکێن، تا چەند داعش بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ئەوروپا دەستکراوەتر دەبێت؟**

- پێشمەرگە تاکە هێزە لە عێراقدا کە پێدەچێت توانای ئەوەی هەبێت کاریگەر بێت لە شەڕی دژ بە داعشدا، جیهان قەرزاری پێشمەرگەیە کە هێزێکی زۆر کاریگەرن. ئەگەر پێشمەرگە بە هەمان ئاستی سوپای عێراق مەشقی پێبکرێت و چەك و تەقەمەنی پێبدرێت، ئەوا دەبێتە هێزێکی کاریگەر، هەروەها نابێت سوپای عێراق تەنیا شیعەکان لە خۆبگرێت، بەڵکو پێویستە سوننەکان و هەمو لایەن و پێکهاتەکانی ناو عێراقیش بەشداری بکەن، بەڵام ئەگەر سوپا ببیتە هێزێکی شیعی و ئەگەر پشتیوانی لە ٤٠ بۆ ٥٠ میلیشیای شیعی چەکدار بکرێت، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی پڕ لە کۆمەڵکوژی لە عێراقدا کە چارەسەرێکیشی بۆ ئایندە تێدا بەدی ناکرێت. لە راستیدا دەبێت گوێ بۆ قسەکانی سەرۆك بارزانی بگرین کە رایگەیاند بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە ئێستادا کوردستان تەنیا دەتوانێت ٥٠٠ ملیۆن دۆلار داهات لە مانگێکدا بەدەست بهێنێت، بەڵام ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرێت بۆ هەڵمەتە سەرکەوتووەکانیان لە دژی داعش و ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە بەشی ئیدارەدانی ئابووری کوردستان ناکات، ئەمە سەرەڕای خەرجی داڵدەدانی سەدان هەزار ئاوارەی سووری و مەسیحی و ئێزیدی لە کوردستاندا. لەبەر ئەوە پێویستە یەکێتی ئەوروپا هاوکاریی دارایی زیاتر بە هەرێمی کوردستان ببەخێشت کە کارێکی مەزنی کردووە لە بایەخدان بەو هەموو ئاوارانە، بەڵام ناتوانێت بە تەنیا ئەم کارە بکات و ناتوانێت خەرجی شەڕی پێشمەرگە لە دژی داعش و خەرجی ئەو هەموو ئاوارانە دابین بکات، ئەگەر بێتوو لە لایەن رۆژئاواوە هاوکاریی دارایی زیاتر نەکرێت.

*** تا چەند ئەم هێرشانە بوونەتە هەڕەشە لەسەر پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ رێزگرتن لە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و تا چەند ئەو رێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر بۆ ئیحتیواکردنی داعش، ئەو بنەمایانە پێشێل دەکەن؟**

- داعش و تەفسیرکردنیان بۆ ئیسلام لە رێ لادان و شێواندنی ئیسلامە و مایەی شەرمەزاری و ئابڕووچوونە بۆ هەر باوەڕدارێك، دڕندەیی و بەربەریەتی مایەی موچڕکە هێنانە بە جەستەی هەر کەسێکدا، نەك هەر لە ئەوروپا، بەڵکو لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە لە نێویاندا رۆژهەڵاتی



ناوەڕاست. لەبەر ئەوە ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە و ئەوە ئەرکی جیهانی شارستانییە کە رووبەڕووی داعش ببێتەوە و ئەمە گۆڕدراوە بۆ شەڕە تەقلیدییەکەی نێوان خێر و شەڕ و داعشیش بەرجەستەکاری شەڕانگێزییە. ئەوەی پەیوەست بێت بە کاریگەری پاراستنی ئاسایش لەسەر ئازادییەکان، ئەوا هەر کاتێك بە هۆی و هەڕەشەی تیرۆریزمەوە رێوشوێنی زیاتر بگرینەبەر، ئەوە بە سەرکەوتنێکی بچووك بۆ تیرۆریستان هەژمار دەکرێت، بەڵام نابێت رێگا بدەین تیرۆریستان کۆنترۆڵی شێوە ژیانی ئێمە بکەن، بەڵکو دەبێت لە سەرچاوەکەوە کێشەکە چارەسەر بکەین، ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کێشەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەر بکەین.

*** ئایا پێتوایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە مۆدێلێك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان و ئەزموونێك بۆ پێکەوەژیان لە ناوچەکەدا؟**

- من هەمیشە پشتیوانیم لە کوردستانێکی سەربەخۆ کردووە، بەڵام تەوقیتی راگەیاندنی سەربەخۆبوونی کوردستان زۆر گرنگە، من ئەوە دەزانم کە سەرۆك بارزانی پێشنیاری ئەنجامدانی راپرسی کردووە لە کوردستان و لەوە دڵنیام کە زۆرینەی کورد دەنگ لە بەرژەوەندی سەربەخۆبوون دەدەن. هەرچۆنێك بێت پێموایە ئەمە ساتەوەختێکی مەترسیدارە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ساتەوەختێك کە پێویستی بە سەرکردایەتی بارزانی و ئازایەتی پێشمەرگە هەیە وەك مۆدێلێك بۆ باقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆخستنەڕووی ئەوەی دەکرێت چی بەدەست بهێندرێت. کاتێك هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت کە دەیەوێت ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوا ئەمە کاریگەری ناسەقامگیرکەری لێدەکەوێتەوە، ئەویش لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە دروستی دەکات لەسەر دەوڵەتە دراوسێکانی، وەك ئێران و تا رادەیەك سووریا- ئەگەرچی سووریا بە هۆی شەڕی ناوخۆییەوە لە پشێویدایە-، بە دڵنیاییەوە تورکیاش کە لە ئێستادا لە شەڕێکی کراوەدایە لەگەڵ پەکەکەدا، لەبەر ئەوە ئەمە ساتەوەختێکی مەترسیدارە بۆ راگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی و بە دڵنیاییەوە سەردەکێشێت بۆ پارچەپارچە بوونی عێراق. لەبەر ئەوە باشترە چاوەڕێی کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆیی سووریا و تێکشکاندنی داعش و گەڕاندنەوەی سەقامگیری بکرێت بۆ ناوچەکە، ئەو کاتە من پشتیوانییەکی بەهێزی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەم.

*** دوا وتەتان چییە؟**

من بە پەرۆشم لە ئایندەی نزیکدا سەردانی کوردستان بکەم، خەڵکی کوردستان بە ئازایەتی و بوێری ناسراون لە بەرامبەر نەهامەتییەکان و خەڵکەکەشی میهرەبانن کە باوەشیان بۆ ئەو ئاوارانە کردۆتەوە کە لە دەستی تیرۆر و شەڕ لە وڵاتانی دراوسێوە هەڵاتوون. بە راستی کوردستان مۆدێلێکە بۆ هەموومان لەم جیهانەدا لەبارەی ئەوەی کە خەڵکی باش و مرۆڤی باش دەتوانن چی بەدەست بهێنن.

**پەرۆشم لە ئایندەی نزیکدا سەردانی کوردستان بکەم، خەڵکی کوردستان بە ئازایەتی و بوێری ناسراون لە بەرامبەر نەهامەتییەکان و خەڵکەکەشی میهرەبانن کە باوەشیان بۆ ئەو ئاوارانە کردۆتەوە کە لە دەستی تیرۆر و شەڕ لە وڵاتانی دراوسێوە هەڵاتوون**

# قۆناغی سێیەمی پرۆسەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستان



د.چواس حەسەن*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

جۆرج پۆردۆ لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (دەوڵەت - الدولە)، لە بارەی دامەزرانی دەوڵەتەوە دەڵێت: «هەرچەندە ئەو کاتە دەوڵەت دادەمەزرێت کە دەسەڵات بە دامەزراوەیی دەکرێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە ڕێکەوت دروست نابێت، بەڵکو بە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك مەرج و فاکتەر لە ساتەوەختێکدا بە یەکەوە وا دەکەن دامەزراندنی دەوڵەت لە یەك کاتدا گونجاو و پێویستیش بێت. ئەم مەرجانە، مەرجە مەوزووعییەکانی بیرۆکەی دەوڵەتن، بەڵام بەس نین بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەت، بەڵکو پێویستیان بە پشتیوانی و ئامادەیی دەروونی کۆمەڵگە و سەرکردەکانیش هەیە.»

سەرەڕای ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە کۆبوونەوەی هەندێك فاکتەر هەیە لە ساتەوختێکدا، ئەم فاکتەرانە وا دەکەن کە لە لایەك دەوڵەت پێویست بێت دابمەزرێت و لە لایەکی تریشەوە گونجاو بێت بۆ ئەوەی دابمەزرێت. واتا تەنیا پێویستبوونەکەی بەس نییە، بەڵکو دەبێت گونجاویش بێت. بەلای پۆردۆ-وە (پێویست بوون و گونجان)یش بەس نییە، چونکە دەوڵەت لە خۆوە دانامەزرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی مرۆڤ کردە و پێویستی بە بڕیاری کۆمەڵگە هەیە، ئەو بڕیارەش دەخوازێت کۆمەڵگە، یان سەرکردەکانی لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەییان تێدا بێت بۆ ئەو پرۆسەیە و پشتیوانی بکەن.

لێرەوە (پۆردۆ) یارمەتیمان دەدات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییانەی کە پێویستە لە ئان و ساتی ئێستادا لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی زانستییانە گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت. وەك ئایا مەرجەکانی دامەزراندنی دەوڵەتمان هەیە؟ ئایا کۆمەڵگەکەمان یان سەرکردەکانمان ئامادەیی دەروونییان هەیە بۆ ئەو بڕیارە چارەنووسسازە؟

لە ڕاستیدا ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر، سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان، ئەو کاتەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون، کەچی ئەو کات کورد نەیتوانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێت و هێشتاش بێ دەوڵەتە، ئایا چەند لە پرۆژەی دەوڵەتی کوردستانەوە دوورین؟

پێش دوو ساڵ لەمەوبەر بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: چیتر سیستەمی فیدراڵی ناتوانێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پێوەندی نێوان کورد و بەغدا ڕێکبخات، بەڵکو پێویستە بیر لە فۆرمێکی دیکە لەو دیو فیدراڵییەوە بکرێتەوە. ئەم وتەیەش پاشان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕوون کرایەوە بەوەی پێویستە دەوڵەتی کوردستان لە باشووری هەرێم دابمەزرێت، ئەمەشی وەك پێویستییەکی قۆناغەکە بۆ گەلی کورد دیاری کرد.

هەفتەیەك لەمەوبەر بەڕێز سەرۆکی حکومەتی

هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە (دیداری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی) دووپاتی ئەو ڕاستییەی کردەوە کە هەموو فۆرمەکانی پێوەندیی کورد و بەغدا، هەر لەلامەرکەزییەوە تا دەگاتە فیدراڵی، شکستیان خوارد و نەیانتوانی چارەسەری کێشەکانمان بکەن. بە واتای ئەوەی هیچ ڕێگایەکمان لە بەردەمدا نەماوە جگە لە فۆرمێك کە لەو دیوی فیدراڵیدایە، ئەویش لە هەموو بارێکدا خۆی کەمتر نابینێتەوە وەك لە جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

کەواتە پرسیار ئەوەیە ئێمە ئامادەین بۆ دامەزراندن، یان ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان؟ ئایا لە پرۆسەی دەوڵەتسازیدا لە کوێین و گەیشتووینەتە کوێ؟

لە ڕاستیدا گەر لە چوارچێوەی مێژووی باشووری کوردستان لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا سەیری پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان بکەین، ئەوا دەتوانم بڵێم لە قۆناغی (سێیەم) و کۆتایی دەوڵەتی کوردیداین. ئەم سێ قۆناغەش بریتین لە:

**● قۆناغی یەکەم: دەرچوون لە حاڵەتی ساندمان بروسی** Sandemon-Bruce

لەوانەیە کاتی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهان، بۆ کورد لە هەموو نەتەوەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەگونجاو و خراپتر بووبێت. گەر هاتباو ئەو جەنگە سەد ساڵ پێشتر، واتا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بەرپا ببوایە، ئەوا بێگومانم لەوەی کە چانسی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان، یان چەند دەوڵەتێکی کوردستانی زۆر زۆر گەورە دەبوو.

لە سەرتای سەدەی بیستەمدا، ئەوکاتەی جەنگی یەکەمی جیهان هەڵگیرسا و ئەو کاتەی بەریتانیا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت دەوڵەتی عوسمانی هەڵبوەشێت، هەمووان نەتەوەخوازەکانی عەرەب، فارس، جوولەکە، تەنانەت تورك خۆشیان بۆ ئەو ڕووداوە گەورەیە ئامادەبوون، بەڵام ئەوەی ئامادە نەبوو تەنیا کورد بوو، چونکە کوردستان لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی ڕابردووی خۆیدا قەت هێندەی سەرەتای سەدەی بیستەم بێ دامودەزگا و بێ دەسەڵات نەبوو، میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی نۆزدەدا لەناو برابوون، کوردستان تا ئەوپەڕی بە سەر خێڵ و عەشیرەت و ناوچەی دەسەڵاتی بچووك بچووکدا دابەش ببوو، هیچ شتێك بە یەکەوە کۆی نەدەکردنەوە، بەڵکو کێشە و شەڕ و شۆڕشیان لە نێواندابوو. بۆیە نووسەری گەورە (جەرجیس فەتحوڵڵا) لە کتێبەکیدا بەناونیشانی (ڕاچەنینی کورد- يقظة كورد) بارودۆخی کوردستان لەو سەردەمەدا بە بارودۆخی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا دەشوبهێنێت، ئەو کاتەی لە ئەورووپا نزیکەی ٣٠٠ دەوڵەت و ئیمارات و ناوچەی دەرەبەگی هەبوون و پێکیاندا دەدا.

لە ناوبردنی ئیماراتە کوردییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانییەوە بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا دروست کرد، بۆشاییەك کە پڕ نەکرابووەوە، بۆیە پارچە پارچە بوونی کوردستان یەکێك لە دەرنجامە هەرە مەترسیدارەکانی بوو، هیچ ڕایەڵەیەکی فیکری، یان ئابووریش نەبوو ئەو کۆمەڵگە فراوانە بە یەکەوە ببەستێتەوە. ڕۆژهەڵاتناسەکانی وەك مینۆرسکی و ویلیام مللر و فاسیل نیکیتن-یش کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەستی نەتەوەیی کورد، لەو سەردەمەدا زۆر لاواز بوو، بە شێوەیەك کورد لەو ساتەوەختە ناسکەدا نەتوانێت ئیرادەیەکی یەکگرتوو دروست بکات، تا پێی بچێتە گۆڕەپانی شەڕ و سیاسەتی ناوچەکە و بەشێك بۆ خۆی وەدەست بهێنێت. هەر بۆیەشە نەتەوەی کورد لەکاتی جەنگەکەدا بوو بە ژێردەست و پێی سوپاکانی رووس و تورك و بەریتانییەکانەوە، ماڵ و خاکیشی تاڵان و وێران کرا، نزیکەی ١٠٪ی لاوەکانی لە بەرەکانی جەنگ کوژران و بەهای خوێنەکانیشیان بووە دەستکەوت بۆ نەتەوەکانی وەك تورك و عەرەب و فارس و ئینگلیز.

لەو سەردەمەدا شتێك نەبوو بە ناوی ڕای گشتی کوردی، ڕاگەیاندنی کوردی، پارتی سیاسیی کوردی، بەشی هەرە زۆری خەڵکی کورد نەخوێندەوار بوون، ئەو کۆمەڵە و گروپە کوردییانەشی کە باسیان لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد و هەوڵیان بۆ دەدا، (جەرجیس فەتحوڵڵا) وتەنی لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین و کەسیش گوێی لە هاواریان نەبوو. بۆیە فاکتەری کوردی لە ناوچەکەدا خاوەنی پرۆژە و جیهانبینی خۆی نەبوو، بەڵکو لە چوارچێوەی جیهانبینی ئەوانی تردا دەسووڕایەوە، ئەو کاتەی هێشتا کورد خەونی بە ئۆتۆنۆمییەك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەبینی، نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە خەریکی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون، ئەو کاتەشی کورد بۆی دەرکەوت کە مەسەلەکە زۆر فراوانە بۆیە بە بێ دەسەڵات و ئامراز و ئامادەیی داوای دەوڵەتی کوردستان دەکرد، تا بێ دەستکەوت لێی دەرچوو.

ئەم پارچە پارچەیەی ئیرادەی کورد و نەبوونی دامەزراوەی دەسەڵات، وای لە ئینگلیزەکان کرد لە بری ئەوەی دەوڵەتی بۆ دابمەزرێنن، کەچی خستیانە ژێر سیاسەتێکیانەوە، لەمەوپێش لەگەڵ هۆزەکانی ناوچە دوور و چیا سەختەکانی بلوجستان لە هیندی گەورەدا پەیڕەوییان لێ کردبوو. ئەو سیاسەتە لە لایەن سێر (ڕۆبەرت ساندمان)ەوە پێشنیار کرابوو وەك فۆڕمێکی پەرەدان بە سەرروەری و دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەو ناوچانەی کۆمەڵگەکانیان زۆر دواکەوتوون و بەسەر خێڵەکاندا بە شێوەیەك دابەشبوون کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسیدا کۆبکرێنەوە و ڕێکبخرێن و حوکم بکرێن. بە کوردییەکەی ئەم سیاسەتە بۆ ئەو گەلانە پەیڕەو دەکرا کە لە ئاستی ئەوەدا نەبوون وەك دەوڵەت، یان هەر قەوارەیەکی سیاسی مامەڵەیان

**ئەو کاتەی هێشتا کورد خەونی بە ئۆتۆنۆمییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەبینی، نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە خەریکی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بوون**

**پێش دوو ساڵ لەمەوبەر بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: چیتر سیستەمی فیدراڵی ناتوانێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پێوەندی نێوان کورد و بەغدا ڕێکبخات، بەڵکو پێویستە بیر لە فۆرمێکی دیکە لەو دیو فیدراڵییەوە بکرێتەوە. ئەم وتەیەش پاشان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە روون کرایەوە بەوەی پێویستە دەوڵەتی کوردستان لە باشووری هەرێم دابمەزرێت، ئەمەش وەک پێویستیەکی قۆناغەکە بۆ گەلی کورد دیاری کرد**

**هاووڵاتی کوردستانی چاوەڕوانی یەکەمی لە دەوڵەتی کوردستان ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی (میهرەبان و دادپەروەر)ی بۆ بەدیبهێنێت. ئەمەش بێگومان بە لە نێوبردنی ناداد پەروەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە لەناوبردنی گەندەڵی دەبێت، بەمەش ئامادەیی دەروونی بۆ هاووڵاتی دروست دەبێت تا ئەوپەڕی پشتیوانی لە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بکات**

**بارزانی بەو ڕاگەیاندنەی ئەو ساتەوەختە دیاری دەکات کە پۆردۆ لە بارەی دامەزرانی دەوڵەتەوە باسی لێوە دەکات، لەوەی دەوڵەت پرۆسەیەکی مرۆڤ کردە و دەبێت مرۆڤەکان خۆیان بڕیاری کۆتایی لەبارەی پێویست بوون و گونجانیەوە بدەن**

لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو هەر سەرۆك خێڵ و عەشیرەت و ناوچەیەك بە تەنیا ڕێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدرا و بە پارە ملکەچییان دەکرِدرا لە بەرامبەر هەندێك ئەرکی وەك پاراستنی ناوچەکە، یان پاراستنی ڕێگای بازرگانی، یان کێشە دروست نەکردن بۆ سوپای ئینگلیز. دواییش کوردیان خستە ژێر ڕکێفی بەغدا.

لەو راستییەی سەرەوە، هەرچەند دەوڵەتی کوردستان بۆ نەتەوەی کورد پێویست بوو، بەڵام بەو حاڵەوە وەك پێردۆ ئاماژەی پێداوە گونجاو نەبوو، بۆیە پێش هەموو شتێك دەبوایە کورد لە حاڵەتی (ساندمان)ی خۆی ڕزگار بکات. بۆیە بە درێژایی سەدەی بیستەم کورد سەرقاڵی ئەو پرۆسەیە بوو، ئەمەش بە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە نێو سەرجەم کۆمەڵگەی کوردیدا لە بری ئەوەی تەنیا قەتیس ببێت لە ناو دەستەبژێرێکدا، هەروەها بە ڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوەکانی خوار دەوڵەت وەك گروپ و کۆمەڵە و پارتە سیاسییە کوردییەکان، لێرەوەیە بارزانی بە دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان). بیر لە یەکخستنی سەرجەم حزبە کوردییەکان و کەسایەتییە نەتەوەپەروەرەکان دەکاتەوە هەروەها بە ڕێگەی پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، ڕۆژنامەگەری کوردی، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری (قوتابخانەی کەشتی نوح)، چنینی ئاڵای کوردستان لەبری ئاڵای هەر ناوچە و عەشیرەتێك، زیندووکردنەوەی یادە نەتەوەییەکانی وەك (نەورۆز)، چڕینی یەك سروودی نەتەوەیی نیشتمانی (سروودی ئەی ڕەقیب)، پاشان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گونجاو بوو شۆڕشێکی سەرتاسەریی بەردەوامی وەك شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بکات، کە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی بریتییە لە بەدامەزراوەیی کردن و سەرتاسەری کردنی پێشمەرگایەتی، بەچۆکداهێنانی دوژمنانی کورد و دانپێدانیان بە کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە و تایبەتمەندی و خاوەن زەوی لە عێراقدا لە بەیانی ١١ ئازاری ١٩٧٠ دا.

واتا قۆناغی یەکەم لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بریتی بوو لە قۆناغی دروستکردنی ڕایەڵە فیکری و دامەزراوەییەکانی خوار دەوڵەت کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە یەك دەگرێت و دەبێتە خاوەنی یەك ئیرادەی یەکگرتوو.

**● قۆناغی دووەم: ئامادەکردنی پێداویستییەکانی دەوڵەتی کوردستان**

ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و پاشانیش کۆڕەو یەك ئاماژەمان نیشان دەدەن کە قۆناغی یەکەمی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان سەرکەوتوو بوو. چونکە ڕاپەڕین سەرتاسەری بوو، هەموو باشووری کوردستانی گرتەوە، سەرکردایەتیەکی سیاسی هەبوو کە سەرکردایەتی ڕاپەڕینی دەکرد. پاش ماوەیەکی کەم لەڕاپەڕینیش تێکڕا هەموو کورد دەستبەرداری هەموو ماڵ و سەروەت و سامانی بوو، وەك هەڵوێستێك لەهەمبەر گەڕانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری کۆڕەوی کرد. ڕووداوەکانی دوای ئەوەش کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمدا، ئاماژەن لەسەر ئەوەی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا گەیشتبووە لانیکەمی یەکدەنگی و بەیەکەوە بوون و وابەستەیی و یەکدەستی، تا ئەوەی بتوانێت لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانیدا لە ڕووی جوگرافی و ئابووری و بیروباوەڕی سیاسیدا، بەیەکەوە و وەك خاوەنی یەك بەرژەوەندی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات.

دامەزراندنی هەرێمی کوردستان بە سەرجەم دامودەزگا و سیستەمی یاسایی و سیاسی و ئابوورییەکەیەوە، وەك یەکەم قەوارەی کوردیی خۆکرد، بەهایەکی مەزنی هەیە و هەنگاوێکی گەورەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیدا، چونکە یەکێك لە پێش مەرجەکانی دامەزراندنی دەوڵەت بریتیە لەوەی کۆمەڵگە خاوەن ڕێکخستنێکی سیاسی تایبەت بەخۆی بێت. واتا دەبێت کۆمەڵگە بگاتە ئاستێکی دامەزراوەیی گشتی گونجاو و لەبار تا لە داهاتوودا بتوانێت بە ئەرکە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەت هەڵبستێت.

بەرەنجامی ئەو دامەزراوانە بوون کە کورد توانی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری، لەپێگەی هێزەوە و زۆر چالاکانە بەشداری بکات لە پرۆسەی ڕزگاری عێراق و پاشانیش دووبارە داڕشتنەوەی عێراق. بە شێوەیەك کورد توانی لە بەرامبەر دووبارە یەکگرتنەوەی لەگەڵ عێراقدا فۆرمی فیدراڵی بەسەر دەوڵەتی عێراقدا بسەپێنێت. هەروەها کورد توانی سوود لە دەرفەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی بەردەمی لەو قۆناغەدا ببینێت، لە گرنگترین دەستکەوتەکانی کورد لە قۆناغی دووەمدا کە بوون بە بنەمای سەرەکیی دابینکردنی پێداویستییەکانی دەوڵەتی کوردستان بریتین لە یەکەم: دامەزراندنی سیستەمێکی بەرگری و پاراستنی ئاسایش لەگەڵ سەربەخۆیی ئابووری کە دوو مەرجی گرنگ و سەرەکیی ناوخۆیی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن، چونکە هەمیشە بەغدا ئامرازی هێز و ئابووری بەکار هێناوە بۆ مسۆگەرکردنی ملکەچ پێکردنی کورد تا لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە. دووەم: فراوانبوونی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی کورد لە سەر هەردوو ئاستی ناوچەیی و جیهانی بە شێوەیەك کە هەرێمی کوردستانی کردۆتە خاوەن پێگەیەکی قورس و بە بەها لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا. بە شێوەیەك سەرکردایەتی کورد گەیشتۆتە ناوەندە بڕیاردەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و لە توانایدایە بەو ئامرازانەی لەبەر دەستیدان، کاریگەری هەبێت لەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە کوردەوە، بەپێچەوانەی سەرەتای سەدەی بیستەم کە کورد تەنیا وەك ئامرازێك بەدەست لایەنەکانی دیکەوە بوو بۆ بەدیهێنانی ویست و بەرژەوەندییەکانیان.

**• قۆناغی سێیەم: ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان**

ماوەی ساڵێکە سەرۆك بارزانی ڕاشکاوانە بە گوێی جیهانیدا داوە کە کورد مافی خۆیەتی ڕیفراندۆم لە سەر چارەنووسی خۆی سازبدات، داواشی لە سەرجەم هێز و پارتە سیاسییەکان کرد کە ئامادەباشی بۆ ئەو پرۆسە گەورە چارەنووسسازە بکەن و ئامادەیی دەروونییان بۆی هەبێت و پشتگیری لێ بکەن.

ئەم ڕاگەیاندنەی بارزانی تەنیا ویستێکی کەسی نییە، بەڵکو پتر خوێندنەوەی سەرکردەیەکی خاوەن ئەزموونی گەورەی خەبات و تێکۆشانی ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، کە پتر لە نیو سەدەیە لە ناوەندی بڕیاردانی کوردیدایە و ئاگاداری ورد و درشتی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەیەتی. خوێندنەوەی سەرکردەیەکە بۆ سەرجەم فاکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. هەردوو ڕاگەیاندنەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئامادەیی دەروونی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاوێکی چارەنووسسازی گەورەی وەك دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نیشان دەدەن.

بارزانی بەو ڕاگەیاندنەی ئەو ساتەوەختە دیاری دەکات کە پۆردۆ لە بارەی دامەزرانی دەوڵەتەوە باسی لێوە دەکات، لەوەی دەوڵەت پرۆسەیەکی مرۆڤ کردە و دەبێت مرۆڤەکان خۆیان بڕیاری کۆتایی لەبارەی پێویست بوون و گونجانیەوە بدەن.

بەڵێ ئێستا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە باشووری کوردستان لە هەموو کاتێکی دی پێویستتر و گونجاوترە.

پێویستە، چونکە هەرێمی کوردستان، لانیکەم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، هەرێمێکە بە ئەرکی دەوڵەت هەڵدەستێت لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیشدا. لەئاستی نێوخۆییدا، ئەوەتا بەرپرسیارەتی بەخێوکردن و بەڕێوەبردنی پێنج ملیۆن هاووڵاتی لەسەرشانە لە گشت بوارەکانی ژیاندا. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش بووەتە جێگای حەوانەوەی نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەری ڕاکردووی دەستی شەڕ و شۆڕە نێوخۆییەکانی عێراق و ناوچەکە، لە هەمان کاتدا بە درێژایی هەزار کیلۆمەتر، لە بری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە سەر زەوی شەڕی مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی نێودەوڵەتی دەکات. هەموو ئەو ئەرکانەی دەوڵەتیش بە ئامرازەکانی خوار دەوڵەت وەك هەرێمێکی فیدراڵی بەڕێوە ناچن، بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بڕیاری خۆی لەو بارەیەوە بدات و لە بری ئەوەی پاشەکشە بکات لەو ئەرکانەی سەرەوە، ئەوا بڕیار بدات ئاستی ئامرازەکانی دەستی خۆی بەهێزتر بکات و بیگوازێتەوە بۆ ئاستی دەوڵەت.

گونجاوە، چونکە ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و لە گرفت و کێشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆر گەورە گلاوە بەشێوەیەك زۆربەی ناوەندەکانی بڕیاردانی ناوچەیی و جیهانی کۆکن لەسەر پێویست بوونی دووبارە دارشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەك لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان و پێداویستییە ئاشتەوایی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بگونجێن. لێرەوەیە پێویستە گەلی کورد سوود لەو دەرفەتە گونجاوە ببینێت و بۆ گەیشتن بە مافەکانی بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بدات.

گرنگترین ئامادەکارییەکانی کورد بۆ ئەم قۆناغە بریتین لە :

١) ڕێگری بکرێت لە گەڕانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ حاڵەتی (ساندمان)ی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان، واتا گەڕانەوە بۆ پارچە پارچە بوون و پەرش و بڵاوی، کە ویستی سەرەکی ناحەزانی دەوڵەتی کوردستانە. ئەمەش بە ڕێگەی نانەوەی پشێوی کۆمەڵایەتی و قەیران دروستکردن و قووڵکردنەوەیان، چونکە ئاشکرایە کە پشێوی ناوخۆ و لاوازی دامودەزگا سیاسییەکان کاریگەری نەرێنی دەبێت لە سەر ئامادەیی دەروونی کۆمەڵگە بۆ هەنگاوێکی مەزنی وەك دەوڵەت دامەزراندن.

٢) پشتیوانی تەواوی پرۆسەی چاکسازی ناوخۆی هەرێم کە سەرۆکی هەرێم بڕیاری لە بارەوە داوە، چونکە هاووڵاتی کوردستانی چاوەڕوانی یەکەمی لە دەوڵەتی کوردستان ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی (میهرەبان و دادپەروەر)ی بۆ بەدیبهێنێت. ئەمەش بێگومان بە لە نێوبردنی نادادپەروەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بە لەناوبردنی گەندەڵی دەبێت، بەمەش ئامادەیی دەروونی بۆ هاووڵاتی دروست دەبێت تا ئەوپەڕی پشتیوانی لە دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بکات. دەبێت هاووڵاتی پێناسەی ئەو دەوڵەتەی لەلابێت و لێشی دڵنیابێت کە دەوڵەتێکی میهرەبان و دادپەروەر دەبێت.

٣) پێناسەکردنی ماهییەت و ناوەڕۆکی دەوڵەتی کوردستان بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی کە لە هەرێمی کوردستان دەژین، بە شێوەیەك باوەڕیان پێ بهێندرێت و دڵنیا بکرێنەوە لەوەی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا ماف پارێزراو دەبن و لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە یەکسان دەبن.

لە کۆتاییدا، دەبێت بزانین کە ئێستا کۆمەڵگەکەمان لە قۆناغی سێیەم و کۆتایی دامەزرانی دەوڵەتدا دەژیت، بۆیە پێویستە هەمووان لەسەر ئاستی تاك و گروپەکانیش لە ئاست داخوازی و پێداویستیەکانی ئەو قۆناغەدا بین، ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێت لەبەرەوپێش چوون، تازە کورد ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش قۆناغی دەوڵەتی کوردستان.

**دامەزراندنی هەرێمی کوردستان بە سەرجەم دامودەزگا و سیستەمی یاسایی و سیاسی و ئابوورییەکەیەوە، وەک یەکەم قەوارەی کوردیی خۆکرد، بەهایەکی مەزنی هەیە و هەنگاوێکی گەورەیە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیدا، چونکە یەکێک لە پێش مەرجەکانی دامەزراندنی دەوڵەت بریتیە لەوەی کۆمەڵگە خاوەن ڕێکخستنێکی سیاسی تایبەت بەخۆی بێت**

**قۆناغی یەکەم لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بریتی بوو لە قۆناغی دروستکردنی ڕایەڵە فیکری و دامەزراوەییەکانی خوار دەوڵەت کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە یەک دەگرێت و دەبێتە خاوەنی یەک ئیرادەی یەکگرتوو**



هەرێمی کوردستان لە بەردەم بارودۆخێکی هەستیار و ئاڵۆزدایە، لە هەمان کاتدا بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت، لەم واقیعە پڕ لە ئاڵۆزی و گۆڕاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسی و ئابووری خستۆتە گەڕ، جێگای نائومێدیشە پەکەکە و هەندێك لایەنی سیاسی لە ناوخۆی باشووری کوردستان و لەم قۆناغەدا هەوڵدەدەن هەرێمی کوردستان تووشی بارێکی ناسەقامگیری دژوار بکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.عومەر ڕەنگینی مامۆستای سکوڵی ئیسلامی لە زانکۆی سلێمانی ئەنجام دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**د. عومەر ڕەنگینەیی** مامۆستای سکوڵی ئیسلامی لە زانکۆی سلێمانی بۆ گوڵان:

# کورد لە ئێستادا پێویستی بە کەسایەتی بارزانی هەیە و ئەزموون و حیکمەتی ئەو، خزمەتی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات

*** کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت و پرۆسەی سەربەخۆیی بەرەو پێشەوە دەچێت، ئایا چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێنیتەوە و تا چەند کەشتی سەربەخۆیی لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی دەگاتە کەناری ئارام؟**

- بێگومان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان و دەوروبەری بەتایبەتی بە ئاڵوگۆڕێکی ریشەییدا تێدەپەڕێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین ناوچەکە گڕی گرتووە. لە ناو ئەم دۆخە پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزییەدا هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەدا دەچن کە رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بەرەو کۆتایی دەچێت و دوور نییە سنوورە کۆنەکان هەڵبوەشێتەوە، تەنانەت رەنگە زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سەر چەند ناوچەیەکدا دابەش بێت، -فیدراڵی بێت، یاخود سەربەخۆیی-، ئێمەی کوردیش کە سەدەیەکە بە دەست رێککەوتننامەی سایکس پیکۆوە دەناڵێنین، لە ئێستادا دەرفەتێکی مێژوویی مان بۆ هەڵکەوتووە کە دەکرێت سوودی لێوەربگرین و بەرەو سەربەخۆییمان بەرێت، ئەمەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر هەموو هێزە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی، بەتایبەتیش لە باشووری کوردستاندا، هەر بۆیە زۆر گرنگە لەم قۆناخەدا هێزە سیاسییەکان بەرەو یەکگوتاری بڕۆن و هیچ نەبێت لە پێشدا لە باشووری کوردستان، کە من پێموایە یەکگوتاری و یەکڕیزیی ناوماڵی کورد لە کوردستانی باشوور دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەهەمان ئاراستەدا بڕۆن، بەڵام ئەوەی منی زۆر نیگەران کردووە و جێگای داخە ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە بری ئەوەی هەموان لە دەوری حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببنەوەو بە ئاراستەی سەربەخۆیی بچن، کەوتوونەتە ململانێیەکی توند، لەکاتێکدا دەبووایە پاڵپشتی ئەو حکومەتەیان بکردایە کە موڵکی یەك حزب نییە و بەرهەمی دەریایەك خوێنی شەهید و سەدان ساڵ قوربانییە، بەرهەمی ئەو خەباتەیە کە لە سەردەمی شێخ مەحموود و ژەنەراڵ بارزانی تا ئێستا قوربانی داوە. ئەگەر ئەم حزبە سیاسییانەی کوردستان بەرژەوەندیی میللەتیان دەوێت، دەبێت لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە بۆ ئەوەی یەکگوتاریان هەبێت و بە ئاراستەی سەربەخۆیی بڕۆن، چونکە ئێمە ئەزموونێکی دوور و درێژمان هەیە لەگەڵ بەناو فیدراڵی و بەناو حوکمی زاتی کە لە هیچ کام لەم ئەزموونانە سەرکەوتوو نەبووین، تاکە ئەزموونێك کە دەتوانێت بەرەو کەناری ئارامیمان بەرێت، سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستانە. ئالێرەدا بۆمان دەردەکەوێت چەند گرنگە یەکڕیزی و یەکگوتاریی هێزە سیاسییەکان کە لەم قۆناغەدا پاڵپشتی لەو بانگەشەیەی سەرۆك بارزانی بکەین بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست بهێنین و دواتر بتوانین پارێزگاریشی لێبکەین.

*** ئێستا لە ناوچەی سلێمانی جۆرێك لە میدیا بە ئاشکرا دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان دەنووسن، کۆمەڵێك هەرزەکار و گەنجی هاندراو هەن، دژایەتی ئەو کەسانە دەکەن کە بڕوایان بە سەربەخۆیی هەیە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە ژینگەی سیاسیی سلێمانی ژینگەی قوربانیدان بووە بۆ سەربەخۆیی، ئایا دەرکەوتنی ئەمجۆرە بۆچوونانە لە ژینگەیەکی قارەمانپەروەری وەك سلێمانی بۆچی دەگێڕیتەوە تاچەند دەستی دەرەکی لە پشتە؟**

- من خۆم خەڵکی سلێمانیم و شایەتحاڵی ئەوە دەدەم کە سلێمانی هەمیشە مەڵبەندی کوردایەتی و قوربانیدان بووە، هەر بۆیە ئەو شارە بە (شاری هەڵمەت و قوربانی) ناوبانگیشی دەرکردووە، تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی حزبە کوردستانییەکان و حزبەکانی پێشتریش وەکو حزبی هیوا و رزگاری سەرچاوەکەی لە سلێمانییەوە بووە، جێگای نیگەرانییە کەسانێك لەناو ئەم ژینگەیەدا بێن و لە میدیاکانەوە بانگەشەی ئەوە بکەن دژی سەربەخۆیی کوردستان بن، ئەگەر ئەو کەس و گرووپانەش کە پێشتر لەناو ئۆپۆزسیۆندا بوون، دەبێت ئەو راستییە بزانن کە ئۆپۆزسیۆنیش بن، نابێ دژی سەربەخۆیی کوردستان بن، بەتایبەتی لە ئێستادا کە کیانێکی سەربەخۆمان نییە، هەر بۆیە ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت رەخنەی هەبێت و بەرنامە و پرۆژەی بۆ گۆڕانکاری لە وڵاتدا هەبێت، نەك ئۆپۆزسیۆن یا حزبە سیاسییەکان لە هەوڵی یەکتر سڕینەوە و رەشکردنەوەی پارتێکی سیاسی دیکەدا بن، لە کاتێکدا ئەزموون دەریخستووە کەس ناتوانێت بەرامبەرەکەی بسڕێتەوە، رێزم هەیە بۆ ئەو کەسایەتییانەی کە پێشتر لە ناو ئۆپۆزسیۆندا بوون کە من لە نزیکەوە زۆریان دەناسم، بەڵام وەکو کەسێکی ئەکادیمی قسە دەکەم و دەبێت بزانین حیکمەتی حزبی سیاسی و ئۆپۆزسیۆن لە ناو پرۆسەی دیموکراتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا سڕینەوەی بەرامبەر نییە و لە دنیای دیموکراتییەتدا ئۆپۆزسیۆن یارمەتیدەرە بۆ حکومەت، لەلایەکی ترەوە ئێمە لە کوردستان کیانێکمان هەیە کە دەوروپشتی ئاگرە و ئەم کیانە ئەگەر هەڵە و کەموکورتیشی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا هەبێت، لەباربردنی کارەساتە بۆ نەتەوە، هەر بۆیە ئەمەی لە سلێمانی روودەدات بەتایبەتی لەناو هەندێك لە میدیاکانەوە بۆ ناکامڵبوونی سیاسی دەگەڕێتەوە، چۆن دەبێت لە دژی سەربەخۆیی کوردستان بین و لە هەوڵی رووخاندنی حکومەتدا بین، لە کاتێکدا دەبێت لە هەوڵی ئەنجامدانی چاکسازی لە حکومەت و دروستکردنی کیانی سەربەخۆ بین؟ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان دژایەتیکردنی خوێنی شەهیدان و بیروبۆچوونیانە، چۆن دەبێت دژی بیروبۆچوون و ئامانجی شەهیدەکانمان بووەستینەوە؟ بۆیە من داوا لە هەموو رۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ و سیاسەتمەدار و حزب و هێزە سیاسییەکان و گشت چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە دەکەم با کار بۆ خاڵی هاوبەش و یەکبوونمان بکەین، زۆر ئاساییە خاڵی جیاوازیشمان هەبێت، هەروەکو چۆن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە باس لەوە دەکات چۆن دیالۆگ لەگەڵ ئایینزاکانی تردا بکەین دەفەرموێت: (تعالوا إلى كلمة سواء

**پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی حزبە کوردستانییەکان و حزبەکانی پێشتریش وەکو حزبی هیوا و رزگاری سەرچاوەکەی لە سلێمانییەوە بووە، جێگای نیگەرانییە کەسانێک لەناو ئەم ژینگەیەدا بێن و لە میدیاکانەوە بانگەشەی ئەوە بکەن دژی سەربەخۆیی کوردستان بن**

**ئەگەر بەحزبیکردنی ئیسلام لە پێناو یەکبوونی موسڵمانان بێت و ئاراستەیان بکات بەرەو یەکبوون و خۆشەویستی و برایەتی، ئەوا کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر حزبێک کە ناوت نا حزبی ئیسلامی بووە هۆکارێک بۆ لێکترازان و دووبەرەکی ناو کۆمەڵگەی موسڵمان ئەوە، حەرام و قەدەغەیە لە ئیسلامدا**

**بەحزبیکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام مەسەلەیەکی فقهییە و تەنانەت زۆرێک لە زانایانی ئایینی ئیسلامی بەحزبیکردنی ئایینیان رەتکردۆتەوە و پێیان باش نییە بە ناوی ئیسلامەوە حزب هەبێت**

**با قەوارە و کیانی سەربەخۆی خۆمان هەبێت و بگەینە ئامانج و خەونە گەورەکە کە سەربەخۆیی کوردستانە، ئەو کات با ململانێ لە سەر دەسەڵات و پۆست لە ناو چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و نیشتمانپەروەری بکرێت**

**لەناو حکومەت هەندێک هێز هەن لە بری ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەر بن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری، کەچی وەکو دەرفەتێکی حزبی ئەم نەهامەتییە دەقۆزنەوە تاوەکو چەند دەستکەوتێکی حزبییان دەست بکەوێت**

**ئومێدەوارم سەرکردایەتی پەکەکە ژیرانەتر و بە کامڵبوونێکی سیاسییەوە بیر لەوە بکەنەوە کە شێواندنی هەرێمی کوردستان و زیانگەیاندن بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەم هەرێمە هەمووومان زیانمان بەردەکەوێت بە پەکەکەشەوە لەپێشدا**

بیننا و بینکم ) راستە ئێمە لە زۆر رووەوە جیاوازین، بەڵام با کۆ ببینەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان کە خاڵی هاوبەشمان زۆرە، بەتایبەتی لە پرسی سەربەخۆیی کوردستاندا کە بڕوام وانییە کوردێك هەبێت لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە ئاوات و ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان نەبێت.

*** لە ئێستادا هەست دەکرێت لایەنێکی وەکو پەکەکە بە پشتیوانی دەستی دەرەکی هەوڵدەدەن هەرێمی کوردستان تووشی بارێکی ناسەقامگیری و دژواری بکەن، ئایا پەکەکە بۆچی ئەم کارە دەکات و بۆچی حەزیان لێیە ئەزموونەکەی کوردستان تێکبچێت؟**

- پەکەکە هێزێکی گەورەیە و رێزم هەیە بۆ هەموو گەریلایەك کە لە پێناو کوردستاندا چەکی لەشان کردووە، هیوادارم پەکەکە زۆر لەوە گەورەتر بێت کە هەوڵی لەباربردنی ئەزموونی کوردستان و دۆخی نائارامی و ناسەقامگیری بدات، ئەوەی دەمێنێتەوە سەرکردایەتی پەکەکەیە لە قەندیل، پرسیار ئەوەیە: ئایا گەریلا، یا چەکدارەکانیان بە چ ئاراستەیەکدا دەبەن؟ ئومێدەوارم سەرکردایەتی پەکەکە ژیرانەتر و بە کامڵبوونێکی سیاسییەوە بیر لەوە بکەنەوە کە شێواندنی هەرێمی کوردستان و زیانگەیاندن بە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەم هەرێمە هەموومان زیانمان بەردەکەوێت بە پەکەکەشەوە لەپێشدا، چونکە کوردستانی باشوور چرایەکی رووناکە بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان. ئەگەر شتێکی وا لە ئارادا بێت و هێزگەلێك لە کوردستانی باشوور بە قینی ئەستوور لە پێناو ململانێی خۆیان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیان هەبێت، ئەوا بە هەڵەدا دەچن و ئەوەش تەنیا لە بەرژەوەندی نەیاران و داگیرکارانی کوردستاندایە لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

*** هاوشانی ئەو تەحەدییە سیاسییانەی رووبەڕوومان بۆتەوە، ئێستا قەیرانێکی دارایی گەورەش رووی تێکردووین، لەم قۆناغەدا زۆر پێویستە حزبە سیاسییەکان جیاوازییەکان بەلاوە بنێن و لەسەر ئەو تەحەددی و قەیرانە سیاسییە هاودەنگ و هاوهەڵوێست بن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە حزبەکان ئەم تەحەددی و قەیرانەیان بە جددی وەرنەگرتووە. ئایا بۆ ئێستا تا چەند گرنگە حزبەکانی کوردستان لانیکەم بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە هاودەنگ و هاوهەڵوێست و یەکڕیز بن؟**

- بە تەئکید قەیرانی سیاسی و ئابوری دروست بووە و دەستی عێراق و دەوروبەریشی تێدایە، پیلانێکیان دارِشتووە بۆ ئەوەی ئێمە بەم ئاستە بەرن، قەیرانی سیاسی و ئابووری لە کوردستان دەستی ئەو نەیارانەی تێدایە کە چاویان بەو گەشەیە هەڵنایەت کە لە کوردستان بەدیهاتووە، لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ـەوە گۆڕانکاریی گەورە لە ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی سەرجەم سێکتەرەکان هاتۆتەدی، بۆ نموونە ئەو کات تەنیا یەك زانکۆمان هەبوو، ئێستا ٧ بۆ ٨ زانکۆی حکوومیمان هەیە و لە هەموو گوندێك قوتابخانەیەکمان هەیە. کەواتە لێرەوە رۆڵی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی هەر تاکێك و گروپ و هێزێکی سیاسی دەردەکەوێت بەوەی کار بۆ یەکڕیزی و یەکگوتاری بکەن و لە هەوڵی یارمەتیدانی حکومەتەکەیان بن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە. پێم سەیرە لە حکومەتێکی بنکەفراواندا کە هەموو حزبە ئیسلامی و عیلمانییەکانی تێدا بێت، هێزە سیاسییەکان لە یەکتر نزیك نەبنەوە، دەبووایە سەران و سەرکردەکانی حزب و هێزە سیاسییەکان لە دەوروبەری حکومەت کۆببوونایەتەوە و بە هەمووان کاریان بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە بکردایە، چونکە ئابووری بناغەی دەوڵەتە و پارێزەری قەوارەی سیاسیمانە، چارەسەرنەکردنی قەیرانەکەش هیچ هیوا و ئومێدێکمان بۆ ناهێڵێتەوە. بەداخەوە لەناو حکومەت هەندێك هێز هەن لە بری ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەر بن بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری، کەچی وەکو دەرفەتێکی حزبی ئەم نەهامەتییە دەقۆزنەوە تاوەکو چەند دەستکەوتێکی حزبییان دەست بکەوێت، لە دنیای سیاسەت و ناو گەلانی پێشکەوتوو لەکاتی قەیرانەکاندا هەمووان ناکۆکییەکانیان بەلاوە دەنێن و لەناو قەیرانی وا گەورەدا ململانێی تەسکی حزبایەتی ناکەن و بیر لە پۆست و بەدەستهێنانی دەستکەوتی تەسکی حزبایەتی و شەخسی ناکەنەوە، بەڵکو تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن بە کۆدەنگی و هەماهەنگی قەیرانەکە تێدەپەڕێنن. ئەمڕۆ قەیرانی ئابووری لە سەر هەموو تاکێکی کورد زۆر سەختە، جا ئەو تاکە هاووڵاتییەك بێت کە لایەنگری ئۆپۆزسیۆن بێت، یان لایەنگری حزبەکانی ناو دەسەڵات بێت، یان کەسێکی فەرمانبەر و کاسب بێت. من لە گەشتێکمدا بۆ مەریوان کە بەشداری کۆنگرەیەکی ئایینیم کرد، لە کاتی بەسەرکردنەوەم بۆ بازاڕی کاسبکارەکانی ئەو شارەی کوردستانی رۆژهەڵات، پێیان وتم قەیرانە ئابوورییەکەی کوردستانی باشوور بە دوو قات شوێنەواری لەسەر کوردانی رۆژهەڵات هەبووە، واتە ئەم قەیرانە بۆ کورد گشتگیرە، بۆیە بەو هێز و حزبە سیاسییانە دەڵێم با قەوارە و کیانی سەربەخۆی خۆمان هەبێت و بگەینە ئامانج و خەونە گەورەکە کە سەربەخۆیی کوردستانە، ئەو کات با ململانێ لە سەر دەسەڵات و پۆست لە ناو چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و نیشتمانپەروەری بکرێت.

*** لەم بارودۆخە حزبێکی سیاسی وەکو کۆمەڵی ئیسلامی لە بری ئەوەی هەوڵەکانی خۆی چڕ بکاتەوە بۆ رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان، بەڵام بەداخەوە خەریکە دووسەنگەری دروست دەکات، ئایا تاچەند گرنگە ئەمڕۆ حزبەکان لە بری دروستکردنی دوو سەنگەری و لێکترازانی نێوماڵی کوردستان، هەوڵەکانیان بۆ ئاشتکردنەوەی هێزە سیاسییەکان یەکبخەن؟**

- حزبە سیاسیەکانی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییان لەسەرە بۆ پشتگیریکردنی حکومەتی کوردستان تاوەکو ئەو قەیرانە سەختەی کە لەسەر هاووڵاتییانە تێپەڕێنێت. کۆمەڵی ئیسلامی کە پاشگری ئیسلامیشی بە

خۆیەوە ناوە، وەکو هەموو حزبێکی دیکەی کوردستان جگە لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی، ئەرکێکی ئایینیشی لەسەر شانە، ئەویش پاراستنی یەکڕیزی و هەماهەنگی کردنە لەگەڵ حکومەت بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە، ئەگەر وا نەکەن یەکەمجار خوا لە خۆیان دەڕەنجێنن، چونکە دەبنە هۆکاری ئەوەی شیرازەی کۆمەڵگە تێکبدەن و لێکترازان لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دروست بکەن، لەلایەکی ترەوە خەڵکی متمانەی بە حزبی ئیسلامی نامێنێت، چونکە ناکرێت حزبی ئیسلامی هۆکار بێت بۆ تێکدانی یەکێتی نێو ریزەکانی نەتەوەی کورد کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان پێویستە، یاخود سەختی بار و گوزەرانی ژیانی خەڵك بکاتە دەرفەتێك بۆ ناوزڕاندنی نەیارەکانیان، واتا ئازار و ئەشکەنجەی هاووڵاتییان بکاتە کارت و دەرفەتێك بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر. باشە ئەگەر مەبەست لە حزبی ئیسلامی خزمەتی ئوممەی موسڵمانانە، بۆچی ئەو ناکۆکییە لە نێوان حزبە ئیسلامییەکان هەیە و تەنانەت ناکۆکی و دووبەرەکی شۆڕ بۆتەوە ناو کۆمەڵگە و قوتابیانی زانکۆ و فەقێ و مامۆستایانی ئایینی و خەڵکی مزگەوت، لە کاتێکدا نانەوەی دووبەرەکی لە رووی ئایینییەوە شتێکی حەرام و زۆر خراپە؟

*** کورد خۆی لە بنەڕەتدا گەلێکی موسڵمانە ئایا حزبی ئیسلامی و بانگخوازی پێویستە؟**

- ئەمە لە دوو رووەوە باس دەکەم. کۆمەڵگەی کوردستان جگە لە کەمینەیەکی کریستیان و ئێزیدی زۆرینەی موسڵمانن، بەحزبیکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام مەسەلەیەکی فقهییە و تەنانەت زۆرێك لە زانایانی ئایینی ئیسلامی بەحزبیکردنی ئایینیان رەتکردۆتەوە و پێیان باش نییە بە ناوی ئیسلامەوە حزب هەبێت، خودای گەورە و میهرەبان لە دەقی قورئانی پیرۆز باس لەوە دەکات موسڵمان برای موسڵمانانە، کاتێك حزبی ئیسلامیت دروست کرد، ململانێ دروست دەبێت و هەموومان دەزانین دەرئەنجامی خراپی دەبێت، بەهەر حاڵ ئەگەر بەحزبیکردنی ئیسلام لە پێناو یەکبوونی موسڵمانان بێت و ئاراستەیان بکات بەرەو یەکبوون و خۆشەویستی و برایەتی، ئەوا کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر حزبێك کە ناوت نا حزبی ئیسلامی بووە هۆکارێك بۆ لێکترازان و دووبەرەکی ناو کۆمەڵگەی موسڵمان ئەوە، حەرام و قەدەغەیە لە ئیسلامدا، هەروەکو چۆن مامۆستا و گوتارخوێنی ئایینی دەبێت لە دەرەوەی ململانێی سیاسی و حزبی بێت، کەچی من هەندێك مامۆستا و وتارخوێنی رۆژی هەینی دەبینم مزگەوت و مینبەری مزگەوتیان کردۆتە بەشێك لە میدیای ئۆپۆزسیۆن و بە هەمان ئاراستەی میدیا حزبییەکە قسە دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبێت ململانێی سیاسی لە دەرەوەی مزگەوت بێت و مامۆستای ئایینی کە پێشنوێژ و ئیمام و پێشەوایە بۆ هەموویان، دوور بێت لەو ناکۆکی و ململانێ حزبی و سیاسییە، ئایینی ئیسلام لەمەدا روونە چەندین فەرموودەی پێغەمبەرمان( د.خ) هەیە دژی لێکترازان و نانەوەی ناکۆکی و دووبەرەکییە، هەر کەسێکیش دروستی بکات کارێکی حەرامی ئەنجام داوە. سەبارەت بەبانگخوازیش من هیچ بانگخوازێکم قبووڵ نییە، کەسانێك ئەو ناوەیان هەڵگرتووە کە لە راستیدا بانگخواز نین، ئەوان کادیری حزبێکی سیاسین و خەڵکی بۆ یەکانگیری و یەکڕیزی بانگ ناکەن، بە قەد ئەوەی کار بۆ بەرژەوەندی حزبێکی دیاریکراو دەکەن و هۆکارێکن بۆ لێکترازان، بەگشتی بانگخوازەکان ئەوەندەی هۆکار بوون بۆ لێکترازان و جیاکردنەوەی موسڵمانان ئەوەندە خزمەت بە ئایینمان ناکەن، هەر بۆیە بوونی بانگخواز بەم شێوەیەی ئێستا کە هەر بانگخوازێك بۆ لایەنێك و گروپ و حزبێك بانگ دەکات ئەمە کادیری حزبە و خزمەت بە یەکڕیزی و ئایینمان ناکات. ئەمەش دەچێتە پاڵ گرفت و کێشەی توندڕۆیی کە جیهانی ئیسلامەتی بەرەو لێکترازان بردووە.

*** وەك چاودێرێکی سیاسی و ئاگادار لە هەوڵ و تەقەلاکانی جەنابی سەرۆك بارزانی لە رووی نەتەوایەتی و هەنگاونان بەرەو ئارامی و یەکبوون و یەکڕیزیی ناو ماڵی کورد، ئایا تا چەند ئەو هەوڵانە بە گرنگ دەزانی؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپێناو یەکبوون و یەکڕیزی ناو ماڵی کورد بکات، هەروەکو چۆن هیچ کەس و گروپ و تاقمێك ناتوانێت رۆڵی ئەو سەرکردەیە لە ناوەندە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان بسڕێتەوە کە لەپێناو کورد و کوردستان هەنگاوی بۆ ناوە، تەنانەت نەیارانی کوردیش جگە لەوەی شاهیدییان بۆ ئەو رۆڵەی داوە، ناچاریش بوون رێزێکی تایبەتیان بۆ سەرۆك بارزانی هەبێت لەبەر ئەو پێگە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەی کە جەنابیان هەیەتی، لەمەدا دەبێت بە ویژدانەوە باس لە شتەکان بکەین، ئێستا لە کوردستان دەرفەتی باشمان بۆ رەخساوە هێزێکی گەورەی وەکو داعش کە لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێنرا، دیارە فاکتەری هاریکاری ئەم سەرکەوتنە، لە رێگەی ئەو پێوەندییە نێودەوڵەتییە بووە کە بارزانی لەناو وڵاتانی زلهێزی دنیا هەیەتی کە وایکرد ئەو وڵاتانە یارمەتی و پشتیوانی سەربازی و کۆمەکی چەك و تەقەمەنی بگەیەننە پێشمەرگە، ئەمە لە کاتێکدا بەغدا و حکومەتی عێراق بەو قەبارە و هێزە سەربازییە گەورەیە و هاوکارییەکانی ئێران و بگرە هاوپەیمانەکانیش نەیانتوانیوە سەرکەوتنی گەورەی هاوشێوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر داعش تۆمار بکەن. ئەمە پێمان دەڵێت کورد لە ئێستادا پێویستی بە کەسایەتی بارزانی هەیە، بارزانی کەسێکی بەئەزموون و سەرۆکێکی دیار و بەحیکمەتە و پێویستە هەموو هێزە سیاسییەکان سوود لە ئەزموون و تواناکانی وەربگرن لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بۆ هەر چوار پارچەکەی کوردستان و پرسی کورد، من دڵنیاشم هەوڵەکانی لە پێناو بەدیهێنانی خەونی گەورەی کورد بۆ سەربەخۆیی بە رێگەیەکی راست و دروست دەچێت و لە داهاتوودا کوردستانی سەربەخۆ دەبینین.

**ئێمە لە کوردستان کیانێکمان هەیە کە دەورووپشتی ئاگرە و ئەم کیانە ئەگەر هەڵە و کەموکورتیشی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا هەبێت، لەباربردنی کارەساتە بۆ نەتەوە**

**یەکگوتاری و یەکڕیزیی ناوماڵی کورد لە کوردستانی باشوور دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەهەمان ئاراستەدا برۆن**

**هێزێکی گەورەی وەکو داعش کە لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێنرا، دیارە فاکتەری هاریکاری ئەم سەرکەوتنە، لە رێگەی ئەو پێوەندییە نێودەوڵەتییە بووە کە بارزانی لەناو وڵاتانی زلهێزی دنیا هەیەتی کە وایکرد ئەو وڵاتانە یارمەتی و پشتیوانی سەربازی و کۆمەکی چەك و تەقەمەنی بگەیەننە پێشمەرگە**

# چەند پێشنیارێک دەربارەی چاکسازیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا



د. سەباح یوسف تۆما مالح

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

بارودۆخی ئێستای سیاسی و ئەمنی دەرفەتێکی تازەی بە هەرێمی کوردستان دا وەك جۆرێك لە سەربەخۆیی لە حکومەتی ناوەند و کرانەوە بە رووی دەرەوەدا و دەرکەوتنی کەرتی تایبەت کە رۆڵی خۆی لە پرۆسەی پەرەپێدانی کوردستاندا بینیوە، بەڵام نەبوونی هۆکارەکانی کۆنترۆڵکردنی سیستەمی ئابووری لە ئەنجامی فاکتەرە دەرەکییەکان، هەروەها ئەوەی کە پەیوەستە بە ئەدای دامەزراوەو تاکەکان، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەند دیاردەیەکی نەرێنی لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگە بەگشتی، کە ئەو پێشنیارانە ئامانجیان چارەسەرکردنی ئەو دیاردانەیە، جا بۆ وەدیهێنانی ئەمە، پێویستە لەسەر ئەو هۆکارانە بوەستین کە ئیدارەی حکومەتی بەم دۆخە گەیاند.

أ: لاوازیی پلاندانانی بەرنامەدار لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و خەرجیدا.

ب: لاوازیی هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوە حکوومییەکان لە هەرێم، وەك ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و پارێزگاکان.

پ: لاوازیی شافییەت لە رێکخستن و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی دارایی.

ج: هەڵاوسانی دەزگای ئیداری بە کەسانێکی ناشیاو و بێ توانا لە بەشداریکردن لە پرۆسەی بنیاتنان و پەرەپێداندا.

چ: کەموکوڕیی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لەمیانی بوونی ژمارەیەکی زۆری ناشیاو لە نەخوێندەواران و لە هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی و ناوەندی و بەدەگمەن لە هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا کە بتوانن سیاسەتی گشتی و بەرنامەکانی جێبەجێکردن و بەدواداچوون دابڕێژن.

ح: بارگرانیی دارایی کە کەوتۆتە سەرشانی حکومەت لە ئەنجامی بێکاریی داپۆشراو کە خەرجیی مووچەی زیادکرد بێ سوودی ئەو کارانەی کە دەیکەن.

خ: نەبوونی وەسفێکی تەواوی کارەکان بۆ دیاریکردنی شایستەکانی کارکردن و ئەو ئەرکانەی پێویستن کە ئەدا بکرێن بەمەبەستی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا.

د: لاوازیی سیستەمی ژمێرکاریی پەیڕەوکراو لە حکومەت.

ر: رووننەبوونی سیستەمەکانی لێپرسینەوەو پاداشتکردن و لێپێچینەوەی کارگێڕی و یاسایی..تاد.

ز: پشتبەستن بە شێوازە نەریتییەکان لە راییکردنی مامەڵەو رێکارە کارگێڕی و ژمێریاری و پرۆسەکانی بڕیاروەرگرتن.

ژ: دیدگاو تێڕوانین بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیری کارگێڕی بۆ سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی بنیادنان و پەرەپێدان لاوازە و بەرهەمدار نییە.

س: سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵیی کارگێڕی کە هەرەسی بە هەیکەلبەندیی کارگێڕی هێناوە.

**پێداویستییەکانی چاکسازیی کارگێڕی**

لەپێناو وەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەر پرۆژەیەکی پەرەپێدان یان چاکسازیدا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە لەسەر سەرکردایەتیی سیاسی ئەم پرەنسیپە سیاسییانە پەیڕەو بکات:

١. دیراسەکردنی واقیعی نادروستی ئێستا کە بە ئاشکرا ئاماژەیە بۆ بوونی دیاردەگەلی نەرێنی لە دەزگای حکومی و خراپیی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە هاوولاتیان دەکرێن، کە بۆتە مایەی بێزاریی سەرجەم خەڵك لەو ڕەفتارانەی کە دەزگای حکومی لەلایەن هەندێ کەسەوە پەیڕەودەکرێن.

٢. پرەنسیپی چاکسازی و پلاندانان و پەرەپێدان لە بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمدا.

٣. سڕکردنی دەستڕۆیشتوویی سیاسیی پەیڕەوکراو لەلایەن حزبە سیاسییەکان لەسەر ئەدای بەڕێوەبردنی حکومەت.

٤. پرۆژەی چاکسازیی کارگێڕی و پلاندانان بە مەبەستی وەدیهێنانی گواستنەوەیەکی کوالیتی لە بەڕێوەبردنی سیاسییەوە بۆ بەڕێوەبردنی زانستیانە بە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەلایەن حکومەتەوە بە شێوەیەکی باش.

٥. پرەنسیپی پاداشت و سزا لە حکومەتدا ئەویش بە بڕیاری شەفاف ئەنجام دەدرێت.

● **پلاندانانی ستراتیژیی لە هەرێمدا**

ئامانج:

«بەکارهێنانی نموونەیی سەرچاوە مرۆیی و سروشتی و داراییەکان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی کە لەڕووی ئابوورییەوە گەشاوە بێت».

عێراق بەشێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی بە قۆناغی گۆڕانکارییدا تێدەپەڕن، گۆڕانکاریی بۆ دیموکراسییەت، ئەو گۆڕانکارییە مانای چییەو چۆن پێویستە چارەسەربکرێت. ئامۆژگاریی سیاسەتوانان و شارەزایانی ڕۆژئاوا دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە دیموکراسییەت واتا هەڵبژاردن، خزمەتگوزاریی مەدەنیی باش، ئازادیی ڕاو ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن. بەڵام گۆڕانکاریی بۆ دیموکراسییەت مانای بیرکردنەوەی ستراتیژییە، دەمانەوێت کوردستان دوای دە یان بیست ساڵ چۆن بێت، سیستەمی ئابووری چۆن گەشەدەکات و لە ساڵانی داهاتوو چۆن پەرەدەسێنێت، پێداویستییەکانی چین. ئاینده پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی جیددییە ئەگەر ئارەزوو یان پەیمانێك لەلایەن حکومەت و هەموو لایەنە بەرپرسەکان لە کۆمەڵگەوە هەبێت.

هەندێ فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی هەن کە داوامان لێدەکەن بیر لە پلانێکی ستراتیژیی بکەینەوە فاکتەرە ناوخۆییەکانیش بریتین لە گەشەی دانیشتوان و هەیکەلبەندیی ئابووری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سروشتی سیستەمی سیاسی. بۆ نموونە، گریمان ئێستا ٤٥٪ی دانیشتوان لە تەمەنی کەمتر لە ١٥ ساڵدان، کەواتە واقیعی ئابووری دوای ٢٠ ساڵ چۆن دەبێت؟ ئەو کاتە ئەو منداڵانە دەبنە گەنج،نموونەش لەم بوارەدا زۆرە.

هەروەها فاکتەری دەرەکی هەن لەوانە کە لە جیهان ڕوودەدەن کە کاریگەرییان هەیە، وەك گلۆبالیزم و لایەنە جیاجیاکانی و ئاراستەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فاکتەرەکانی جوگرافیی سیاسی و شۆڕشی تەکنەلۆژی و کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی، هەروەها بەها ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان، ئەم هەموو فاکتەرانە داوامان لێدەکەن بیر لە پلانێکی ستراتیژی بکەینەوە کە خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە پێویستی بە بەشدارپێکردنی ژمارەیەکی زۆری ئاماژە و گریمانەکان هەیە وەك هۆکارێك بۆ پلاندانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا. ئەو پلانە ستراتیژییەش کە داوای دەکەین بریتییە لە نەخشە ڕێگای پەرەپێدانێکی سەرتاپاگیری درێژخایەن بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانمان کە کارئاسانی دەکەن بۆ هاوولاتیان تاکو بە ئایندەی خۆیان ئاشنا بن و خواستەکانیان لە چوارچێوەی کاتێکی زانراودا بەدی بێنن.

پێویستە ئەرکی بنەڕەتی ( کارکردن بێت بۆ هێنانەکایەی هاوسەنگییەك لە نێوان داهات و پێداویستییەکانی پەرەپێدان لەمیانی دانانی چەند پرنسیپ و ئاراستەی گشتی بۆ بەڕێوەبردنی ستراتیژیی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی) لەم ڕوانگەوە پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ هەموو وەزارەت و دامەزراوەکان و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە نەخشەکێشانی ستراتیژییەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تاکو کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە گەشەدار بێت و کۆمەڵگەکەشی شارستان و پێشکەوتوو بێت لە ڕووی زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە، دەمانەوێ جەخت بکەینەوە لەسەر ئەوەی کە ناکرێ

**بارودۆخی ئێستای سیاسی و ئەمنی دەرفەتێکی تازەی بە هەرێمی کوردستان دا وەک جۆرێک لە سەربەخۆیی لە حکومەتی ناوەند و کرانەوە بە ڕووی دەرەوەدا و دەرکەوتنی کەرتی تایبەت کە ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی پەرەپێدانی کوردستاندا بینیوە**

**عێراق بەشێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی بە قۆناغی گۆڕانکارییدا تێدەپەڕن، گۆڕانکاری بۆ دیموکراسییەت، ئەو گۆڕانکارییە مانای چییە و چۆن پێویستە چارەسەر بکرێت؟ ئامۆژگاریی سیاسەتوانان و شارەزایانی ڕۆژئاوا دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە دیموکراسییەت واتا هەڵبژاردن**

گەشەی ئابووری بێتەدی بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەکی شارستان و پێشکەوتوو.

ستراتیژیەتی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە و دەبێ جەخت لەسەر چوار تەوەری سەرەکی بکاتەوە بە پێی دووپاتکردنەوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و ستراتیژییەتی پەرەپێدان لە عێراقدا:

١. بەهێزکردنی بنەماکانی گەشەی ئابووری.

٢. چالاککردنی کەرتی تایبەت بەتایبەتی لە میانی ئامادەکردنی ژێرخانێکی خوازراودا.

٣. چاککردنی شێوازی ژیان لەمیانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان.

٤. بەهێزکردنی کارگێڕیی پلەبەندی لەمیانی چاکسازیی کارگێڕی و ئامادەکردن و راهێنانی هێزی مرۆیی کارکەر.

لەپێناو دەستکردن بەم ئەرکە ستراتیژییەی پلانێکی تۆکمە، شرۆڤەکردنێکی تەواوی مێژوویی و ئەو گۆڕانکاریانە پێویستن کە کاریگەریان هەیە بۆ سەر واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان، هەروەها شرۆڤەکردنی واقیعەکە، لەمەشدا پێویست بە شرۆڤەکردنی خاڵە بەهێزەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکات، لەگەڵ خاڵەکانی لاوازی و ئاستەنگەکان و رۆشنایی خستنەسەر ئەو دەرفەتانەی بۆ پەرەپێدان رەخساون و ئەو هەڕەشەو مەترسییانەی کە رەنگە رووبەڕوویان ببینەوە کە کاریگەریان هەیە بۆ سەر پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. پرۆسەی پلاندانانی تەواو پێویستی بە بەشداریی هەمووان هەیە لەوانەش سەرکردایەتیی سیاسی وحکومەت و وەزارەتەکان و هەموو توێژو چینەکانی کۆمەڵگە، سێ لایەن هەن پێویستە پشتیان پێ ببەسترێت:

١. دەستنیشان کردنی سەرچاوەو دیراساتەکانی سوود.

٢. شرۆڤەکردنی برێ ئەو توانایەی هەمانە.

٣. روو بکەینە بیرکردنەوە لە پرۆسەی نەخشەدانانی ستراتیژی

بۆیە لەپێناو کارکردن و چاکسازی لە سەرکردایەتیدا، پێویستە لەسەر دانایی و شارەزایی خۆی بنیادبنێت و هەموو لێهاتوویی و بڕوایەکی هەبێت بە بەهرەی فێربوون کە ئەم میتۆدە بگاتە هەموو کارمەندانی دەزگاحکومییەکان، چونکە سیاسەتی چاکسازیی کارگێڕی بۆتە میتۆدێك لای هەموو دەوڵەت و گەلان، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەرزکردنەوەی رەگەزی مرۆیی لەبەرئەوەی توخمێکی کاریگەرو فاکتەرێکی گرنگە بۆ وەدیهێنانی ئامانج و پلان و بەرنامەکانی پەرەپێدان کە دەزگای حکومی لێی بەرپرسە بۆ خزمەتکردنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە.

سەرکەوتنی راستەقینەی دەزگای حکومی لە ئەدای پەیامەکەی دەوەستێتە سەر فەرمانبەری گشتی کە توانای هەبێت بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت و بەباشیی خزمەتی هاووڵاتیان بکات و مامەڵەی جوانیان لەگەڵدا بکات و لە مەینەتییەکانیان بگات، چونکە بەقەدەر توانای ئەو لەو ئەرکەدا دەکرێ مۆرکێکی باش لای بزنسکار و وەبەرهێنەر دروست بکات کە ئارەزوویان هەبێت لە وەبەرهێنانی سامانەکانیان و دامەزراندنی پرۆژە کە خێر بۆ خەڵکی کوردستان بداتەوەو هەلی کاریان بۆ دابین بکات.

بیرۆکەی تازەی پەرەپێدان دەخوازێ تەنانەت بەڕێوەبردنێکی باشی داهاتی مرۆیی دەسەپێنێت بۆ دۆزینەوەی کادیران لەوانەی کە توانای کارکردنیان هەیە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان، فەرمانبەری گشتی بۆتە جەوهەری سیستەمە سەرتاپاگیرییەکەی کارگێڕیی سەرکەوتوو، چونکە هەرچەندە بۆردو سیستەمەکانی کار پێشبکەون یان رێکارەکان کورتبکرێنەوە یان نەمێنن، ئەوا رەگەزی مرۆیی هەردەم وەك بنەمای سەرکەوتن دەمێنێتەوە.

## گواستنەوەی کوالیتی لە کارگێڕیی سیاسییەوە بۆ کارگێڕیی زانستی

گرنگترین دیاردەی نەرێنی کە رەخنەی پێ لە دەزگای کارگێڕیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگیرێت، بریتییە لە باڵادەستیی سیاسی لە بەڕێوەبردنی حکومیدا چ راستەخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، ئەویش لەمیانی دامەزراندنی بەڕێوەبەرانی گشتی و بەرپرسانی دیکە، کە بەمانای گرتنەبەری سیستەمی مەحسوبییەت و واسیتەیە کە هەندێ دەستکەوتی تایبەت لە هەموو کایەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێدایە، سەرباری دەستتێوەردانی هەر سێ دەسەڵات کە زۆر زەحمەتە دەسەڵاتەکانی دادوەری و یاسادانان و جێبەجێکردن لەیەکدی جیا بکرێتەوە، بۆیە پێویستە رێکاری خێراو بوێرانە وەربگیرێت بۆ جیاکردنەوەی تەواوی نێوان ئەو سێ دەسەڵاتە، هەروەها دۆزینەوەی هەیکەلبەندو میکانیزمێکی کارکردن بۆ هەماهەنگیی نێوان هەر سێ دەسەڵات بە شێوەیەك شەفافییەت دابین بکات لە نەخشەکێشانی ئاراستەکانی سیاسی و رێزگرتنی دەسەڵاتی دادوەری، هەروەها سڕکردنی باڵادەستیی سیاسیی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە مەبەستی وەدیهێنانی پرەنسیپی یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانی هەموو هاووڵاتیان وەك بەرنامەیەك لە بەرنامەکانی

**ئایندە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی جیددییە ئەگەر ئارەزوو یان پەیمانێک لەلایەن حکومەت و هەموو لایەنە بەرپرسەکان لە کۆمەڵگەوە هەبێت، هەندێ فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی هەن کە داوامان لێدەکەن بیر لە پلاندانێکی ستراتیژی بکەینەوە**

**سەرکەوتنی راستەقینەی دەزگای حکومی لە ئەدای پەیامەکەی دەوەستێتە سەر فەرمانبەری گشتی کە توانای هەبێت بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت و بەباشیی خزمەتی هاووڵاتیان بکات و مامەڵەی جوانیان لەگەڵدا بکات و لە مەینەتییەکانیان بگات**

حکومەتی بوێر و بەدیهێنانی دیموکراسییەت بە شێوەیەك کە متمانەی هاووڵاتیان بە حکومەت و بەرنامە پەرەپێدانەکەی بەهێزبکات.

**● سەرۆکایەتیی حکومەت**

ئامانج:

«حکومەتێکی بەهێزی یەکگرتوو و کارامەو بەتوانای حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی هاووڵاتیان لەمیانی دابینکردنی ئاسایش و فەراهەمکردنی هەلی کارو پرەنسیپی یەکسانی لە نێوان هەموو هاووڵاتیاندا بە چاوپۆشی لە ئینتیمای سیاسی و بیروباوەڕی ئاینییان. هەروەها توانای هەبێت لە ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا لەوەی کە پەیوەستە بە کاروبارو بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی هەرێم و ببێتە رووگەیەکی سیاسیی بەرچاو لە دەرەوە لەنێو رێکخراوە سیاسییەکانی دەرەوەو رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی».

**١. هەیکەلبەندیی کابینەی وەزاری**

هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی وەزارەتەکان بە شێوەیەك کە لەگەڵ قەبارەی هەرێم ناگونجێت لەڕووی ژمارەی دانیشتوان و چالاکییەکانی ئەمەش هەماهەنگیی نێوان چالاکیی وەزارەتەکان و نەخشەی سیاسەتی دروست قورس دەکات، هەروەها دەرکردنی بڕیاری راست بۆ پەرەپێدانی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکانی، پاڵنەرە سەرەکییەکانی پشت ئەم پێکهاتەیە سیاسی بوون و ئەزموونیش دیاردە نەرێنییەکانی سەلماندووە، بۆیە داوا لە حزبە سیاسییەکان دەکرێت کە بگەنە قەناعەتی تەواو بەوەی پێویستە چاوبخشێنرێتەوە بە هەیکەلبەندیی کابینەی تازەی وەزارەت بەشێوەیەك ژمارەکەی کەم بکرێتەوە و هەندێکیان یەکبگرنەوە و بکرێنە وەزارەتی پسپۆڕ.

**٢. میکانیزمی هەماهەنگیکردن:**

ونبوونی میکانیزمێکی روون لەنێوان سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و وەزارەت و پارێزگاکان بووەتە هۆی بێسەروبەریی لە گەیاندنی رێنموویەکانی پڕۆسەی دارشتنی سیاسەتی گشتی و وەرگرتنی بڕیار و بەدواداچوونیان، بۆیە پێویستە هەیکەلبەندیی میکانیزمێکی تازە دابنرێت و تێیدا بە ئاشکرا هەموو ئەرکەکان و رۆڵی لایەنە جیاوازەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا دیاری بکرێت، هەروەها لەبەر رۆشنایی ئەمەدا دەسەڵاتەکانی بەڕێزان سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و پارێزگارەکان و بەرپرسان لە ئەنجومەنی وەزیران دیاری بکرێن بەشێوەیەك کە لە نەخشەدانانی سیاسەت و دەرکردنی بڕیارە کارگێڕییەکاندا ئاسانکاریی بکرێت.

**٣. میکانیزمی دەرکردنی یاسای وەزارەتەکان:**

ئەزموونی کابینەکانی وەزاری ئەوەیان سەلماند کە دواکەوتن و سستییەك هەیە لە رووی دەرکردنی یاساگەلی وەزارەتەکانی ئێستا لەلایەن پەرلەمانەوە لە ئەنجامی زۆری ژمارەی وەزارەتەکان و بێتواناییان لە دارشتنی رەشنووسەکانیان لە کاتی گونجاودا، بۆیە لەڕووی یاساییەوە پێویستە چاو بە یاساگەلی ئەو وەزارەتانەدا بخشێنرێتەوە لەبەر رۆشنایی کابینەی تازەی وەزارەت و ئامادەسازی بۆ دانانی رەشنامەی یاسای دیکە بۆ وەزارەتەکان و دواتر بە یەك پاکێج پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی تازەدا.

**٤. ئامانج و ئەرکی وەزارەتەکان:**

نەگونجانێکی ئاشکرا هەیە لە ئامانج و ئەرکی چەند وەزارەتێك کە بووەتە هۆی دروستبوونی دووفاقی و نەبوونی هەماهەنگی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکان و قورسیی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی، بۆیە پێویستە لەچاوخشاندنەوە بە یاساگەلی تازەی وەزارەتەکان ئامانج و ئەرکەکانی هەر وەزارەتێك بە روونیی دیاری بکرێت بە شێوەیەك ناکۆك نەبێت لەگەڵ هەندێکیان و میکانیزمی هەماهەنگی لە دیزاینی سیاسەتەکان بەهێزبکرێت.

**٥. ئاراستەی وەزارەتەکان:**

زۆربەی یاساگەلی وەزارەتەکانی ئێستا کۆپی تەواوی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵن و تایبەتمەندییەکی هەرێمیان تێدا نییە، هەروەها زۆربەیان ئاراستەی سەنتراڵییان هەیە کە پشت بە فەلسەفەی سیستەمی سۆشیالیستی دەبەستن و ناکۆکن لەگەڵ سیستەمی سیاسی و فەلسەفەی ئابووری کە حکومەتی هەرێم پەیڕەویان دەکات، لەبەر ئەوە دەخوازێ کە ئەو یاسایانەی پێشنیارکراون تایبەتمەندیی هەرێمیان تێدابێت، هاوکات ئاراستەی فەلسەفەی ئابوورییان تێدا بێت کە حکومەتی هەرێم پەیڕەوی دەکات، ئەویش بە پشتبەستن بە ئابووریی بازاڕ و ئازادو ناسەنتراڵ و چالاککردن و پشتیوانیکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت و جەختکردنەوە لەسەر دیاریکردنی ئەرکی وەزارەتەکان بە دانانی ستراتیژییەتی دوورخایەن و نەخشەکێشانی سیاسەتە گشتییەکان و سپاردنی ئەرکەکانی جێبەجێ کردن بە پارێزگاکان.

**گرنگترین دیاردەی نەرێنی کە رەخنەی پێ لە دەزگای کارگێڕیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگیرێت، بریتییە لە باڵادەستیی سیاسی لە بەڕێوەبردنی حکوومیدا، ئەویش لەمیانی دامەزراندنی بەڕێوەبەرانی گشتی و بەرپرسانی دیکە، کە بەمانای گرتنەبەری سیستەمی مەحسوبییەت و واسیتەیە**

**ئەزموونی کابینەکانی وەزاری ئەوەیان سەلماند کە دواکەوتن و سستییەک هەیە لە رووی دەرکردنی یاساگەلی وەزارەتەکانی ئێستا لەلایەن پەرلەمانەوە لە ئەنجامی زۆریی ژمارەی وەزارەتەکان و بێتواناییان لە دارشتنی رەشنووسەکانیان لە کاتی گونجاودا**

### ٦. پەیوەندیی وەزارەت بە پارێزگاکان:

أ: یاساکانی ژمارەیەك لە وەزارەتەکان ئەرککگەلێکی جێبەجێکردنیان تێدایە وێڕای ئەرکی دیزایینی سیاسەتەکان، کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ یاسا و ئەرکی پارێزگاکان، هەروەها نارِوونیی تەواوی پەیوەندیی وەزارەتەکان لە پارێزگاکاندا ئەوەی کە پەیوەستە بە فەرمانگەی وەزارەتەکان لە پارێزگاکاندا تایبەت بە دەسەڵاتەکان و رۆڵی وەزارەتەکان لەو پارێزگایانەدا کە ئەمەش بۆتە هۆی ناکۆکیی نێوان دەسەڵات و ئەرکی وەزارەت و پارێزگاکان و هێنانەئارای کەشێکی نائارام و هەستیار لە نێوانیاندا، ئەمەش دەخوازێت بەتەواوی ئامانج و ئەرکی هەر وەزارەت و هەر پارێزگایەك لەم بوارەدا لە یەکدی جیابکرێنەوە.

ب: ئەزموونی زانستی سەلماندوویەتی کە دووفاقییەکی تەواو هەیە لەنێوان ئەرکی وەزارەتەکان لەگەڵ پارێزگاکان لە بواری پێشنیار و بڕیار و جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان بۆیە پێویستە هەیکەلبەندی و میکانیزمێکی کارکردن بە روونیی هەبێت، هاوکات هەماهەنگی لەم بوارەدا کە زۆر گرنگە دابینکرابێت.

### ٧. رۆڵی پارێزگاکان لە هەرێمدا:

بەتەواوی رۆڵی پارێزگاکانی هەرێم روون نییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کێشەو ئاستەنگەکانی ناو حکومەت سەرهەڵبدەن، چونکە ڕۆڵی پارێزگای هەرێم بە تەواوی لەگەڵ رۆڵی پارێزگا لە حکومەتی فیدراڵدا جودایە، سەرباری نارِوونیی هەیکەلبەندی نێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ پەرلەمان لە هەرێمدا، هەروەها جیاکردنەوەی نێوان ئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنەکانی پارێزگا و پارێزگاران و بەرپرسانی پارێزگا.

### ٨. دیوانی ئەنجومەنی وەزیران

أ: سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران:

بەمەبەستی ئەوەی کە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران زیاتر سیستماتیك بێت و بڕیارگەلی وا دەربکات کە بکرێ بە شەفافییەت جێبەجێ بکرێن، بۆیە پێویستە رۆڵی سکرتاریەت بەهێزبکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیی رێکخستنی کۆبوونەوەکان لە ئەستۆبگیرێت و بابەتەکانی گفتوگۆ و پێشنیارەکان بۆ دەرکردنی بڕیار بخرێتەڕوو، ئەمەش پیویست بەوە دەکات کە کادیری بەتوانا بۆ ئەم دەزگایە دابین بکات تاکو بابەتەکان هەڵبسەنگێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەن دەستەکانی راوێژکاریی پسپۆڕ بەر لەوەی لە خشتەی کۆبوونەوە بخرێنەڕوو و بڕیاریان بۆ دەربکرێت.

ب: دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:

● هەیکەلبەندیی سەرۆکایەتیی دیوان

هەیکەلبەندیی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە شێوەیەکی دیراسەنەکراو دانراوە و چەندین فەرمانگەو بەشی تێدایە کە ئەرك جێبەجێ دەکەن و لە راستیدا ئەرکی وەزارەتەکانە، ئەم حاڵەتەش بۆتە هۆی دووفاقیی لە کارکردن و دژی دەسەڵات و ئەرکەکانە، بۆیە پێویستە چاوبخشێنرێتەوە بە دەزگای رێکخستنی سەرۆکایەتیی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم تاکو فەرمانگەکانی بگۆڕێن بۆ وەزارەت.

● دەزگای بەدواداچوون

نەبوونی دەزگای بەداداچوون کە بەرپرس بێت لە بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران و پێشکەشکردنی راپۆرتی دەوری، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە وەزارەتەکان و فەرمانەگەکانیان پابەند نەبن بە جێبەجێکردنیان، بوونی دەزگایەك لە ئێستادا ئەرکەکەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنە، هەروەها دیاریکردنی گرفتەکان و سستییە کە لەلایەن وەزیران و بەرپرسانەوە دێتەدی لەکاتی بەدواداچوونی جێبەجێکردن لە وەزارەت و فەرمانگەکانیاندا کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەنجامی ئەرێنی لێبکەوێتەوە.

● کادیرانی پیشەیی و کارگێڕی و خزمەتگوزاری

بێگومان هەڵاوسانێکی گەورە لە سەرۆکایەتیی دیوانی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمدا هەیە لە رووی ژمارەو کارامەیی پێویست کە دەخوازێت چاوبخشێنرێتەوە بە دابەشکردنی کادیرەکان لەنێو ئەنجومەنەکەدا و گواستەوەیان بۆ وەزارەتە پسپۆڕەکان.

پ: یەکێتیی نەخشەکێشانی سیاسەتەکان

پڕۆسەی نەخشەکێشانی سیاسەتەکان و دەرکردنی بڕیار خۆی لە خۆیدا زانستە، بۆیە پێویستە بە یەکەیەکی پسپۆڕ هەبێت کە پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکانی تێدابێت و پێشنیار پێشکەش حکومەت بکات تایبەت بەو سیاسەتانەی پێویستە بگیرێنەبەر، ئەو پێشنیارانەش پشتببەستن بە توێژینەوە داتای ولقیعی و تێڕوانینی ئایندە.

● بەشی سێیەم ئەمانە دەگرێتەوە:

٧. سیستەمی دارایی.
٨. دەزگای کارگێڕی.
٩. پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە میانی راهێناندا.
١٠. سەرکردایەتیی کارگێڕی.
١١. خزمەتگوزاریی مەدەنی.
١٢. بێکاریی داپۆشراو.
١٣. بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان.

**زۆربەی یاساگەلی وەزارەتەکانی ئێستا کۆپی تەواوی وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵن و تایبەتمەندییەکی هەرێمیان تێدا نییە، هەروەها زۆربەیان ئاراستەی سەنتراڵییان هەیە کە پشت بە فەلسەفەی سیستەمی سۆشیالیستی دەبەستن**

**پرۆسەی نەخشەکێشانی سیاسەتەکان و دەرکردنی بڕیار خۆی لە خۆیدا زانستە، بۆیە پێویستە بە یەکەیەکی پسپۆڕ هەبێت کە پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکانی تێدا بێت و تایبەت بەو سیاسەتانەی پێویستە بگیرێنەبەر پێشنیار پێشکەشی حکومەت بکات**

## قەیرانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان...

# تێڕوانینێکی دیکە لە گۆشەنیگای ئابووریی سیاسییەوە



د.محەمەد شەعبان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

زۆر قسە و باس دەربارەی سروشتی ئەو قەیرانە سەختە کراوە کە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، هاوکات باس لە کاریگەری و لێکەوتە مەترسیدارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو قەیرانەش کرا، تەنانەت هەموو خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە بگرە لە تاکەکانی کۆمەڵگە تا دەگاتە دامەزراوەکان و حزب و حکومەت، دەپرسین ئەوە بۆچی روویداو چۆن لە قەیرانی نەختینەوە بۆ قەیرانێکی ئابووری و سیاسی پەرەی سەند؟ ئەدی کاردانەوەی حکومەت چی بوو؟ ئایا حکومەت هەڵەی کردووەو لە کوێشدا؟ چارەسەری راستەقینە چییە کە دەبێ بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ چ زوو یان درەنگ ئەنجامی بدات؟

لە رووی ئابووریشەوە زانراوە کە هەرێم خاوەن ئابوورییەکی تاکەداهاتە و لە پارەدارکردنی بودجە گشتییەکەی پشت بەو ئابوورییە دەبەستێت، بەشێوەیەك خەریکە بە تەواوی ئەمە رووبدات کاتێ رێژەی بودجەکەی لە ٩٠٪ زیاتر پشت بە داهاتی دەرەوەی نەوت دەبەستێت چ راستەوخۆ یان راستەوخۆ ئەویش لە میانی پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ئێستا، پرسیارەکەش ئەوەیە لەکوێ و چۆن و بۆچی ئەم پارەیە خەرجکرا؟

بەپشت بەستن بە رەفتاری ئابووری و سیاسیی ئەو حکومەتانەی ئابووریی تاکەداهات پەیڕەودەکەن کە بەم شێوەیەیە:

١. پشتبەستنی تەواوی بودجە بە داهاتەکان کە حکومەتەکان بە چەندێتی و چۆنێتی دەسەڵاتیان بەسەردا نییە و دواتر دەکەوێتە بەر کاریگەریی دەرەوەی بازاڕەکان و بارودۆخی ئابووریی نێودەوڵەتی.

٢. پشت نەبەستن بە داهاتەکانی ناوخۆ و دواتر ناردنی پەیامێك بەوەی کە مافی کەسانی دیکە نییە کە لەسەر رەفتاری ئابووری و دارایی لێپێچینەوەیان لێ بکەن، بە تایبەتیش کە بەدرێژایی پشت نەبەستنی لە رووی پارەدارکردنەوە بە باج و رەسمی سەپێنراو بەسەر تاك و کۆمپانیاکان، کە ئەمەش لەرووی سیاسییەوە مانای وایە دامەزراوە نیشتمانییەکان رۆڵیان نەماوە کە دەبێ هەیانبێت لە رووی بەدواداچوون و لێپێچینەوە و هەڵسەنگاندن و کردنەوەی دەستی حکومەت لە خەرجیی بێ چاودێریکردن یان لێپێچینەوە.

٣. نزیککردنەوەی چەند کۆمەڵێکی دیاریکراو (حزبی یان عەشایری یان بنەماڵەیی) لە حوکمڕانی و دابەشکردن و خەرجکردنی پارە لە رێی ئەو کەسانەوە بە شێوەی پەیماننامە یان بەڵێندەرایەتی یان پێدانی

مۆڵەتی کار بە تاکە کەس یان بە کۆمەڵ، ئەویش لەمیانی بەندەکانی بودجەی حکومی کە دەسەڵاتی حکومی و بەردوام بوونی بۆ ئەو لایەنانە دابین دەکات، دواتر چینێکی حزبی یان عەشایری یان کەسانی دەستڕۆیشتووی ئابووری کە دەبنە دەستەی یەکەم دوای سەرانی حکومەت و ئەوانەی بە سیستەمی حوکمڕانیی سوودمەندن و پارەکەشیان لەژێر دەستدایە.

٤. بایەخدانی یەکەمی حکومەت لە خەرجیی وەبەرهێناندا بە پڕۆژەکانی ژێرخانی بنەڕەتی و تەواونەکردنی ئەو بایەخدانە تا بپەڕێتەوە بۆ کەرتەکانی بەرهەمهێنان، ئەمەش دوو جۆر لە بیرکردنەوە دەردەخات، یەکەمیان پیشاندانی رۆڵی بایەخدانی حکومەت بە هاووڵاتیان و وەرگرتنی رەزامەندییان بە شێوەیەکی زیاد لە پێویست، دوومیان بیرکردنەوەی تەسکی حکومەت بەوەی کە پێویستی بەوە نییە بایەخ بە کەرتی بەهەمهێنان بدات، لەهەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، مادامەکی کەرتی وەدەستهێنانی سوود بەردەوام بێت لە پارەدارکردنی چالاکییەکانی بە کەمترین تێچوو و مەترسییەکان.

ئەم سیمایانەی حکومەت و دەوڵەتانی خاوەن تاکەداهات لەسەر هەموو ئەو ئابوورییە تاکەداهاتە جێبەجێ دەبێت جگە لە سێ دەوڵەت، کە ئاگاداری ئەم کارە بوون و زۆر عاقڵانە و بەرپرسانە رەفتاریان کرد بەرامبەر گەلەکانیان لە ئێستادا و لە ئاییندەدا، ئەوانیش( نەروێژ و ئەندەنووسیا و بۆتسوانا ) بوون، ئێمە لەئێستادا باس لە هەڵسەنگاندنی ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە ناکەین، سەرباری گرنگیی بۆ ئێمە لە عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی.. بەڵام چۆن حکومەتی هەرێم هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم پارەیەدا کرد؟

● **تێڕوانینێکی سادەی بودجەکانی هەرێم ئەمەی خوارەوەمان بۆ دەردەخات:**

١. نزیکەی ٧٠٪ی بودجە لە بەندەکانی بەکارخستن خەرجکراوە بەشێوەیەك کە عاقڵایەتی و لێگرتنەوەی تێدا رەچاونەکراوە، بەڵکو لە زۆر وردەکارییەکانیدا بۆ مەبەستی رابواردن و پەرت وبڵاوی بەکارهاتووە، تەنانەت تەرخانکردنەکانی بواری مووچەو کرێ ئەوەندە قەبە بوون و لەدەرەوەی ماقوولییەت و لێگرتنەوەی ئابووریدا بوونە کە رێساو پێوانەکانی دروستیان تێدا نەبووە، وەك بەستنەوەی کرێ بە بەرهەم و کاری راستەقینە و سەیرکردنی دامەزراندن لە روانگەی تەسکی حزبایەتییەوە، جا هەر لایەنێکی حزبی بووبێت کە سەرۆکایەتیی حکومەتی کردبێت.

٢. ئاراستەکردنی خەرجیی وەبەرهێنان لە زۆربەیدا بەرەو بنیادنانەوەی ژێرخانی بنەڕەتی، بەڵام بێ نەخشەیەکی پێشوەختە کە ئەم سیاسەتە تەواوبکات بە وەبەرهێنان لە کەرتە راستەقینەکانی ئابووریدا بە بیانووی ئەوەی کە کەرتی تایبەت ئەمە ئەنجام دەدات، حکومەتیش نەیزانیوە، کە وەك پێویست کاری نەکردووە یان وەك ئەرکێك بۆ بنیادنانی ژینگەی وەبەرهێنان لە هەموو روویەکەوە تاکو کەرتی تایبەت بۆ بینینی رۆڵی خوازراو هانبدات.

٣. پشتگوێ خستنی ئەوەی کە بیاتنراوە لە سیاسەتی دارایی لە رووی داهاتەوە بەر لە رووداوەکانی ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستانداو بەتەواویی پشتبەستن لە پارەدارکردن بە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی کە لە بنەڕەتەدا پشتی بەستووە بە داهاتی ناجێگیریی نەوت کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بازاڕی نێودەوڵەتییەوە کە ئەویش خۆی لە خۆیدا جێگیر نییە.

٤. ناکۆکیی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا کە کاریگەریی نەرێنی کردە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان لەو سێ ساڵەی دواییدا، دواتر سەرەتاکانی قەیرانی دارایی لە کوردستان سەریان هەڵدا، تەنانەت بەر لە دابەزینی نرخی نەوت و ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو بۆ سەر شێوەی کارکردن بە بودجەیەك کە لەم ماوەیەی دواییدا کورتهێنانی زۆری تێدا بوو، کە ئەو کورتهێنانەش لەرێگای سێ کەناڵەوە پڕکرایەوە:

أ: دابەزینی نرخی نەوت و نزیکبوونەوەی لە تێچووی دەرهێنانی لە هەرێمدا و دواتر بەجێنەهێشتنی پەراوێزی قازانج بۆ حکومەت، بە تایبەتیش کە حکومەتی هەرێم یەك بەرمیل نەوت بە کەمتر لە نرخی جیهانی دەفرۆشێت کە نزیکەی ١٣ دۆلارە، وێڕای خەرجیی بەرزی دەرهێنانی نەوت بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمهێنانی لە سەرتاسەری عێراقدا، هەروەها پشکی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان کە لە هەرێمدا کاردەکەن.

ب: تێچووی حەواندنەوەی پەنابەرو ئاوارەو کۆچبەران لەناو هەرێمدا.

ج: تێچووی شەڕی سەپێنراوی سەر هەرێم لەلایەن تیرۆریستانەوە، کە زۆر دەوەستێت و لەم هەلومەرجەشدا لە پێشەوەی خەرجییەکانە.

د: بودجەی هەرێم بۆ ماوەی چەند ساڵ لەسەر یەك بارگرانیی زیانی کەرتەکانی لەسەر بووە وەك بانکە حکومییەکان و هەندێ پیشەسازیی مامناوەند.

ز: بودجەی هەرێم بۆ ماوەیەکی درێژ بارگرانیی مووچەو کرێی کەسانێکی لەسەر بووە کە لە راستیدا

**لە رووی ئابوورییەوە هەرێمی کوردستان خاوەن ئابوورییەکی تاکەداهاتە و لە پارەدارکردنی بودجە گشتییەکەی پشت بەو ئابوورییە دەبەستێت، بەشێوەیەک خەریکە بە تەواوی ئەمە روودات کاتێ رێژەی بودجەکەی لە ٩٠٪ زیاتر پشت بە داهاتی دەرەوەی نەوت دەبەستێت**

**نزیکەی ٧٠٪ی بودجە لە بەندەکانی بەکارخستن خەرجکراوە بەشێوەیەک کە عاقڵایەتی و لێگرتنەوەی تێدا رەچاونەکراوە، بەڵکو لە زۆر وردەکارییەکانیدا بۆ مەبەستی رابواردن و پەرت وبڵاوی بەکارهاتووە**

**هەرێمی کوردستان بە تەواوی لە پارەدارکردندا پشتی بەستووە بە پشکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی کە لە بنەڕەتەدا ئەویش پشتی بە داهاتی ناجێگیریی نەوت بەستووە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بازاڕی نێودەوڵەتییەوە کە خۆی لە خۆیدا جێگیر نییە**

بوونیان نییە، لایەنە فەرمییەکانیش ژمارەیان بە ٢٠٠ هەزار کەس لە پلەو پۆستی جیاجیا مەزەندە دەکات. ئەمە لەپاڵ هۆکاری دیکە:

١. تەواونەکردنی بنیادی دامەزراوەیی حکومەت و ئەمەش لەرووی ئابوورییەوە مانای بەهەدەردانی سامانە، هەروەها بەفیڕۆدانی تێچووەکانی دەستکەوتی باڵا و بوارە بەرفراوانەکانی بەردەم کایەکانی ئیداریی حکومەتە.

٢. لاوازیی و بێتوانایی هەیکەلبەندیی حکومی و دواتر لاوازیی لە ئەداو زاڵبوونی ئیداریی حزبی بەسەر ئیداریی فەرمیدا لە زۆربەی کایەکانی حکومەتدا.

٣. نەبوونی دیدگاو بەرنامەی روونی حکومەت کە پشت بە شەفافییەت و راشکاوی و نەخشەدانانی زانستی ببەستێت.

٤. تاوانی بەردەوام دەرحەق کەرتی بانکیی حکومەت و بنیاتنەناوەی لەسەر بنەمای دروست و بە تەواویی بێتوانایی لەرووی پارەدارکردنی حکومەت لە کاتە سەختەکاندا.

٥. تەواونەکردنی بنیادی ژینگەی دروستی وەبەرهێنان لە رووی دامەزراوەیی و یاساییەوە، هەروەها لاوازیی لە ئەدای دروست و دڵسۆزی نیشتمانپەروەریی کەرتی بەرهەمهێنی تایبەت و بیانیی.

٦. پەیدابوونی کەرتێکی مشەخۆر کە لە حزب و عەشاییرەوە خۆی پێدەگەیەنێت و بەپێی بنەماکانی رکابەریی راستەقینە کارناکات و نزیکیی خۆی لە حکومەت دەقۆزێتەوە بۆ دەستگرتن بەسەر دەرفەتەکانی وەبەرهێنان چ رەوا بێت یان بە نارەوایی، ئەمە سەرباری ئەوەی کە کەرتی راستەقینەی تایبەت دەقۆزێتەوە و بەئاشکرا چالاکییە ئابوورییەکانی قۆرخ دەکات.

٧. بوونی توانای بەرزی کڕین لای چینی مشەخۆر کە لەنێو جەرگەی ئابووریی هەرێمدا پێگەیشتووە و مەیلێکی زۆر گەورەی بەکاربەریی بەرواڵەت و خۆشگوزەرانی هەیە، بۆتە هۆی شێواندنی بەکاربردنی عەقڵانی لەنێو ئابووریدا، هاوکات لەبەر نەبوونی سیاسەتێکی گونجاوی بازرگانی دراوێکی قورسی وڵات بۆ دەرەوەی ئابووریی نیشتمانی دزەی کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو داخوازییەی سەر کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی دیکەی تەواوکاریی.

لەلایەکی دیکەوە بڵاوبوونەوەی رەفتاری زیانبەخشی بەکاربردن کە دواتر رەفتارێکی دیکەی پاشەکەوت کردنی بەدوادا هات، کە خواستەکان ناهێنێتەدی و لەسایەی کەرتی زۆر لاوازی بانکیدا خەڵکەکەو کۆمپانیاکان روویان کردە شاردنەوەو بردنەدەرەوەی پاشەکەوتەکانیان بۆ ئابوورییەکانی دەوروبەر و دواتر هەرێم وەك مانگایەکی شیردەری لێهات سوودەکەی تەنیا بۆ دەرەوە بوو لەجیاتی مانەوە لە ناوخۆ و بەشداریکردنی جیددی لە چارەسەرکردنی قەیرانی پارە.

ئاڵۆزبوونی قەیرانەکە بیرۆکەیەکی دیکەی هێنایە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە هەموو لایەك بە گەل و حزب و حکومەتەوە لەناو هەمان کەشتیدان، کە ئەمەش دەخوازێ ئەو مەرجە پێویستیانەی خوارەوەی بۆ دابین بکرێت و یەکسەر بێ رارایی پەسند بکرێن کە بریتین لە:

١. رێکخستنەوەی ماڵی کوردی لە ناوەوەو دەستبەرداربوون لە هەندێ شت کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پێویستییەکی نیشتمانی و نەتەوەییە لە هەموو کات و ساتێکدا.

٢. کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و بیروبۆچوون لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ناوخۆو عێراقی و ئیقلیمی بەمەبەستی دۆزینەوەی سەرکەوتووترین رێگەچارە بۆ سووککردنی قەیرانەکە و بنبڕکردنی، چونکە قەیرانێکی تایبەتە نەك جیهانی و تەنیاش تایبەتمەندە بە هەرێم و دەوڵەتانی تاکە سەرچاوەی داهات، کە دەکرێ دواتر کەسانی دیکە یارمەتیان پێشکەش بکەن.

٣. گرتنەبەری راشکاویی و شەفافییەت لەنێوان حکومەت و گەلدا، تاکو هەموو ئەو کەلێنانە پڕبکرێنەوە کە رەنگە لە میانی ئەو کەلێنانەوە دوژمنانی ئەم ئەزموونە دزەی لێوەبکەن.

٤. دانانی بەوەی گرتنەبەری رێگا یان یاسا یان سیاسەت پیرۆز نییە و هەموو شتێك قابیلی گفتوگۆو گۆڕانکاری و پەرەپێدانە و لە ئەنجامدا دەشێت کرانەوە بەرووی هەمواندا بە نەرم و نیانیی ئەنجام بدرێت.

پێش ئەوەی باس لەو چارەسەرە جیاوازە بکرێت بۆ ئەو قەیرانە، پێویستە بگوترێت کە لەسەر حکومەتە چاوبخشێنێتەوە بە هەموو بڕیارەکانی و بەشێوەیەکی بەردەوام، هاوکات بەپێی هەلومەرج چونکە هەندێکیان دوور لە زانستی و لۆژیکی ئابوورییەوە دەرچوونە، بە تایبەتی لە بواری بڕینی زۆر لە مووچەو کرێ، لەبەرئەوەی ناچێتە عەقڵەوە کە مووچەو کرێ بەم شێوەیە دەستکاری بکرێت و ئابووریی هەرێمیش بە قەیرانێکی وەستاوی قووڵدا تێدەپەڕێت کە رێژەی بێکاریی لە ٣٠٪ زیاترە و کەموکوڕیی هەیە لە بەجێهێنانی داخوازیی گشتی و تایبەت و حکومی و بەکاربەریی و بەرهەمدا، حکومەتیش دێت ئەم زامە قووڵتردەکات، ئەویش بە دەرهێنانی نیوەی هێزی

**ناکۆکیی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا کاریگەریی نەرێنی کردە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان لەو سێ ساڵەی دواییدا، دواتر سەرەتاکانی قەیرانی دارایی لە کوردستان سەریان هەڵدا**

**بودجەی هەرێم بۆ ماوەیەکی درێژ بارگرانیی مووچە و کرێی کەسانێکی لەسەر بووە کە لە راستیدا بوونیان نییە، لایەنە فەرمییەکانیش ژمارەیان بە ٢٠٠ هەزار کەس لە پلەو پۆستی جیاجیا مەزەندە دەکات**

**لەسەر حکومەتە چاوبخشێنێتەوە بە هەموو بڕیارەکانی و بە شێوەیەکی بەردەوام، هاوکات بەپێی هەلومەرج چونکە هەندێکیان دوور لە زانستی و لۆژیکی ئابوورییەوە دەرچوون، بەتایبەتی لە بواری بڕینی زۆر لە مووچە و کرێ**

**دەستنیشانکردنی فەرمانبەرانی بندیوار بە ژمارە و ناو و یەکسەر لابردنیان، چونکە ئەوانە بارگرانین بۆ سەر بودجە، بەڵام بە ڕای من مادامەکی حکومەت ژمارەیان دەزانێ کەواتە ناویشیان دەزانێ، بەتایبەتیش لە هەردوو کەرتی ئاسایش و سەربازی**

**دانانی سیاسەتێکی ڕێکوپێکی دامەزراندن لە هەرێم بە ئاراستەی گرێدانەوەی کرێ و مووچە بە بەرهەم و بەرهەمهێنان و ڕزگاربوون لە بێکاریی داپۆشکراو لە هەندێ فەرمانگەدا لەمیانی دابەشکردنەوەیان**

**جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارانە چ لەئێستادا یان بە قۆناغ، هەرگیز بەس نییە بەبێ تەواوکردنی بنیادنانی دامەزراوەکانی نەخت و دارایی، وەک بانکی ناوەندی و بازاڕی دارایی، کە لەم بارودۆخەدا لە توانایاندایە کێشەی دارایی و نەختینە چارەسەر بکەن**

داخوازیی گشتی لە بازاڕ بە پاساوی دەستەبەرکردنی پارەی پێویست.

بیرکردنەوە لە چارەسەرەکان لەو هۆکارانەدا دەردەکەون کە پێشتر باسمان کردوون، بەڵام لەچوارچێوەی دوو گریمانەی سەرەکی کە هەردووکیان وەك دوو مەرجی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو چارەسەریانە:

١. نەبوونی داهاتی نەوت بە تەواویی.

٢. هەموو لایەك لافی دەستپاکی و نەبوونی گەندەڵیی لێدەدات.

خستنەڕووی ئەو دوو گریمانەیەی سەرەوە یەکەم شت لەپێناو دابینکردنی بەشداریی هەمووانە لە لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی مێژوویی‌یان، هەروەها ئامانجی هەمووان و بەتایبەتیش حزب و دەستڕۆیشتووان لە تاك و کۆمپانیاکان خزمەتکردنی نیشتمان و گەلەکەیانە، تەنانەت هەڵوێستێکی مێژوویی بۆ حزبەکان لەبەردەم گەلەکانیان تۆماردەکات لەجیاتی نەفرەت، ئەگەرهاتوو کارەکان بە چەند شێوەیەك بوون کە ئەنجامی باشیان نابێت، بۆیە لەو هەموو سۆنگەوە بەم چارەسەرانەی خوارەوە پێشنیاردەکەم، کە هەندێکیان لەئێستادا جێبەجێ دەکرێن، ئەوانی دیکەش لە مەوداناوەند و دوورمەودا، بەڵام هەموو ئەو چارەسەرانە مەرجی پێویستیان دەوێت.

**● چارەسەرەکان لەمانەی خوارەوەدان:**

١. لەبەرئەوەی کێشەکە لە بنەڕەتدا لە نەبوونی پارەدایە، بۆیە لەسەر حزبەکان پێویستە ئەو پارانەی لە دەرەوەی هەرێم دایانناوە یەکسەر بیکێشنەوە و بە حکومەتی بسپێرن وەك قەرزێکی ناوخۆ و بە سوودێکی چەسپاوی دیاریکراو کە پارێزگاریی لە دابەزینی بەهای کڕین بکات و ئەو قەرزەش درێژخایەن بێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی لە هەرێم دەربارەی ماوەکەی و مەرجەکانی و چۆنێتیی گەڕاندنەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆی سادەیە، یەکەمیان دووپاتکردنەوەی نیشتمانپەروەریی ئەو حزبانەیە، دووەمیان هەر ئەو حزبانە بوون کە لە ماوەی ڕابردوودا سوودمەندی یەکەم بوونە.

٢. لەسەر حکومەت و حزبەکان پێویستە هەریەکە لەلای خۆیانەوە پەیوەندیی شەخسیی بە هەموو ئەو سوودمەندانەی ماوەی ڕابردووەوە بکەن تاکو قایلیان بکەن بەوەی قەرز بدەنە حکومەت و بەهەمان مەرج کە لەگەڵ حزبەکاندا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە.

٣. چەمکی بەردەمبوونیی دارایی بخرێتە نێو پرۆسەی دارایی و دراوی و ئابوورییەوە بەوەی کە لەئێستادا کاردانەوەی ئەرێنی هەیە بۆ سەر توانای دارایی حکومەت و لە ئایندەش هەر بەم شێوەیە، هەروەها ئابووریناسانیش یەکەم کەسن لەم بوارەدا پرسیان پێدەکرێت.

٤. دەستکردن بە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ دامەزراندنی سەندووقی نەوەکان بۆ ئەوەی هەموو داهاتەکانی نەوتی تێدا دابنرێت و لە پارەدارکردنی خەرجیی حکومەتدا پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو بەشێك لە داهاتی سندووقەکە ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت و ئەوەی دیکەشی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە، چونکە سامانی سروشتی تەنیا موڵکی نەوەی ئێستا نییە.

٥. بە تەواویی چاوخشاندنەوە بە سیاسەتی دارایی و بەتایبەت پەیوەست بە داهاتەکان لەڕووی هەمەجۆرکردن و درێژەپێدانی لە پارەدارکردنی خەرجیی حکومەت و چاوخشاندنەوە لە ڕەگوڕیشەوە بە بەندەکانی خەرجی و یەکسەر ڕزگاربوون لە هەر بەندێك کە خزمەت بە پرۆسەی بەرهەمهێنان ناکات.

٦. هاندانی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی بێنە نێو کەرتە ڕاستەقینەکانی بەرهەمهێنانەوە لەمیانی دابینکردنی کەڤەرێکی گومرگانەی پێویست لە ڕکابەریی کاڵا بیانییەکان، ئەویش بەدەستکردن بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گومرگانە و بەتایبەتیش لە بوارە سوودمەندەکانی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازیی خۆراك و تووتن.

٧. زیندووکردنەوەی کردارەکیی و دروستی کەرتی بانکیی حکومی تاکو ڕۆڵی تەواو لە پرۆسەی ئابووریدا بگێڕێت، چونکە ئەو ڕۆڵە کاریگەریی هەیە لە دابینکردنی کەڤەرێکی دارایی و نەختینە بۆ هەموو چالاکییە ئابوورییەکان چ لە حکومی یان لە کەرتی تایبەت بێت، چونکە هەرێم بە یەکێك لە شوێنە جیهانییەکان دادەنرێت لە ڕووی لاوازیی کەرتی بانکییەوە.

٨. دەستنیشان کردنی فەرمانبەرانی بندیوار بە ژمارە و ناو و یەکسەر لابردنیان، چونکە ئەوانە بارگرانین بۆ سەر بودجە، بەڵام بە ڕای من مادامەکی حکومەت ژمارەیان دەزانێ کەواتە ناویشیان دەزانێ، بەتایبەتیش لە هەردوو کەرتی ئاسایش و سەربازی، لەمەشدا پشت ببەستێت بە تۆمارو بەڵگەنامەی ئەلکترۆنی لە هەژمارکردنی ژمارەی فەرمانبەراندا.

٩. کەمکردنەوەی پێکهاتەی حکومی بە ئاراستەی هێشتنەوەی ئیدارە کاراکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی گرنگ نین و بەرهەمیان نییە، لەگەڵ تێکەڵکردنی هەندێکیان، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی



خەرجیی بەکارهێنان و فرۆشتنی هەموو زیادەیەکی موڵك و ماشێن و داهاتەکەشیان بخرێتە گەنجینەی حکومەتەوە.

١٠. دانانی سیاسەتێکی ڕێکوپێکی دامەزراندن لە هەرێم بە ئاراستەی گرێدانەوەی کرێ و مووچە بە بەرهەم و بەرهەمهێنان و ڕزگاربوون لە بێکاریی داپۆشکراو لە هەندێ فەرمانگەدا لەمیانی دابەشکردنەوەیان.

١١. لەم هەلومەرجەدا پێویستە بەجیددی بیر لە بەتایبەتکردنی پرۆژەکانی بەرهەمهێنان بکرێتەوە کە بەشێوەی ئێستا بارگرانین بۆ سەر گەنجینەی حکومەت.

١٢. کردنەوەی دەرگای فراوان لەبەردەم فرۆشتنی موڵکەکانی حکومەت وەکو زەوی و خانووبەرە بە خەڵك و کۆمپانیاکان لە هەردوو کەرتی خێزانی و تایبەت و داهاتەکەشی بخرێتە گەنجینەوە.

جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارانە چ لەئێستادا یان بە قۆناغ، هەرگیز بەس نییە بەبێ تەواوکردنی بنیادنانی دامەزراوەکانی نەخت و دارایی، وەك بانکی ناوەندی و بازاڕی دارایی، کە لەم بارودۆخەدا لە توانایاندایە کێشەی دارایی و نەختینە چارەسەربکەن، یان هەر نەبێ ئاسەوارەکانیان لەسەر سووك بکەن لە حاڵەتێکدا کە ببنە قەیرانێکی ئابووری، هەروەك ئێستا ئێمەی تێدا دەژین، بۆیە بەردەوامبوون لە تەواوکردنی پرۆسەی دروستکردنیان یان کاراکردنیان سەرکەوتووترین چارەسەری پێشنیارکراوە لەلایەن ئێمەوە، کە ئەویش ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسیی تەواوە یان ڕاگەیاندنی شێوازی کۆنفیدراڵی لە حوکمڕانیدا، چونکە دەستی حکومەت واڵا دەکەن بۆ تەواوکردنی بیاتنانی ئەو دامەزراوانە، هەروەها دەتوانێت دەسەڵاتی تەواوی هەبێت لە ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ جیهاندا لە کێشە جیاجیاکانی دارایی و نەختدا، هاوکات هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت بەپێی پێوانە دروستە نێودەوڵەتییەکان و لە پێگەی سەروەریبوون و باڵادەستیی بە شێوەیەکی تەواو ڕێکوپێك بەسەر هەموو سەرچاوەکانی داهاتدا.



# کەیسی بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لەلایەن داعش



م.ی. تالب عەبدولعەزیز محەمەد
بۆ گوڵانی نووسیوە

جینۆساید تاوانێکە ڕەهەندی سیاسی و یاسایی هەیە؛ بە شێوەیەکی گشتی تاوانی جینۆساید دەرئەنجامی نەبوونی ڕۆشنبیریی پێکەوەژیانە لە کۆمەڵگە فرەییەکان، یاخود بەکارهێنانی جیاوازییەکانە لە ناسنامە بۆ مەرامی سیاسی. جینۆساید لە ڕووی یاساییەوە ڕەفتارێکی تاوانکاری نێودەوڵەتییە دژ بە گەلێ، یاخود پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو کە بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو ئەنجام دەدرێ.

تاوانی جینۆساید مێژوویێکی کۆنی هەیە لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهاندا، گەلی کورد بێبەش نەبووە لە قوربانیی ئەم تاوانە، بەتایبەت کوردستانی باشوور؛ هەر لە تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانیتر تا زیندەبەچاڵکردنی بەکۆمەڵ. ئێزیدییەکانیش بەشی خۆیان لەم تاوانە بەرکەوتووە لە مێژوودا، جینۆسایدی ئەمجارەشیان لەلایەن داعشەوە لە ٢٠١٤/٨/٣ زنجیرەیەکیتری ئەو فەرمانانەیە بۆ قڕکردنیان بە درێژایی مێژوو، کە لە یەك کاتدا پێشێلکاری مافی ئایینیان کراوە کە ئێزیدین و دوژمنایەتی نەتەوایەتییان کراووە کە کوردن!

جینۆساید بە زۆری و کەمیی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ، بەڵکو هەر هەوڵێك بۆ تاوان ئەنجامدان بەرامبەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بە هۆکاری ناسنامەی کۆمەڵایەتییان، یاخود ئینتمای تایبەتیان، یان لە ناوبردنی




ئاشتی و ئاسایشیان بە جینۆساید هەژماردەکرێ. لەم ڕوانگەیەوە بەپێی ڕەشنووسی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ڕێکەوتی (١٩٤٧/٧) پێشکەشکراوە، تیایدا هاتووە: کۆمەڵکوژی تاوانە و بە سێ شێوە ئەنجامدەدرێ (فیزیکی، بایۆلۆژی، کەلتووری)؛ مەبەست لەمە وێرانکردن و سڕینەوەی بەئەنقەستی لایەنی کەلتووری هەر گەلێك دەبێت بە هەمان سەنگی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ بەرامبەر بە وێرانکردنی لایەنی فیزیکی و بایۆلۆژی ئەم گەلە. هەر هەوڵێك بە شێوەیەکی سیستماتیکی بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی زمان، مێژوو، ئایین، کەلتوور وشارستانیەتی گەلێك بە تاوانی جینۆساید هەژمار دەکرێ. نییەتی تاوانبار گرنگە، ئایا نییەتیەتی جینۆساید ئەنجامبدات؟ زۆر کۆمەڵکوژی ئەنجامدراوە لە مێژوودا کە بە جینۆساید هەژمار ناکرێت، وەك بەشێ لەو کۆمەڵکوژییانەی کە ستالین ئەنجامی دەدا.

**● تاوانی جینۆساید لە ڕوانگەی یاسا:**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەروا بە سانایی نەگەیشتۆتە بڕیار و کۆدەنگی لە سەر دیاریکردنی چوار جۆرە سەرەکییەکەی تاوانی نێودەوڵەتی (تاوانی کۆکوژی و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی دوژمنکارانە)، بەڵکو بە چەندەها قۆناغدا تێپەڕیوە، هەرلە پەیماننامەی ڤێرسای سەبارەت بە دادگاییکردن و سزادانی تاوانبارانی جەنگی وڵاتانی ئەورووپا، هەروەها پەیماننامەی لەندەن ساڵی ١٩٤٥ و پەیماننامەی جنیڤی ساڵی ١٩٤٩ و سیستمی بنەڕەتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩٨ و زۆر لە پەیماننامە و بەڵگەنامەی دیکەی نێودەوڵەتی.
هەر لە مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەی (قەدەغەکردنی لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆڤ) ساڵی ١٩٤٨ بە شێوەیەکی دیاریکراو باس لەم حاڵەتانە دەکات کە تاوانی کۆمەڵکوژییە (الإبادە)، کە بریتین لە:
١- ڕاگواستنی ئەندامانی کۆمەڵێك، یاخود گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.
٢- دەستدرێژی ناڕەوا دەرهەق بە تاکەکانی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە لە ڕووی جەستەیی، یاخود هەست و بیروڕایان.
٣- ملکەچ پێکردنی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە بۆ بارودۆخێکی بژێوی ناهەموار کە ببێتە هۆی لەناوبردنی گشتیان، یاخود بەشێکیان.
٤- بەکارهێنانی ئامرازی تایبەت بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەم زاوزێ و زۆربوونی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە.
٥- ڕاگواستنی منداڵان لە کۆمەڵ، یاخود گروپێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ یەکێکیتر .
لە مادەی حەوتی سیستمی بنەڕەتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی ئەم کردەوە تاوانکارییانەی دیاریکردووە کە دەچێتە چوارچێوەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و ئەم کردەوانەش بریتین لە: کوشتنی بەئەنقەست و کۆکوژی و بەکۆیلەکردن و دوورخستنەوەی دانیشتووان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان و ڕاگواستنیان بە زۆرەملێ و بەندکردنیان و بێبەشکردنیان لە پێداویستییەکانی ژیان و دەستدرێژی سێکسی کردنەسەریان.. بە هۆی ئینتمای تایبەتی ئەندامانی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە بۆ نەژاد و نەتەوە و ئایین و مەزهەب و ڕۆشنبیری و...تاد. سەبارەت بە تاوانی جەنگ ؛ لە مادە هەشتی سیستمی بنەڕەتی دادگای تاوانەکان هاتووە: «ئەو کردەوانە تاوانکارین دەرهەق بەو کەسانە کە بەشداری ڕاستەوخۆیان لە جەنگدا نییە... تاد».
بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی کردەوەیەك بە تاوانی نێودەوڵەتی ناو ببەین پێویستە دوو ڕوکنی تیا بێ:
١- ڕوکنی مادی: ئەم ڕەفتارە مادییە فیزیکی میکانیزمییە دەرەکییەیە کە بە یاسا قەدەغەکراوە، روکنی مادی سێ ڕەگەزی سەرەکی تیا بەرجەستە دەکرێ، ئەوانیش کردەوەکە و ئاسەوارە بەزیانەکانی و ئەم پێوەندییە سەبەبییەی کە کردەوەکە و دەرئەنجامەکەی بە یەکەوە گرێداوە.

**داعش بزووتنەوەیەکی سەلەفییە و کاتێ ئەدەبیاتی داعش دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەی بزووتنەوەکە لە دەرەوەی کات و شوێنی خۆیەتی، واتە ڕووداوە مێژووییەکان لە دەرەوەی چوارچیوە مێژوویی و ژینگە تایبەتە گونجاوەکەی کاتی خۆی دەگوازێتەوە**

٢- ڕوكنـی مەعنـەوی: واتـە هەبوونی ئیرادە بۆ هەڵسـان بـەو كارە تاوانكارییـە كـە تاوانەكـە كارێكـی بەئەنقەسـت بـێ. سـەبارەت بە جینۆسـاید ڕوكنـی مانەویەكەی ئەوەیە كـە تاوانبـار ئامانجـی لەناوبردنـی گەلێك، یـان تایفـە و نەتەوەیەكی هەبێت.

كاتێـك كـە تاوانبـاری جینۆسـایدیش یـەكلا بوویـەوە، زۆر ئیلتزامـی یاسـایی دەكەوێتـە سـەر، ئەویش سـزادانیەتی، هەروەهـا ؛ ناچاركردنـی بە وازهێنانی لەو تاوانە و دووبارە نەكردنـەوەی، چارەسـەركردنی زیانەكانـی تاوانەكـە و نەهێشـتنی ئاسـەوارەكانی. ناچاركردنـی تاوانبـار (الجبر) بە ؛ گێڕانەوەی بارودۆخەكە بۆ دۆخی پێشـوو، واتە پێش ڕوودانی تاوانەكە (الرد)، قەرەبووكردنەوەی زیان لێكەوتووان (التعویض)، ڕازیكردنی تاوانلێكراو (الترضیة) و...تاد.

● **ئێزیدییەكان كێن؟**

ئێزیدییـەكان ئایینێكـی تایبەتـی و داخراویـان هەیـە. ژن و ژنخـوازی لەگـەڵ غەیـرە ئێزیـدی قەدەغەیـە. بەپێـی بۆچوونـی هەنـدێ لە مێژووناسـان پەیدابوونـی ئێزیدییەت بـۆ ڕووخانـی دەوڵەتـی ئەمـەوی دەگەڕێتەوە لە سـەدەی هەشـتەمی میـلادی و یـەك لـە كوڕەزاكانـی خەلیفـەی ئەمـەوی دووەم (یەزیـد-ی كـوڕی مەعاویـە كـوڕی سـفیان) هاتۆتـە ناوچەكانـی شـنگال و ئـەم ئایینـەی دامەزرانـدووە. هەندیكیتـر پێیانوایـە ئەمە یـەك لە دیانەتە كۆنەكانـی نەتـەوەی كـوردە و مێژوویەكـی زۆر كۆنتـری هەیـە. هەندێكیتـر پێیانوایـە وشـەی (ئێزیدی) لە وشـەی فارسـی «یـەزدان» وەرگیـراوە و بۆچونـی دیكـەش لـەم بارەیەوە هەیە. ئێزیدییەكان پێیانوایە كە خوداوەندیان (الله) یـە، بـەڵام پێیانوایـە كە پاشـای سـەر زەوی پاشـا تاووس (الملـك طاووس)-ـە كە فەرمانڕەوایی سـەر زەوی دەكات بە پاڵپشتی حەوت فریشتەی ملكەچ بۆ خواوەندی مەزن. ڕێوشوێن و پەیڕەوی ئایینی تایبەتیان هەیە. لەبەر كەمیی زانیاری هەندێك كەس پێیانوایە كە ئەوان شەیتان پەرستن، بـەڵام ئێزیدییـەكان پێیانوایە كە شـەیتان یەكتاپەرست بووە بۆیـە كڕنۆشـی بـۆ ئـادەم نەبـردووە، پێیانوایـە خواوەنـد بە بەزەییـە، بـەڵام شـەیتان نابێت بە نەفرەت بكرێت، شـەیتان مەترسـیدارە. هەرسـێ پێكهاتەی ئاو و خۆڵ و هەوا ژیان پێكدەهێنن و لای ئێزیدییەكان دروشمی پیرۆزن.

لـە ڕووی نەتەوایەتییـەوە ئـەوان كـوردن و بە شـێوەزاری كرمانجـی دەئاخڤـن، بەپێـی ئاماری كۆمیسـیۆنی باڵای كاروباری ئاوارەكانی سـەربە نەتەوە یەكگرتووەكان ژمارەی ئێزیدییەكانـی لـە جیهـان بـە (٨٠٠) هـەزار كـەس دیاری كـردووە، بـەڵام بەپێـی ئامـارە نافەرمییەكان لـەم ژمارەیە زۆر زیاتـرن، ئـەوان لـە چەندین وڵاتـی وەك عێـراق، ئێران، توركیـا، سـووریا، جورجیا، ئەرمینیـا و ئازەربایجان دەژین. هەموویان مەزارێكی پیرۆزیان هەیە -مەزاری شێخ عەدی كوڕی مسـافر لە پەرسـتگاكەیان لە (لالش) لە شنگال لە باشـووری كودسـتانە. پەرتووكی پیرۆزیان (كتابی ڕەشـە) ـە كـە شـێخ عـەدی داینـاوە، ژمارەیان لـە عێـراق بەپێی ئامارە نافەرمییەكان دەگاتە (٣٥٠) هەزار كەس، نزیكەی (٨٥٪)ی ژمارەی دانیشتووانی قەزای شنگال پێكدەهێنن.

**داعشەكان (٥٠٠) كەسیان لە ئێزیدییەكانی شنگال و دەوروبەری لەسێدارە داوە و (١٥٠٠) كچ و ژنی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەكیان ڕفاندووە، پێش گەیشتنی داعشەكانیش بە شنگال زیاتر لە (٢٠٠) هەزار كەس ئاوارە بوون**

**لەگەڵ ئەوەی پێكەوەژیانی ئایینەكان لەم ناوچانە هەبووە، بەڵام ڕژێمە یەك لە دوا یەكەكان لە عێراق و سووریا سایكۆلۆژیای ترس وتوندوتیژییان بڵاوكردۆتەوە لەم ناوچانە بۆیە جۆرێ لە خواستی توندوتیژی تەشەنەی كردووە**

● **داعش لە سەدەی بیست و یەكدا!**

دەسـتەواژەی (داعـش) كورتكـراوەی (دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شام)ـە، لە بنەڕەتدا ڕێكخسـتنێكی سـەلەفی وەهابییە و لە ڕواڵەت ئامانجیان جێبەجێكردنی شەریعەتی ئیسـلام و نوێكردنەوەی خەلافەتی ئیسـلامییە لە ڕێگای توندوتیژی و لە ژێر ناونیشانی (الجهاد). كە وای نیشان دەدەن گوایـە دەسـتیان گرتـووە بـە پەیڕەوكردنی مەزهەبی (الحنبلـی الوهابـی) ڕەفتارەكانیـان لە هەمـوو بوارەكانی ژیان شەڕ و ئاشتی ڕەنگدانەوەی ئەم بیروباوەڕەیان هەیە.

ڕەگ و ڕیشـەی ئەم ڕێكخسـتنە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە تشرینی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٦؛ دوای ئەوەی (ابو مصعب الزرقـاوی) كـە بـە ڕەچەڵـەك ئوردنـی بـوو بـە خەلیفەی ڕێكخسـتنی قاعیـدە لـە عێراق، شـانەكانی قاعیدەی لە عێـراق دانـا لـە سـاڵی ٢٠٠٤ بـە نـاوی (تنظیـم القاعـدة فـي بـلاد الرافدیـن) كـە لـە سـاڵی ٢٠٠٦ هاوپەیمانان لە بۆردوومانێكـی فڕۆكەكانیـان كوشـتیان. لـە تشـرینی یەكەمـی ٢٠٠٦ لـە كۆبوونەوەیەكـی كۆمەڵـێ لە گروپی چەكـدار لـە عێـراق لـە پەیماننامـەی (معاهـدة حلف المطیبین) بڕیاریان لەسـەر پێكهێنانی ڕێكخسـتنی (دولة العـراق الإسـلامي) دا، گروپـە چەكـدارەكان بریتـی بـوون لـە: «مجلـس شـوری المجاهدین في العـراق» و «جیش الفاتحیـن» و «جنـد الصحابة» و «كتائب أنصار التوحید و السـنة» . هاوپەیمانـی ( حلـف المطیبیـن ) پێكهـات، وەك كاردانەوەیەكـی (تنظیـم القاعدة فی بـلاد الرافدین ) لـە دانانـی « أبـی أیـوب المصری «ناوی ڕاسـتەقینەی «عبدالمنعم عزالدین»(١٩٦٨-٢٠١٠) كە بە « أبو حمزه المهاجـر» ناسـرابوو، وەك خەلیفـەی قاعیـدە لـە عێراق لە جێگای « ابو مصعب الزرقاوی «، ناڕەزاییەكە زیاتر لەوە بوو كە ابوحمزە بە ڕەچەڵەك عێراقی نەبوو.

هاوپەیمانییەكـەی (حلـف المطیبیـن) بڕیاریـان دا بـە دانانـی «ابوعمر البغدادی» ناوی ڕاسـتەقینەی «حامد داود محمـد خلیـل الزاوی»یـە و بـە ڕەچەڵـەك عێراقییە، وەك یەكـەم ئەمیـری ڕێكخسـتنەكەی (دولـة العراق الإسـلامي) دانـرا، دوای كوژرانـی «ابوعمـر البغـدادی» لـە ٢٠١٠/٤/١٩ «ابوبكـر البغـدادی» كـە ناوی ڕاسـتە قینـەی «ابراهیـم بـن عـواد البدری»یـە و بـە ڕەچەڵەك عێراقییـە جێـگای ناوبـراوی گرتەوە. ئەبوبەكـر بەغدادی لـە عێراق دوای كۆنترۆڵكردنی مەیدانی شـاری موسـڵ و چەنـد ناوچەیەكیتـر خەلافەتەتی ئیسـلامی ڕاگەیاند و

داوای گفتپێدان (مبایعە)ی هەموو موسڵمانانی جیهانی کرد. دوای دەستڕۆیی ڕێکخستنەکەیان لە سووریا (وڵاتی شام) بە تایبەتی هەماهەنگیان لەگەڵ «بەرەی نوسرە» و کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی ناوی (دەوڵەت)ـە کەیان نا (الدوله الإسلامیه فی العراق والشام) کە کورتکراوەکەی (داعش)ـە.

داعش بزووتنەوەیەکی سەلەفییە و کاتێ ئەدەبیاتی داعش دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەی بزووتنەوەکە لە دەرەوەی کات و شوێنی خۆیەتی، واتە ڕووداوە مێژووییەکان لە دەرەوەی چوارچێوە مێژوویی و ژینگە تایبەتە گونجاوەکەی کاتی خۆی دەگوازێتەوە و لەم سەدەی بیست و یەکەدا هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، وەکار بە دەقەکان دەکات، بە بێ گوێدانە جیاوازی لە بارودۆخ و ژینگەی ئەم سەردەمە. واتە دووبارە ڕابردوو بەرهەم دێنێتەوە لەم سەردەمەدا، بەڵام بە چ ئامرازێك؟!

لە ڕاستیدا ئەوان کیانەکەی خۆیان بە دەوڵەت ناوزەد دەکەن، کەچی ئەوان هیچ تەفسیرێکیان نییە بۆ دەوڵەت و دەستوور و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان و سیستمی حوکمڕانیی سەردەمییانە و سیستمی ئابووری ئەم سەردەمە و هەموو بابەتە سەردەمییەکانی تر. بەپێی سەرچاوەکانی زانیاری ئەوەی لە کتێبخانەی داعشە هەمووی کۆنە و هی کتێبخانەی سەلەفی و وەهابییە و باوەڕیان بە نوێخوازی نییە و ئەوەی نوێ بێ لە دەست داعشەکان چەکەکانیانە و ئامراز و ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن و گواستنەوەیانە.

بەڵام لە ڕوانگەیەکی ترەوە بەشی زۆری ئەم سنوورە جوگرافییەی داعشی تیا بەرهەم هاتووە، تا ڕادەیەك ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتووری لەبارە بۆ دروستبوونی ڕێکخراوێکی لەم جۆرە. چونکە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچانە موسڵمانن، لەگەڵ ئەوەی پێکەوەژیانی ئایینەکان لەم ناوچانە هەبووە، بەڵام ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکان لە عێراق و سووریا سایکۆلۆژیای ترس وتوندوتیژییان بڵاوکردۆتەوە لەم ناوچانە بۆیە جۆرێ لە خواستی توندوتیژی تەشەنەی کردووە. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی کادیرانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە لە عێراق و سەربازە پلەدارەکانی سوپا هەڵوەشاوەکەی شاری موسڵ بوون، بەشی زۆریان بێکار بوون و هەڵگری بیروباوەڕی توندڕەوین کە لە نێو داعش ڕۆڵی باڵایان هەیە. جگە لەمە ئەم ناوچە سوننە مەزهەبانەی ژێردەستی داعش تا ڕادەیەك ئەو هەستەیان لا گەڵاڵە بووە کە لە لایەن حکومەتی عێراقی زۆرینە شیعەوە لە دوای ٢٠٠٣وە فەرامۆشکراون، ئەمە جگە لە ململانێی وڵاتە هەرێمییەکان و پرسی ناسنامە کە لە دروست بوونی داعش ڕۆڵی هەبووە.

## • ئایا کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لەلایەن داعشەوە تاوانی جینۆسایدە؟

لە ڕوانگەی زانستی تاوانەوە دەبێت تاوانەکە هەردوو ڕوکنی مادی و مەعنەوی تیابێ . هەوڵدەدەین ڕوکنی مادی کەیسەکە بخەینە ڕوو بەرلە ڕوکنی مەعنەوی :

١- ڕوکنی مادی کەیسەکە:

داعش بەو چەکانەی لە شکانی سوپای عێراق لە موسڵ دەستی کەوت، هێرشی کردە سەر قەزای شنگال و لە ٣ی ئابی/٢٠١٤ داگیری کرد. لە ڕووی ئیدارییەوە هەر دوو ناحیەی «سنونێ و قەیرەوان « سەربە قەزای شنگالن کە زیاتر لە (٩٠) گوند لەخۆ دەگرن، ژمارەی دانیشتووانی بە (٣٢٠) هەزار کەس دەخەملێنرێت، (٨٥٪)ی دانیشتووانی ئێزیدین. بەپێی ئەم بەیانەی لەلایەن هەردوو ڕاوێژکاری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئاداما دیینغ) و (جنیڤر ولش) کە لە ١٢ی ئابی ٢٠١٤ بڵاویان کردەوە، «داعشەکان (٥٠٠) کەسیان لە ئێزیدییەکانی شنگال و دەوروبەری لەسێدارە داوە و (١٥٠٠) کچ و ژنی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەکیان ڕفاندووە، پێش گەیشتنی داعشەکانیش بە شنگال زیاتر لە (٢٠٠) هەزار کەس ئاوارە بوون. ئەوانەی کەوتنە ژێردەستی داعش لە کەمایەتییەکانی ئێزیدی و مەسیحی شاری موسڵ و دەوروبەری پێیان ڕاگەیاندن، یان ببن بە موسڵمانی سوننە مەزهەب، یان ناوچەکانیان بەجێبهێڵن. ئەم دوو ڕاوێژکارە تەئکیدیانکردەوە کە ئەم کارە تاوانکارییانەی داعش پێشێلکاریە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ و یاساکانی نێودەوڵەتی و گەیشتۆتە ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، مەترسی ئەوەشیان ڕاگەیاند کە گەیشتبێت بە تاوانی جینۆساید.

لەگەڵ ئەم هێرش و کاولکارییەی دووچاری شنگال بوو، زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس ڕوویان لە چیای شنگال کرد، ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کوردستانی ڕۆژئاوا بوون، بەشێکیان بوون بە پەنابەر لە تورکیا. لە ڕاپۆرتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەر بە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٤/٨/٢٤ هاتووە: «گوندی (کۆچۆ) کە (٣٨٠)خێزانی ئێزیدی تیا دەژیا، کە تەنیا (١٨)کم لە سەنتەری قەزای شنگال دوورە، چەکدارانی داعش کۆمەڵکوژییان تیادا ئەنجامداوە. داعش زیاتر لە (٨٠) پیاوی لەم گوندە کوشت و دەیان کچ و ژنی ئەم گوندەی برد بۆ تەلەعفەر. ڕێکخستنی داعش زۆر تاوانی ئەنجامدا بەرامبەر بە ئێزیدییەکان لەوانە کوشتن و لاقەکردن و بە کۆیلەکردنی سێکسی و بە زۆر سکپڕکردن و ئازاردانی جەستەیی کە مامەڵەی کۆیلایەتییان لەگەڵ دەکرا. بە پێی داتاکانی حکومەتی هەرێم داعش زیاتر لە (٤٠٠) کچ و ژنی

**زۆربەی تاوانەکانی داعش بە بەڵگە و دۆکیومێنتی وێنە و ڤیدیۆ و شایدحاڵ لەلایەن لیژنەکانی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی مافی ئافرەتان و هەروەها وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە سەلمێندراون. تەنانەت داعش خۆی وێنە و ڤیدیۆی تاوانەکانی بڵاو کردووەتەوە**

**بە پێی سەرچاوەکانی زانیاری ئەوەی لە کتێبخانەی داعشە هەمووی کۆنە و هی کتێبخانەی سەلەفی و وەهابییە و باوەڕیان بە نوێخوازی نییە و ئەوەی نوێ بێ لە دەست داعشەکان چەکەکانیانە و ئامراز و ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن و گواستنەوەیانە**



**بە پێی دوایین زانیارییەکان داعش لە هێرشەکەیدا (٥,٣٨٥) ئێزیدی بە دیل گرتووە، تاوەکو ئێستا (٢,٣٣٤)یان ئازاد کراون و نزیکەی (٣,٠٥١)یان لە دەست داعش ماون کە (١,١٤٤)یان منداڵن**

ئێزیدییان لە شنگال ڕفاندووە. ئەم تاوانانە قەدەغەکراوە بەپێی ڕێککەوتننامەی لاهای و جاڕی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨ و عەهدی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان و....تاد. تەنانەت ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ٢٠٠٨ و بە بڕیاری ژمارە ١٨٢٠ توندوتیژی سێکسی لە کاتی ململانێ چەکدارییەکان بە تاوانی جەنگ ناوزەد کردووە. زۆربەی تاوانەکانی داعش بە بەڵگە و دۆکیومێنتی وێنە و ڤیدیۆ و شایدحاڵ لەلایەن لیژنەکانی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی مافی ئافرەتان و هەروەها وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە سەلمێندراون. تەنانەت داعش خۆی وێنە و ڤیدیۆی تاوانەکانی بڵاو کردووەتەوە .

دوای ئازادکردنی شنگال لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە بە پشتیوانی ئاسمانی هاوپەیمانان لە ٢٠١٥/١١/١٣، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە کە باشترین دۆکیومێنت بۆ سەلماندنی تاوانی جینۆساید دەرهەق بە ئێزیدییەکان دەخاتەڕوو. بە پێی دوایین زانیارییەکان داعش لە هێرشەکەیدا (٥,٣٨٥) ئێزیدی بە دیل گرتووە، تاوەکو ئێستا (٢,٣٣٤)یان ئازاد کراون و نزیکەی (٣,٠٥١)یان لە دەست داعش ماون کە (١,١٤٤)یان منداڵن.

٢- ڕوکنی مەعنەوی کەیسەکە: کاتێ کە داعش ڕوکنی مادی لە تاوانەکە ئەنجامدا، ئایا ئامانجی بەدیاریکراوی لەناوبردنی ئێزیدییەکان وپێکهاتەکان بوو؟ ئایا نەخشەی بۆ ئەو تاوانە کێشابوو و بە دەستی ئەنقەست ئەم تاوانکارییەی کردووە؟ داعشەکان دوای داگیرکردنی موسڵ و رومادی و تکریت و چەند شار و ناوچەیەکی دیکە لە عێراق و چەند شوێنی سووریا هەوڵیاندا بە شێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو دیموگرافی ئەو ناوچانە بگۆڕن. داعش تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی دژبە هەموو پێکهاتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و تورکمان و فەیلییەکان و شەبەك و کاکەییەکان و شیعەکان ئەنجامداوە. دوای داگیرکردنی موسڵ و دەوروبەری مەسیحییەکان ئاگادارکرانەوە کە یان ببنە موسڵمان، یان باجی زەوی (جزیە ) بدەن، یان موسڵ بەجێبهێڵن. تەنانەت زۆربەی شوێنەوارە مێژووییە دێرینەکانی ئەم ناوچانەیان وێرانکرد، چەندەها کەنیسا و دێر و پەرستگای دێرین و گۆڕستانی ئەم ناوچانەیان خاپوور کرد و مۆزەخانە بەناوبانگەکەی شاری (موسڵ)یان دارماند. بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی ٧ی ئابی٢٠١٤بەیانێکی دەرکرد و تیایدا هاتووە: «ئەم هێرشانەی داعش پلان بۆداڕێژراو بووە بۆ سەر کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان و تاوانی دژبە مرۆڤایەتییە».



بە پێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤/ نۆڤێمبەر/٢٠١٤ کە «باول سیرجیو بنییرو» سەرپەرشتی کردووە: داعشەکان جزیە وەردەگرن لە غەیرە موسڵمانەکان و ناچاریان دەکەن بە گۆڕینی ئایین و مەزهەب و ناسنامەیان و ناوچەکانیان وێران دەکەن و بە شێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو کەمە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ناوچەکانی خۆیان دەردەکەن. لە ڕوانگەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە ئێزیدییەکان خەڵکانێکی کافرن و لە ناوچە موسڵمانەکان دەبێت یان دەستبەرداری ئایین و کەلتووری خۆیان بن و ببن بە موسڵمانی سوننە مەزهەب، یان ئەوەتا لە ناودەبرێن. ئەم ڕەفتار و تاوانە کۆمەڵکوژییانەی داعشییەکان ئەنجامیان داوە، جگە لەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی دوژمنکارانەیە، زۆربەی بنەماکانی تاوانی جینۆسایدیشی تیادا بەرجەستە بووە. بەڵام دوو ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم بەرزکردنەوەی ئەم دۆسیە هەیە بۆ دادگای تاوانەکان لە لاهای ئەوانیش یەکەمیان: هۆکاری سیاسییە. زۆر تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجامدراون لە مێژوودا بۆ نموونە : شای دووەمی بەلجیکا ( Liopold ) لە سالانی(١٨٨٥-١٩٠٨) لە پێکهینانی کۆلۆنیالی کۆنغۆ نیوەی دانیشتووانی کوشت. کۆمەڵکوژییەکەی (هۆلۆکۆست) لەناوبردنی (حەوت) ملیۆن یەهودی بە فەرمانی ئەدۆلف هیتلەر. کۆمەڵکوژی چەندەها ملیۆن لە هیندە سوورەکان لە کیشوەری ئەمریکای باکوور. کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەلایەن تورکەکان لە سالانی ١٩١٥و١٩١٦ کە کوژرانی نزیکەی ملیۆنێك و نیو ئەرمەنی لێکەوتەوە. کۆمەڵکوژی لە دارفۆر لە وڵاتی سودان کە ٦٠٠ هەزار کەس کوژران لە ساڵی ٢٠٠٣. چەندەها دۆسیەی تری کۆمەڵکوژی هەیە کە وڵاتانی ئوستراڵیا، نیجیریا، کەمبۆدیا و یۆغسلافیا و...تاد. ئەنجامدراون، ئەم تاوانە لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە بەردەوامە، واتە دۆسیەی جینۆساید دۆسیەیێکی ئاڵۆزە و زۆرجار پەردەپۆش کراوە. بەڵام لە سەردەمەدا وڵاتان بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن .

دووەمیان: هۆکاری یاساییە. عێراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای. هەربۆیە بەرزکردنەوەی دۆسیەی جینۆساید بۆ ئەم دادگایە زەحمەتە، بەڵام ڕێگای دیکەش هەیە. یەکەم: کاتێك ئەو تاوانبارەی کە بەرپرسیاریەتی گەورەی تاوانەکەی لە سەرە، ڕەگەزنامەی وڵاتێکی ئەندام لەو دادگایەی هەبێ. ڕێگای دووەم ئەو وڵاتەی تاوانەکەی تیا ئەنجام دراوە و ئەندام نییە لە دادگای لاهای، ئەوا دادگاکە ڕازی بێ بە حوکمی (اختصاص). سێیەم: ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێ داوا بەرز بکاتەوە لە ژێر فەسڵی (٧) لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان.

**دوای گرتنەوەی شنگال لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە بە پشتیوانی ئاسمانی هاوپەیمانان لە ٢٠١٥/١١/١٣، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە کە باشترین دۆکیومێنت بۆ سەلماندنی تاوانی جینۆساید دەرهەق بە ئێزیدییەکان دەخاتەڕوو**